فیتنەی نێوان هاوەڵان

الحمد لله رب العالمين، والصلاو والسلام على رسول الله الأمين، وآله، أما بعد:

بەڕێزان: ئەم نووسراوەیەی بەردەستان لە دەستپێکێکی دوو لاپـەڕەیی پێکهـاتووە لەسەر فیتنەی نێوان هاوەڵان، پاشان ڕێخۆشکارێکی شەش لاپـەڕەیی کـە پێکهـاتووە لە چۆنێتی خوێندنەوەی مێـژوو و هەڵسـەنگاندنی دروسـت بـۆ ڕیوایەتـە بێبنـەما و لاوازەکان کە هەندێکی لەوانەیە تانەی تێدا بێت لەهاوەڵان، پاشان ڕۆیشتووینەتە نێـو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە و ڕێبازی کوتبڕیمان تێدا پەیڕەوکردووە، بەم شێوازەی خوارەوە:

کورتەیەك لەبارەی پێشەوا عوسمـان و فەزڵەکانییـەوە خراوەتـەڕوو، پاشـان باسـی دەستپێکردنی فیتنەکان و هۆکارەکانیمان کردوە، جا لەبەرئەوەی هۆکارەکان پەیوەندی تووندی بە ناوەڕۆکی بابەکەمانەوە هەیە، بە وردی خراوەتەڕوو و بەدرێـژی باسـی ئـیبن سەبەئی کردووە، ئینجا لەبـەر ئـەوەی ڕەخنـەکانی بیـانووی ئاژاوەچـیەکان بـووە بـۆ پشێوی نانەوە و کوشتنی خەلفیە عوسمان، بـە درێـژی باسـی ئـەو ڕەخنانـە کـراوە و وەڵامدراونەتەوە، ئینجا باسی وەردەکاری کوشتنی عوسمـانی کـوڕی عـەففان کـراوە، وەڵامی ئـەو پرسـیارە گرنگـەش دراوەتـەوە: بـۆ چـۆن ئـەمیری ئیمانـداران عوسمـان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ لەناو شاری مەدینە و بەبەرچاوی یارانەوەوە دەکوژرێـت، بێئـەوەی کەسـیان بەرگری لێبکەن؟! دوای ئەوە باسی بەیعەتپێدان کراوە بـە ئـەمیری ئیمانـداران عـەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ، ئینجا گوزەرێکی خێرا کـراوە بـە هەنـدێك ڕووداوی چارەنووسسـازی ئـەو سەردەمەوە کە پەیوەندی توونـدوتۆڵی بـە بابەتەکەمانـەوە هەیـە، ئـەویش: جـەنگی جەمەل، جەنگی صیففین، پرسی تەحیکم، جەنگی نەهرەوان، ئینجـا باسـی کوشـتنی

عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ کراوە، پاشان ئەوە یەکلاکراوەتەوە کە هەق لەگەڵ کێ بووە لەو جیاوازییانەی نێوانیان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ، ئینجا باسی بەیعەتدان کراوە بە حەسەنی کوڕی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ و چۆنێتی صوڵحکردنی لەگەڵ موعاویەدا رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ. واتە لە ٣٤ ل یەکدا ئەو باسە گووشرواوە، کە مەبەستی سەرەکیی نووسراوەکەی بەردەستانە.

نووسراوەکەش بنەماکەی، بریتییە لەکتێبی دەمێك لەمێژووی ئیسلام، پاشان کۆمەڵێك شتی گرنگم بۆ زیادکرد بەسوود وەرگرتن لەکتێبی: «تحقیق مواقف الصحابة» کە یەکێکە لەباشترین کتێبەکانی ئەم بوارە، هەڵبەت لەگەڵ سوودبینین لە چەند سەرچاوەیەکی تر.

خوایە لەکەمورتیمان ببوورە.

داماوی لێبووردەیی خوا ﷿

علي خان

دەستپێك

هاوەڵان ئەو دەستەیە بوون کە چەندین ئایـەتی قورئـان و فـەرموودەی پەیامبـەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بە چاکە وەسفیان کردوون، کە خوا لێیان ڕازییە و ...، بۆیە دەبێت بە وریاییەوە قسەیان لەسەر بکرێت لەهەر بوارێکەوە بێت.

یـەکێك لـەو مەسـەلانەی کـە بوەتـە باسـی ڕەخنـەگرتنی ناحـەزانی ئیسـلام و ڕۆژهەڵاتناسان و بەشێك لەتاقمە لاڕێکانی نێو ئوممەتیش، بریتییە لـە ڕەخنـەگرتنیان لە فیتنـەی نێـوان هـاوەڵان، ئەمانـە لـە چـەند ڕوویەکـەوە هەوڵـدەدەن ئـەو بابەتـە زەقبکەنەوە، وەك دواجار دەیخەینە ڕوو.

ئامانجیشیان چەند شتێکە، لەوانە:

یەکەم: هەوڵی ڕەشکردنی ئەزموونی پێشینەی هاوەڵان تا بڵێن ئەوانەی ئەمـەیان کرد لە ڕابردووشدا بۆیان بگونجایە هەر وایان دەکرد، وە هەردەم نیازیان دەسـەڵاتخوازی بووە، لەمەشەوە بگەنە ئـەوەی: هـاوەڵان لەسـەردەمی پەیامبـەردا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دووڕوو بوون. ئەمەش پەیوەندی بە ڕێبازی لێکدانەوە هەیە بۆ مێژوو[1].

لێکدانەوەی ئیسلامییانە بۆ مێژوو بریتییە لەوەی مرۆڤ ئامانجێکی بـاڵای هەیـە لەم ژیانەدا کە بڕوابوونە بـە زیندووبوونـەوە، بـەڵام ئـەوان هەنـدێکیان: لێکدانـەوەی ماددی بۆ دەکەن و دەیبەستنەوە بە ئابوورییەوە و هەندێکیان لێکدانـەوەی شـەهوەتی و هەندێکیان دەروونی بۆ دەکەن و قوتابخانـەی ئیثنۆلـۆجی (Ethnology) دەڵێـت: هۆکاری ڕەگەزی و نەژادییە و ... هتد.

---

(١) انظر في ذلك: «تحقيق مواقف الصحابة» (ص ٧٥ وما بعدها).

کەواتە بۆ خوێندنەوەی مێژووی موسڵمانان پێویستە تەماشای دەقە شـەرعییەکان بکرێت بۆ خوێندنەوەی پاڵنەرەکانی پشت هەڵسـوکەوتەکەی لـەو کۆمەڵگایـەی تێـدا گەورە بـووە بـەپێی شـەرع و ژیـان و تێگەیشـتنی پێکهێنـاوە، فـەرمان و نـەهی و ڕێنماییەکانی ئاراستەی سەرجەم ژیانی ئەو کراوە!

دووەم: هەوڵی گومان خستنە سـەر ڕاسـتی قورئـان و فـەرموودە تـا بڵـێن ئـەم کەسانەن قورئان و فەرموودەیان نـەقڵ کـردووە بۆیـە دەکرێـت بـە ئـارەزووی خۆیـان دەستکاری ئەو دوانەیان کردبێت.

سـێیەم: گومـان خسـتنە سـەر بیروبـاوەڕی موسـڵمان بەرامبـەر بـە زانـایی پەروەردگاری بە غەیب، وەك بڵێن خوایـەك کـە ڕەزامەنـدی خـۆی بـۆ ئـەو هاوەڵانـە دەربڕی دواتر هاوەڵان کەوتنە ویژەی یەکتر و خوێنی یەکتریان ڕشت.

چوارەم: تا ئەو پەیامەی خۆیان بسەلمێنن کە هاوەڵان چاکترین دەستە نەبون بەڵکو ئەوانیش وەك هەر خەڵکێکی تر وابوون و هیچ جیاوازیەکیان نەبووە.

پێنجەم: تـا لێـرەوە بڵـێن موحەمـەد عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ سـەرکەوتوو نـەبووە لـە گەیاندنی پەیامەکـەی و پـەروەردەکردنی دەورووبەریـدا، تەنانـەت قسـەبکەن لەسـەر چاکی و کەسایەتی پەیامبەریش عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ.

شەشەم: ئەوە ڕۆژهەڵاتناسەکان، سەبارەت بە تاقمە لاڕێکانیش، بۆ ئەوەی بڵـێن: خەڵکێك وابن، هیچ سەیر نییە ناپاکی لە پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بکەن و ڕێگـری لەجێنشینە ڕاستەقینەکەی و وتە و وەسیەتی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بشکێنن!

بەڵام ئەهلی سوننەو جەماعە بەردەوام ئـەو هەوڵانـەیان پووچـەڵ کردوونەتـەوە و ڕاستیەکانیان خستووەتەڕوو.

بشزانه ڕوودانی جەنگ و ناکۆکی لەنێوان موسڵماناندا چاوەڕوانکراوە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە [الحجرات: ٩-١٠]، هەر بۆیە لە جەنگی جەمەلدا هەردوو لا ڕێککەوتن بەڵام دوورووەکان جەنگەکەیان هەڵگیرساند.

ئەو ژمارەشی زۆرەی باسدەکرێ سەبارەت بە کوشتاری نێوان هاوەڵان ناڕاستیەکی ڕوونە و ڕێژەکە زۆر کەمترە لەوەی باسکراوە، بەڵکو زۆرێك لە لایەنە سیاسیەکان گێڕانەوەیان بۆ ئەو ڕووداوانە زیادکردووە.

کەباسی فیتنەی نێوان یارانیش دەکەین بەهەق، لەبەرئەوەیە قسەی هەق ڕوناکیە و چرای ڕێگایە، هەروەها لەبەر ئەو فەزڵ و چاکەیەی ئەهلی هەق (هاوەڵان) بەسەرمانەوە هەیانە، چونکە ئەوان وەکو خەڵکی تر نین. ئێمە ناڵێین مەعصومن، **بەڵێ، هەڵەیان کردوە، بەڵام زۆریان لەپێناو خوا کێشاوە، بەڕادەیەك لە چاو چاکە گەورەکانیاندا وەك دەنکە بەردێك لێدەکا لەبەرانبەر شاخێکدا.**

ڕێخۆشکارێك لەبەردەم فیتنەی نێوان هاوەڵاندا

دەبێت بزانرێت مێژووی موسڵمانان تووشی تێئاخنی و شێواندنی زۆر هاتووە. هەندێکجار بەدەستی دەرەوەی موسڵمانان تا ئوممەتی ئیسلام بێ بەش بکەن لە زۆرترین چاوگەکانی هێزی خۆی، کە بریتییە لە باوەڕبوون بە مەزنێتی ڕابردووی، کە هەرگیزا و هەرگیز مێژوو ژیاننامەی لەوان پاکترو درەخشانتر و گەشاوەتری بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام هەندێك جار لە ئەندامانی خۆشی دەستیان هەبووە وەك گروپە لاڕێکانی مێژوو لەسەر حیسابی ئەوی تر.

جا لەم توێژینەوەیەدا باسی فیتنەی نێوان هاوەڵان و لەوێشەوە فیتنەی سەردەمی پێشەوا عوسمان ڕووندەکەینەوە لەگەڵ وەڵامدانەوەی گومانە باوەکان لەبارەی ئەم دەمەوە.

هەروەها دەبێت بزانرێت هاوەڵانی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ڕقیان لە یەکتر نەبووە و برا و تەبابوون!! کە سەرنجی لاپەڕەی ڕیوایەتە صەحیحەکان دەدەیت دەبینی لاپەڕەکانی ژیانی هاوەڵانی موحەممەد عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ وەکو دڵیان وابووە لە بێوەیی و پاکی و پوختی دا. ئەمە لەگەڵ دەقەی پەروەردگاردا ڕێك دێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾ [آل عمران: ١١٠]. «بەڕاستی ئێوە چاکترین ئوممەتێکن بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی، فەرمان بە چاکە دەکەن و جڵەوگیری لە خراپەیش دەکەن و باوەڕی دامەزراو و بەخوا دەهێنن». یان ئەوەی کە پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دەفەرموێت[(١)]: «خير الناس قرني» «باشترینی خەڵك، خەڵکانی سەردەمی منن».

هەروەها بزانە: لە سەدەی دووەم و سێیەم، هەواڵ و بەسەرهات و فەرموودەی زۆر هەڵبەستران[(٢)]، لەمەشدا هەندێك گروپ پشکی شێریان هەیە بەکۆدەنگی هەموو زانایانی حەرج و تەعدیلی کۆن[(٣)].

---

(١) «صحيح البخاري» كتاب الشهادات، باب لا يشهد على شهادة جور اذا أشهد حديث رقم (٢٥٠٩).

(٢) «تحقيق مواقف الصحابة» (ص ٤١) .

(٣) انظر: «تحقيق مواقف الصحابة» (ص ٤٧)، و«منهاج السنة» (١/ ١٦ و٦٦)، و«الكفاية» للخطيب (ص ٢٠٢ و٢٠٣)، و«المنتقى» للذهبي (ص ٢١ و٢٢ و٤٨٠)، و«رجال الكشي» (ص ٢٥٧).

درۆکردن لەڕیوایەتەکان بەگشتی چەند هۆکارێکی هەیە:

زەندەقە و بێدینی، وەك هەندێك لەفارسەکان و جوولەکەکان، سەرخستنی ڕێچکە و مەزهەبەکان، وەك ڕێچکە مەزهەبی و عەقیدەییەکان، هاندان و ترساندن بۆ خێر و چاکە، دەستکەوتنی شتێکی بێنرخی دونیا، حەز لە دەمسپێتیکردن، وەك گێڕانەوەی فەرموودەی نامۆ و غەریب[١]. بەڵام مێژوونووسانی کۆنمان دەستپێشخەریان کرد فریاکەوتن و فەرموودە و مێژوویان پاراست. ئەوەبوو سەرجەم فەرموودە و هەواڵەکانیان نووسیەوە، بە صەحیح و ضەعیفییەوە لەگەڵ ئاماژەکردن بە ناوی هەواڵخوانەکانی، لەسەر ئەو وتەیەی کە دەڵێت: من أسند فقد أحال. ئەمە جگە لەوەی مەتن (دەقەکە) نابێت کێشەی هەبێت وەك لەزانستی فەرموودەدا زانراوە، واتە: سەنەدی فەرموودەیەك صەحیح بوو، بەو واتا نایەت فەرموودەکەش صەحیح بێت، بەڵکو لەوانەیە شاز بێت، ئەی چ جای ڕیوایەتە مێژووییەکان کە لەوانەیە تانە بدا تلە هاوەڵانی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ! جا ئێستاش نۆرەی پاشینە کە شوێن پێشینە چاکەکانیان بکەون و باسەکان بپاڵێوین و ڕاست و ناڕاستەکانی لە یەکتر جیاکەینەوە.

هەروەها بزانە: **ئەو کەسەی دەیەوێ لەبارەی مێژووەوە بنوسێت و بدوێت و بخوێنێتەوە، ئەوا پێویستە بە ویژدان و سینە ساف بێت، لێهاتو و کارامە بێت لە جیاکردنەوەی هەواڵخوانەکان، دەستپاك و ڕاستگۆ بێ و بەدوای ڕاستیەکاندا**

---

(١) بڕوانە: «مجموع الفتاوى» (١٨/ ٤٦) و«مقدمة ابن خلدون» (ص ٣٥-٣٧)، و«العواصم» (٦١-١٠٨)، و«تحقيق مواقف الصحابة» (٣٣-٣٤).

بگەڕێت. هەروەها کاتێك کتێبە مێژووییەکان دەخوێنینەوە دەبێت وریای ئـەوە بـین ئێمەش لەگەڵ بۆچوونی نووسەردا لار نەبینەوە؛ چـونکە ئـەبێت تەماشـای بنچـینەی ڕیوایەتەکە بکەین نەك بۆچوونی نووسەرەکە. بەگشتی: واتـە ئەگـەر بمانـەوێت مێـژوو بخوێنینەوە، دەبێت بگەڕێین بەدوای چەسپاوی هەواڵەکە. هەرگیزیش ناتوانین ڕاسـتی و چەسپاوی لە هەڵبەستە و بێ بناغەکان جیا بکەینەوە، هەتا تەماشای سەنەد و دەقـی هەواڵەکە نەکەین. جا زانایان لەم بارەوە گرنگـی زۆریـان بـە داوە بـە فـەرموودە بـە پێچەوانەی مێژووەوە. دەبینین زۆرێك لە ڕیوایەتـەکانی مێـژوو سـەنەدی هـەر نییـە، جاری واش هەیە سەنەدی هەیە، بەڵام هیچ کام لـەو ڕاویانـەی کـە لـەناو ڕیواتەکـەدا هەن ژیاننامەیان دیار نییە. کەواتە کارەکە لێرەدا لە فەرموودە گرانترە، بەڵام ئـەوەش ناگەیەنێت کەمتەرخەمی تێدا بکەین.

ئەگەریش ئاوها بکەین بەشێکی زۆری مێژوومان لەدەست نارِوات ! چونکە زۆرێك لـەو ڕیوایەتـە مێژوویانـەی کـە پێویسـتیمان پـێ دەبێـت بەتایبـەت بابەتـە هەستیارەکان، هەمووی بەسەنەدەوە باسکراون. ئەگەریش هاتوو دامـاین سـەنەدێکی صەحیحمان نەدۆزیەوە، ئەوکات بنچینەیەکی گشتیمان هەیە و کاری پێدەکـەین، بـە تایبەت لەوەی کە لەسەردەمی هاوەڵاندا ڕویـداوە -کـە بابـەتی بەردەسـتمانە-، ئـەو بنچینەیەش بریتیە لە: ستایشکردنی خوا و پەیامبەرەکـەی عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بەسـەر هاوەڵاندا، واتە ئەصل لە هاوەڵاندا عەدالەتە -وەك دواتر باسی لێوە دەکەین-(١).

هەر ڕیوایەتێك تانەی تێدا بوو چی دەکەیت؟

---

(١) (مجموع الفتاوى) (١٩ / ٢٠٣) .

جا هەر ڕیوایەتێکت بینی تانە و تەشەری دەدا لە هاوەڵێك لە هاوەڵانی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، **نە زوو بەرپەرچی بدەرەوە، نە ڕاستەوخۆ قبوڵی بکە، تا تەماشای ڕیوایەتەکە دەکەین، چاوێك بەسەنەدەکەیدا دەخشێنینەوە**[١]:

- چەسپاندنی ئەوەی هەڵەیە، ئەمەش تەنها وەحی دادوەری دەکات. کە چەسپا ئەوسا دێیین بۆ:

- لێکۆڵینەوە لەهەڵەکە لەڕوانگەی چەسپاوی و نەچەسپاوییەوە، لەمەشدا ڕێبازی فەرموودەناسان دەگرینە بەر، جا:

۞ ئەگەر سەنەدەکەی ضعیف بوو یان هەر سەنەدی نەبوو، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەمایەی قورئان بنەڕەتەکەی داناوە کە بریتیە لە: عەدالەتی هاوەڵان و، ئەوەی کە ئەوان باشترین کەسن لەدوای پەیامبەران -عليهم الصلاة والسلام-.

۞ بەڵام ئەگەر صەحیح بوو، ئەوا لەو بەشەیە کە ئەوان پارێزرا و(معصوم) نین لە هەڵەوکورتی، ڕاستە کۆدەنگییان مەعصومە، بەڵام تاك تاك نەخێر. هەروەها هەڵەی هەندێکیان «**خطأ**»ە نەك «**خطيئة**»[٢] ئەم دووانەش دوو شتی جیاوازن.

لەم حاڵەتەشدا «ئەگەر صەحیح بوو» تەماشای لێکدانەوەی ڕیوایەتەکە و مەبەستەکەی دەکەین، هەروەها پاڵنەرەکانی پشت ئەو هەڵەیە چییە، وەك هەڵگرتنی

---

(١) انظر: «تحقيق مواقف الصحابة» (ص ٢٣-٢٧).

(٢) (خطأ): هەڵەکەی بە ئەنقەست نەکردووە، بەڵام (خطيئة) هەڵەکەی بە ئەنقەست کردووە. بڕوانە (النهاية) (خ ط). (الصحاح) (خطأ).

شوێن پێی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ(١): «ما حملك على ما صنعت؟!» «چی وای لێکردووی ئەو کارە بکەی؟». ئەمە زۆر گرنکە، چونکە جاری وا هەیە موسڵمانەکە بیانوویەکی شەرعی هەیە بۆ ئەنجامداین هەڵەکە! جا ئەگەر بیانووەکەی جێی قەناعەت نەبوو، ئەوا دەڕۆین بۆ:

- کۆکردنەوەی چاکەکان و دانانی لەتەنیشت هەڵەکانی کەسەکە، چونکە لەوانەیە لەناو دەریای چاکەکانیدا نوقم ببێت، ئەمەش ڕێبازێکی داهێنراو نییە، بەڵکو ڕێچکەی موحەممەدە عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، کاتیك لەبارەی حاگەبەوە بە عومەری فەرموو(٢): «إِنَّهُ قَدْ شَهِدَ بَدْرًا وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللهَ أَنْ يَكُونَ قَدِ اطَّلَعَ عَلَى أَهْلِ بَدْرٍ فَقَالَ: اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ فَقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ [وفي لفظ: فَقَدْ وَجَبَتْ لَكُمُ الْجَنَّةُ]؟! فَدَمَعَتْ عَيْنَا عُمَرَ وَقَالَ: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ» «ئەو بەشداری بەدری کردووە! تۆ چووزانی خوا بە بەشداری بەدری نەفەرمووە: بەهەشتان مسۆگەرکرد، چی دەکەن بکەن!».

هەروەها دەبێت بزانین هەندێك ڕووداوی سەرەتای ئیسلام هەیە بیانووەکەی تەنها ئەو بارودۆخەیە تێیدا ڕوویداوە، بۆیە ناکرێت بەسۆزی ڕووت یان عەقڵی پەتی یان بارودۆخی ئەمڕۆ لێکدانەوەی بۆ بکەین یان دادگایی بکەین! چونکە ئەو کاتە پاڵپشت نابێت بەپاساوی بابەتییانە، هەروەها دیدی دادوەرەکە وەسیلەکانی حوکمدانێکی دروستی تەواو نەکردوە! هەروەها دەبێت بزانین: کە هاوەڵانی پەیامبەر

(١) (صحيح البخاري) كتاب المغازي، باب فضل من شهد بدرا، (٢٥٠٩).

(٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٠٠٧...)، ومسلم في «صحيحه» (٢٤٩٤).

عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ باشترین کەسن لەدوای پەیامبەران عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ چونکە خوای پەروەردگار مەدحی کردوون، و پەیامبەری خواش عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ مەدحی کردوون. بۆ نموونە بۆ ئەم بابەتەی ئێمە: دەبێت وا بڕوانینە فیتنەی نێوان هاوەڵان کە ڕێبەرانی هەر دوو دەستەی هاوەڵان موجتەهید بون، ئیمامی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ موژدەپێدراوی بەهەشت و زانایەکی هەڵکەوتە و کەسی نزیکی پەیامبەر رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ بوو، تەڵحە و زوبەیریش رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمَا موژدەپێدراوانی بەهەشت و هاوەڵانی دڵسۆزی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ و زانایانی ئوممەت بون، دایکمان عائیشەش رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهَا خۆشەویستی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ و کچی ڕاستگۆ و گەورەی هاوەڵان و یەکەم خەلیفەی موسڵمانان و زاناترین ئافرەتی ناو ئوممەتی ئیسلامی بووە، دەی دەکرێ کەسانێك خوا بەهەشتی بۆ مسۆگەر کردبێتن، هێندە نیازپیس بن -پەنا بەخوا لە بۆچوونی وا-.

* ئەمڕۆ زۆرێك سەرسامی کتێبە مێژووییە تازەنوسراوەکان بوون، کە بە زۆری بایەخ دەدەن بە ڕازاندنەوەی چیرۆکەکان، یا ناشیرکردنی شێوازەکان، یا هەردووکیان پێکەوە، بەبێ گوێدانە ڕاستی و چەوتی هەواڵ و باس و چیرۆکەکان[1]. بەڵکو

---

(١) وەکو کتێبەکانی:

١- «عەباس ئەلعەقاد». خاوەنی زنجیرە کتێبی «العبقریات».

٢- یان کتێبەکانی «خالد موحەممەد خالد». خاوەنی کتێبی «خلفاء الرسول» و«رجال حول الرسول».

٣- یان کتێبەکانی «تاها حوسێن». خاوەنی کتێبی «موقعة الجمل» و «علي وبنوه» و «الفتنة الکبری».

٤- یان کتێبەکانی «جۆرجی زەیدان»ی گاور. خاوەنی کتێبی «تاریخ التمدن الإسلامي».

هەروەها لەو کتێبانەی تر:

١- «الأغاني» لأبي الفرج الأصفهاني. خۆی کتێبێکی دەمەتەقێ و شیعر و گۆرانییە، بەڵام کۆمەڵێکی زۆر و هەواڵی ناڕاستیشی تێئاخنیووە.

٢- «العقد الفريد» لابن عبد ربه، ئەمەش خۆی کتێبێکی ئەدەبییە، بەڵام کۆمەڵێك هەڵەی تێدایە.

٣- «مروج الذهب» للمسعودی. ئەم کتێبەش سەنەدی تێدا نییە (بێ سەنەدە). جا «تاریخی مەسعودی» ئەمەندە درۆی تێدایە مەگەر خوا بزانێ، ئیتر چۆن بڕوا بکرێ بە حیکایەتێکی سەنەد پچڕاو لە کتێبێکدا کە ناسراوە بەوەی درۆی زۆری تێدایە. بۆ زیاتر بڕوانە: «منهاج السنة النبوية» (٤/٨٤).

هەروەها ئیبن حەجەر: دەڵێت: «و کتێبەکانی وشك هەڵگەڕاوەن چونکە شیعەیەکی موعتەزیلی بووە». (لسان الميزان) (٥/٥٣٢) مكتب المطبوعات الاسلامية .

٤- «شرح نهج البلاغة» هی عەبدولحەمیدی کوڕی ئەبولحەدیدی موعتەزلی. لە لای زانایانی جەرح و تەعدیل پیاوێکی ضەعیفە، تەنانەت ئەگەر بزانێت بۆ هەستاوە بە نوسینی ئەو کتێبەی، لە کتێبەکە و خاوەنەکەشی دەکەوێتە گومانەوە، چونکە لەبەر ئیبن عەلقەمی نوسیویەتی، ئەو ئیبن عەلقەمییەی کە بووە هۆی کوشتنی «یەك ملیۆن» موسڵمان لە بەغداد بە دەستی تەتار و مەخۆلەوە.

خوانساری -زانایەکی شیعەیە- لەبارەیەوە دەڵێت: «بۆ خەزێنەی کتێبەکانی وەزیر موئەیەدئەلدین موحەممەدی کوڕی ئەلعەلقەمی نووسیویەتی». «روضات الجنات» للخوانساري (٥/٢٠ - ٢١).

تەنانەت زۆرێك لە زانایانی شیعە سەرزەنشتی خاوەن کتێبەکە و کتێبەکەش دەکەن:

ئەوەتا میرزا حەبیبوڵڵای خوئی دەڵێ: «کەسێکی نا شارەزا و نا کارامە بووە... و ڕەئی خراپ بووە و دید و بۆچونی بێ بازاڕ بووە... ئەو کابرایە ملە جوڕێی زۆری کردوە... ئەو کەسە خەڵکێکی زۆری گومڕاکردووە و خۆیشی ڕێی وێڵ کردووە».

سەبارەت بە کتێبەکەشی، میرزا وەسفی زۆری کردوە، لەو وەسفانە: «لاشەیەکی بێ ڕۆح ... زۆر دەسوڕێ بەدەوور توێك، بە بێ باسکردنی ناوەڕۆك ... زۆر سوودی نییە ... بەڕاستی جۆرە تەئویلاتێکی دووری وای تێدایە تەبیعەت پێی تێکدەچێ و گوێ حەز لەبیستنی ناکات». بڕوانە: «منهاج البراعة شرح نهج البلاغة» للميرزا حبيب الله الخوئي (١/١٤) طبعة دار احياء التراث العربي ـ بيروت.

٥- «تاريخ اليعقوبي»: ئەمەش کتێبێکە هەر هەمووی مورسەلە سەندی تێدا نییە و خاوەنەکەشی تۆمەتبارە.

پێویستە ئەگەر سەر دەردەکەیت کتێبەکەی تەبەری بخوێنیتەوە[١]، چونکە کۆڵەکەی ئەوانەیە لەسەر مێژوو دەنووسن. یان ئەوانەی دوای ئەو وەك تاریخەکەی ئیبن کەسیر و

---

(١) مێژووەکەی تەبەری بەگرنگترین کتێبی مێژووی ئیسلامی دادەنرێت، لەبەر:

- نزیکی سەردەمی ئیمامی تەبەری لەو ڕوداوانە.
- گەورەیی تەبەری و پایە زانستیەکەی.
- زۆربەی کتێبە مێژووییەکانی تر لەویانەوە وەرگرتووە.
- بەسەنەد ڕیوایەتەکان دەگێرێتەوە.

ئەم خالّی کۆتاییەش وای لێکردوە هەموو ڕیوایەتێك بهێنێت با لاوازیش بێت، بەڵام لەبیری نەچوو لە پێشەکی مێژووەکەیدا بڵێت:

«با ئەو کەسەی ئەم کتێبەمان دەخوێنێتەوە بزانێت، هەموو ئەو شتانەی لێرەدا باسم کردوون و بە مەرجم گرتوون لێرەدا بینوسمەوە، تەنها پشتم بەستووە بەو هەواڵانەی کە ڕیواتکراون و باسم کردوون، لەگەڵ ئەو فەرمودانەی کە پاڵم داون بە خاوەنەکانیانەوە، جا ئەم کتێبەم هەر هەواڵێکی تێدا بێت کە لەوانەی پێش خۆمانەوە ڕیوایەتمان کردووە و ئەبێتە جێی ناڕەزایی خوێنەری و بێزاری بیسەری، لەبەر ئەوەی ئەو ڕیوایەتانە نە صەحیحن و نە هیچ واتایەکیشیان لە هەقیقەت و واقیعدا هەیە، جا با بزانرێت ئەوە لەلایەن ئێمەوە نەبووە، بەڵکو لەلایەن هەندێك لە هەواڵخوانەکانەوە هاتووە، کاری ئێمە تەنها گواستنەوەی ئەوانە بووە بەو شێوەی بۆمان گوازراوەتەوە و بە دەستمان گەیشتووە» بڕوانە پێشەکی کتێبەکەی (ل ٥).

واشدەزانم تەبەری بەم پێشەکییەی کتێبەکەی بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی تۆی خوێنەر!!

ئەوەتا پێتدەڵێت: ئەگەر لەم کتێبەمدا هەواڵێکت بینی پێی ناڕازی بوویت و بەناماقوڵت زانی، ئەوە تەماشای ئەوانە بکە وا لێیانەوە ڕیوایەتمان کردووە، بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی ئەودایە، لەسەرمە ناوی ئەوانە بهێنم بۆیان گێڕاومەتەوە، ئەگەر جێی متمانە بوون قبوڵی بکە، گەرنا وەری مەگرە.

ئەم کارەش زۆربەی فەرمووەدەناسەکان پێی هەستاون، هەر بۆیە کە دەگەڕێیتەوە بۆ کتێبەکانی فەرموودە بێجگە لەهەردوو «صەحیحی بوخاری و موسلیم» نەبێت کە پەیمانیان داوە جگە لە صحیح ڕیوایەت نەکەن.

تاریخەکەی زەهەبی و هاوشێوەکانیان، لەوانەی سەردەمی خۆشمان وەك (عصر الخلافة الراشدة)ی دکتور ئەکرەم ضیاء ئەلعومەری، و(تحقيق مواقف الصحابه من الفتن)ی دکتۆر موحەممەد ئەمحەزۆن، یان (مرويات أبي مخنف في تاريخ الطبري)ی دکتۆر یەحیا ئیبراهیم یەحیا... هی تریش زۆرن.

ڕاویە درۆزنەکان دەستەواژەی زۆریان بەکارهێناوە لەشێواندنی مێژوودا، لەوانە[1]:

١. هەڵبەستن و درۆکردن.

٢. دووبارەکردنەوەی گێڕانەوە ناڕاستەکان و هەوڵدانی تەواو بۆ بەڕاستدانانی گێڕانەوە ناڕاستەکان، تا وابکەن بە ڕاست بزانرێت، بێئەوەی توێژینەوەیەکی بنچینەیی بکەن بۆ ڕیوایەتەکان.

٣. زیادە خستنە سەر ڕووداوەکان یان لێ کەم کردنەوەی بە مەبەستی تێکدان و شێواندن. نموونەیەکی بچووك: زیادکردنی ژمارەی کوژراوەکان بەجۆرێ ئەگەر بلێین سەد قات زیاتر نووسراوە، ڕاستە.

جا تەبەری پەیمانی نەداوە تەنها هەواڵە ڕاستەکان بگێڕێتەوە، تەنها پەیمانی ئەوەی داوە ناوی ئەو کەسانە بهێنێت کە هەواڵەکانیان لێوە دەگێڕێتەوە.

ئیبن حەجەریش دەڵێ: (زۆربەی فەرمودەنەسەکانی سەردەمی کۆن، لە ساڵەکانی دوو سەد بەرەو سەرەوە، کە بە سەنەدەوە باسی فەرمودەیەکیان کردووە، وایان زانیوە ئیتر ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ هێناوە و بەرپرسیارێتیان لەسەر نەماوە) (لسان الميزان) (١٢٨/٤) ترجمة الطبراني صاحب المعاجم الثلاثة.

(١) «تحقيق مواقف الصحابة» (١/ ١٦).

٤. لێکدانەوە «تأويل»ی پوچ و نابەجێ بۆ ڕووداوەکان. بۆ نموونە: لێکدانەوەی کاری هاوەڵان بەوەی هەموو هەوڵ و هەنگاوێکیان تەماعی سیاسی و دەسەڵات بووە نەك ئیجتیهاد.

٥. دەرخستنی عەیبە و هەڵەکان.

٦. دروستکردنی شیعر بۆ پشتگیری کردنی ڕووداوە مێژووییەکان.

٧. دانانی کتێب و نامەی ساختەکراو.

٨. قۆستنەوەی هاوشێوەیی ناوەکان.

٩. چاوپۆشی لە ڕۆڵە دەرەکیەکانی وەك ڕۆڵی سەبەئیەکان، تەنانەت هەر حاشای لێدەکەن وەك ئەوەی بڵێی هەرچی سەرچاوەی مێژوویی هەیە بەوانەشەوە کە ئەوان دڵیان پێخۆشدەکەن درۆزن بوون و بوختانیان بۆ سەبەئیەکان کردووە.

*** دروستبوونی ڕێبازی لێکۆڵینەوە لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت[(١)]:**
لەگەڵ کەوتنەوەی فیتنە دەستی پێکرد، هەروەکو شوێنکەوتوی پایەبەرز پێشەوا موحەممەدی کوڕی سیرین دەڵێت: (هەرگیز پرسیاری سەنەدیان نەدەکرد، بەڵام کە فیتنە کەوتەوە، ئەیانووت: کوا لە کێتان بیستووە؟! ناوی ئەو پیاوانە بێنن کە لێوەیتان بیستوون؟ ئیتر تەماشا دەکرا گەر ئەهلی سوننە بوایە فەرموودەکانیان

(١) مەبەست لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە: لێکۆڵینەوەیە لە سەرچاوەی هەواڵ و فەرموودەکان و صحیح و زەعیفی، هەروەها گرنگی دان بە ڕاویەکان و لەوەی کە دەیگێڕنەوە، ئەمەش بۆ پاراستنی فەرموودەکانی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لە درۆی درۆزنان و تێ ئاخنی ناحەزان و حەزی ئەهلی هەوا و ئارەزوبازان.

وەردەگیرا، ئەگەریش ئەهلی بیدەع بوایە لێی وەرنەدەگیرا)[1]. خوای پەروەردگاریش لە قورئاندا دەستورێکی زێڕینی بۆ داناوین، کەم کەس هەستی پێ دەکات، کە بریتییە لە ئایەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ﴾ [الحجرات:٦]. «ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر گوناهکارێك هەواڵێکی بۆ هێنان، ئەوا لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە، نەوەك زیان بە خەڵکی بگەیەنن بە نەزانیەوە، ئەوسا پەشیمان بنەوە لەو کارەی، کە کردوتانە». بەمەش گەڕان بەدوای ڕاست و دروستی هەواڵەکان پێویستبوو.

عوسمانی کوڕی عەففان لە چەند دێڕێکدا

ناو و نازناو و ڕەچەڵەکی:

ناوی عوسمانی کوڕی عەففانی کوڕی ئەبیلعاصی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەبد شەمسی کوڕی عەبدولمەنافە، لە عەبدولمەنافدا لەگەڵ پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بەیەکدەگەن. داپیرەشی ئوم حەکیمی کچی عەبدولموتەلیبە پوری پەیامبەرە عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ[2]. نازناوی (ذو النورين)ی لێنرا، چونکە ڕوقەییەی کچی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ خێزانی بووە، کە ئەویش وەفاتی کردوە ئوم

---

(١) مقدمة «صحيح مسلم» (١٥/١)، باب بيان أن الإسناد من الدين.

(٢) «معرفة الصحابة» (٢٣٥/١).

کەلسومیشی مارە کردوە[١]. هەر زوو لەسەر دەستی ئەبوبەکری صدیق موسڵمان بووە[٢]. کۆچی بۆ حەبەشە کردوە و پاشانیش بۆ مەدینە.

فەزڵەکانی:

کاتێك پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ سوپای تەنگانە (جیش العسرة)ی ئامادەکرد، عوسمان هات بۆلای پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ و هەزار دیناری لە نێو کراسەکەی بوو، ڕژاندییە چاکی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، پەیامبەری خواش عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ئەم دیو و ئەودیوی بە پارەکە دەکرد و ئەیفەرموو: لە مڕۆوە عوسمان هەرچی بکات زیانی لێنادات، ئەمەی هەر دووبارە دەکردەوە[٣]. هەروەها پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لەگەڵ ئەبوبکر و عومەر و عوسماندا ڕۆیشتنە سەر کێوی ئوحد، کێوەکە لەریەوە، پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمووی: ڕاوەستە ئەی ئوحد، تۆ تەنها پەیامبەرێك و ڕاستگۆیەك و دوو شەهیدت لەسەرە[٤]. هەروەها پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ باسی فیتنەی کرد، زۆر نزیکی کردەوە، وەکو ئەوەی هاتنی ئەو سەردەمە زۆری نەمابێ، لەو کاتەدا پیاوێك بەوێدا تێپەڕی و دەم وچاوی

---

(١) «معرفة الصحابة» (٢/٢٤٥).

(٢) «الإصابة» (٢/٤٥٥).

(٣) أخرجه أحمد في «مسنده» (٥/ ٦٣) کەسیر بن ئەبی کەسیری تێدایە: مجهولە، بەڵام ئەلبانی لە «مشكاة المصابيح»دا (٦٠٦٤) ئەڵێ: «حسن».

(٤) متفق عليه: (صحيح البخاري) كتاب فضائل الصحابة، باب قول النبي عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ((لو كنت متخذا خليلا))، حديث(٣٦٧٥). و أخرجة مسلم في(صحيحة) كتاب فضائل الصحابة، باب من فضائل طلحة والزبير، من حديث أبي هريرة(٢٤١٧).

هەڵپێچابوو، پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمووی: ئەمە لەو ڕۆژەدا لەسەر هەق و هیدایەتە، موڕڕەی کوڕی کەعب دەڵێ: بە دوایدا ڕۆیشتم بینیم عوسمانە[1]. هەروەها پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمویەتی: ئەی عوسمان ئەگەر هاتو ڕۆژێك خوای گەورە تۆی کرد بەکاربەدەست و مونافیقەکان ویستیان ئەو کراسەی کە خوای گەورە لەبەرتی کردوە، لەبەرتی داکەنن، نەکەی بە گوێیان بکەی!)[2]. هەروەها: جارێکیان عوسمان دای لە دەرگای ماڵی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بە ئەبوموسای ئەشعەری فەرموو: بیکەرەوە و مژدەی بەهەشتیشی بدەرێ، دوای بەڵا و موسیبەتێك کە دێتە ڕێی)[3]. ئەمانەش نیشانەی پەیامبەرایەتییە.

عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ چۆن خیلافەتی گرتە دەست؟

کاتێك لە عومەر رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ درا، خیلافەتی خستە ئەستۆی شەش کەسەوە[4]، ئەم چیرۆکی شورایە ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەی خۆیدا گێراویەتیەوە (تا بزانن مێژوو زایە نابێت)، تا دەگاتە ئەوەی کە بە عومەر رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ گوتراوە: وەسیەت بکە ئەی ئەمیری ئیمانداران، جێنشینێك دابنێ. ئەویش وتی: من کەس لەو کۆمەڵە بە

---

(١) أخرجه الترمذي، كتاب: المناقب، باب مناقب عثمان، حديث (٣٧٠٤) باسناد صحيح.

(٢) سنن بن ماجه المقدمة، باب فضائل أصحاب النبي عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ حديث (١١٢).

(٣) متفق عليه: (صحيح البخاري) المناقب، مناقب عثمان، (٣٦٥٩)، و (وصحيح مسلم) فضائل الصحابة، من فضائل عثمان، (٢٤٠٣).

(٤) ئەوانیش: عوسمان، عەلی، تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەوام، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص.

شیاوتر نازانم کە پەیامبەری خوا رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ وەفاتی کردو لە دەستیان ڕازی بـوو، پاشـان ناوی عەلی و عوسمان و زوبەیر و تەڵحـە و سـەعد و عەبـدولڕەحمانی کـوڕی عـەوفی هێنا. وتی: (ئەوە عەبدوڵلای کوڕی عومەر ئەبێتە شاهید بـە سـەرتانەوە، هیچیشـی بە دەست نییە، ئەگەر هاتوو سەعد بوو بە ئەمیر، ئەوە چاکە، وەئەگەرنا هـەرکامتان بوو بە ئەمیر با پشتی پێ ببەسـتێ، ئـە مـن لەبـەر بـێ توانـایی و ناپـاکی لـەکارم لانــەبردووە)[١]. دوای ئــەوەی لــە ئەســپاردنی بوونــەوە، هــەموویان کۆبوونــەوە، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف وتی: (کارەکەتان بدەن بـە دەسـت سـیانتانەوە). زوبـەیر وتی: من کارەکەم دایە دەست عـەلی[٢]، تەڵحـە وتـی: مـن کارەکـەم دایـە دەسـت عوسمان. سەعد وتی: من کارەکەم دایە دەست عەبدولڕەحمانی کوڕی عـەوف. ئـا بـەو شێوەیە سیان دەستیان هەڵگرت: زوبەیر و تەڵحـە و سـەعدی کـوڕی ئـەبی وەقـاص. کەواتە پاڵێوراوەکان مانەوە سیان: عەلی کوڕی ئەبوتالب و عوسمانی کوڕی عـەففان و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف. (عەبدولڕەحمانی کـوڕی عـەوف وتـی: کامتـان دەسـت هەڵدەگرێت، تابیدەین بەوەکەی تر؟ پاشان وتی: ئەیدەنە دەستی مـن، سـوێند بـەخوا باشەکەتان هەڵدەبژێرم؟) هەردووکیان وتیان: قبوڵمانـە. ئـەوەبوو دەسـتی یـەکێکیانی گــرت و پێــی وت: تــۆ فــەزڵی خزمایــەتی لەگــەڵ پەیامبــەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ و زوومـوسڵمان بوونت هەیە، جا سـوێندت ئـەدەم بـەخوا ئەگـەر تـۆم کـرد بـە ئـەمیر دادپەروەر ئەبی، ئەگەر عوسمانم کرد بە ئەمیر گوێڕایـەڵ ئـەبی و بەقسـەی ئەکـەیت.

---

(١) چونکە عومەر سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی لە کاربەدەستیی کوفە لابردبوو.

(٢) زوبەیری کوڕی عەوام ڕقی لە عەلی نەبووە، چونکە زوبەیر کوڕی صەفیەی پورێتی (خوشکی باوکی)، لێرەش هەڵیبژاردووە بۆ خیلافەت.

پاشان ڕووی کردە ئەوەکەی تریان -کە عوسمان بوو- هەمان شتی پێ وت. جا کاتێک پەیمانەکەی لێ وەرگرتن وتی: ئەی عوسمان دەستم بەرێ، بەیعەتی پێ داو، عەلیش بەیعەتی پێدا و هەموو ئەوانە لە ماڵەکەدابون و هاتنە ژوورەوە و بەیعەتیان پێدا[١]. ئەمە ڕیوایەتی بەیعەتپێدانەکەی عوسمانە هەروەك لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە.

لێرەدا هەندێك وردەکاری تر هەیە لە صەحیحدا هاتووە کەوا عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف سێ ڕۆژ دانیشتووە و چاوەڕێی کردووە و پرسی بە موهاجیرین و ئەنسار کردووە. تا دەڵێ: (سوێند بەخوا یەك ماڵم نەهێشتەوە لە ماڵەکانی موهاجرین و ئەنسار مەگەر پرسیارم لێکردون، نەمبینی کەس بە عوسمان هاوتابکەن)[٢].

هەندێك پشت لە ریوایەتەکەی بوخاری دەکەن و ڕیوایەتە درۆینەکەی ئەبو میخنەف وەردەگرن. کە ئەمە بەشێك لە دەقەکەیەتی: ...پیاوێك پێی وت: من پێت دەڵێم، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دابنێ، ئەویش فەرمووی: خوا بتکوژێ، بەخوا لەم قسەیەدا مەبەستت خوا نەبوو، تیا بچی، چۆن کەسێك بکەم بە خەلیفە نەیتوانی خێزانەکەی تەڵاق بدا... ئەگەر خەلیفەم دانا، خۆ ئەوە لە من باشتر خەلیفەی داناوە -مەبەستی ئەبوبەکرە-، ئەگەریش وازم لێهێنا و کەسم دەست نیشان نەکرد، ئەوا لە من باشتر وازی لێهێنا -مەبەستی پەیامبەری خوایە عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ-... هەروەها عومەر وتی: لە ڕاستیدا دوای ئەو قسانەم، دامنابو تەماشایەك بکەم تا یەکێکتان بکەم بە ئەمیر، **کە لەبارترینتانە بۆ ئەوەی بەرەو هەقتان بەرێت و ئاماژەی کرد بۆ**

(١) «صحيح البخاري» كتاب فضائل الصحابة، باب قصة البيعة، حديث (٣٧٠٠).

(٢) «صحيح البخاري» كتاب الأحكام، باب كيف يبايع الامام الناس، حديث (٧٢٠٧).

عەلی... لەسەریان ڕابوەستن، ئەگەر پێنجیان کۆبونەوە و لەسەر یەکێکیان کۆك بـوون و یەکێکیان ڕازی نەبوو، **ملی بشکێنە، بە شمشێر لە ملیدە**. ئەگەر چـواریان لەسـەر یەکێکیان کۆك بوون و دووانیان ڕازی نەبوو، **لە ملی ئەو دوانەش بـدە**، ... **هەرچـی مـایەوە لەوانەی ڕازینابن بەوانەی خەڵك لە سەری کۆکن بیانکوژن**[١].

ئەمە ڕیوایەتەکەی ئەبو میخنەفە، کە چـەندین شـتی پێچـەوانەی ڕیوایەتەکـەی بوخاری تێدایە، هەروەها سەرباری چەندین زیادەی نەشیاو و نابـەجێ، لەوانـە: حـەڵاڵ کردنــی خــوێنی ئەوانــەی خــودی عومــەر لەبارەیانــەوە دەڵــێ: پەیامبــەری خــوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ وەفاتی کردوە و لێیان ڕازی بووە!! ئا ئەمە ناڕاسـتی و پوچـی ئـەم ریوایەتە پیشان دەدات، دوای ئەوەش ئەمە کێیە جورئەت ئەکات ئەو بڕیـاڕە تـەنفیز بکات؟! ئەی باشە ئەکرێت جێبەجێش نەکرێت؟!

عوسمان شایستەترە بۆ خیلافەت:

دوای ئەوە خەڵك لەسەر عوسمان کۆك بوون و بەیعەتیان پێدا، کە باشترین هـاوەڵی پەیامبەرە لە دوای ئەبوبەکر و عومەر، لەبەر فەرمودەکەی ئیبن عومەر رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ کـە دەڵێ: لە دوای پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ کەسمان بەهاوتا و هاوشانی ئەبوبـەکر نەدەزانی، دوای ئەو عومەر و ئینجا عوسمان، ئیتر فـەزڵی کـەسمان بـە سـەر کەسـدا

(١) «تاريخ الطبري» (٣/٢٩٢).

نەدەد[١] لە ریوایەتێکی تردا دەڵێ: جا پەیامبەری خوایش عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ گوێی لێمان دەبوو و ئینکاری لێ نەدەکردی[٢]

عەبدوڵلای کوڕی مەسعود لە بارەی بەیعەتپێدانەکەی عوسمانەوە دەڵێ: (باشترینی کەسێکی نێومان کرا بە خەلیفە، کە لە سەرووی هەمومانەوە بوو)[٣].

هەربۆیە ئەبو ئەیوبی کوڕی ئەبو تەیمیەی سەختیانی و ئەحمەد و داڕولقوتنی دەڵێن: هەرکەس عەلی بخاتە پێش عوسمانەوە، ناماقوڵی و بێ ڕێزی بەرانبەر موهاجیرین و ئەنسار کردووە، چونکە عەبدولڕحمانی کوڕی عەوف دەڵێ: بەخوا یەك ماڵم نەهێشتەوە لە ماڵەکانی موهاجرین و ئەنسار مەگەر پرسیارم لێکردون، جا نەمبینی کەس بە عوسمان هاوتا بکەن، هەمویان عوسمانیان بە باشتر دەزانی. ئەحمەدی کوڕی حەنبەل: دەڵێت: هیچ کام لە خەلیفەکان بەیعەتەکەیان بە ئەندازەی بەیعەتەکەی عوسمان جەخت لەسەرکراو نەبوو، لەبەر ئەوەی بەیعەت پێدانەکەی بە کۆڕای دەنگی خەڵك بوو[٤].

سەردەمی پێشەوا عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ

سەرباری ئەو تەمومژیەی کە لەلایەن نەزان و دەمهەڵبەستەکانەوە دروستکراوە، بەڵام لەڕاستیدا سەردەمی خیلافەتی عوسمان بە سەردەمی زێڕین دادەنرێت لە ماوەی

---

(١) «صحيح البخاري» كتاب فضائل الصحابة، باب مناقب عثمان، حديث (٣٦٩٧).

(٢) «المعجم الكبير» (١٣١٣٢/١٢). و«السنة» للخلال ص (٣٩٨). و«السنة» لابن أبي عاصم (٥٥٣). وقال محققه الألباني: «إسناده صحيح».

(٣) «السنة» للخلال، ص (٣٢٠).

(٤) «السنة» للخلال، ص (٣٢٠).

هەموو خەلیفە راشدیەکاندا، پڕ بوو لە فتوحات، بۆ مـاوەی دە سـاڵ، لـە سـەردەمی ئەمدا بوو سنوری دەوڵەتی ئیسلامی فراوانی بە خۆوە بـینی، لـە سـەردەمی ئەمـدا باکوری ئەفریقیا و ئەسکەندەریە فەتح کـران و یەکـەمین کەشـتی گـەلی ئیسـلامیش دروست کرا، هەروەها ئەرمینیا و ئازەربایجان فەتح کـرا، هـەر لـەو سـەردەمی ویـدا موعاویە قوبرسی ڕزگار کرد، سەرەتا عومەر جـەنگی لـە ڕێگـەی دەریـاوە قەدەغـە کردبوو، بەڵام عوسمان ڕێگەی دا، بەو هۆیـەوە ئـازەر بایجـان و ئەرمەنیـە و کـابول و سەجستان و.. گەلێ ناوچەی تریش فەتح کـران، هێرشـە مەزنەکـەی (ذات الصـواری) یش هـەر لەسـەردەمی ئەمـدا بـوو، هـەروەها فـەتحکردنی هەرێمـەکانی فـارس لـە سەردەمی ئەمدا گەیشتە کۆتایی وە خۆشگوزەرانی و هەرزانی و ئـەمن و ئاسـایش و بەخشین باڵی بەسەر سەرانسەری دەوڵەتی ئیسلامیدا کێشا. جا ئـەم خۆشـگوزەرانی و فتوحاتە بەردەوام بون بە بەردەوامی خیلافەتی عوسمان، بۆ ماوەی دوازدە ساڵ، پاشـان فیتنە لە ساڵی ٣٥ ك سەری هەڵدا، کە کۆمەڵێك مـوجریم و سـتەمکار دەرچـوون و بەستەم و ناهەقی هەر لە ماڵەکەی کە بەڕۆژوو بوو و خـەریکی قورئـان خوێنـدن بـوو کوشـتیان. ئەمـە جگـە لـە فـراوان کردنـی مزگـەوتی پەیامبـەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ. دروستکردنی یەکەمین کەشتی گەلی دەریایی. دووبارە کۆکردنەوەی قورئان.

دەستپێکردنی فیتنە و هۆکارەکانی:

لەساڵی ٣٤ی کۆچیدا فیتنە دەستی پێکرد، ئەو کاتەی خەڵکی نەزان ویستیان لە عوسمان دەرپەڕن، عوسمان گرتنـی و لـەو کارەخراپـەیان ئاگـاداری کردنـەوە و پاشـان بەرەڵای کردن، بەڵام دووبارە خۆیان سازدایەوە، تا ساڵی ٣٥ کۆچی بە نیازی حەجـەوە

کەوتنە ڕێ و هاتنە مەدینە و ئەمیری ئیماندارانیان لـە ماڵەکـەی خۆیـدا گـەمارۆدا، پاشان دوای چل ڕۆژ لە گەمارۆدان شەهیدیان کرد، لەم ماوەیەدا لە هەموو شتێك بـێ بەشیان کرد بوو تەنانەت لە نوێژی جەماعەتیش.

ئەمە کۆمەڵێك هۆکاری هەبوو:

هۆکارێکی سەرەکی: بریتیە لە پیاوێکی جولەکە بە ناوی عەبدوڵڵای کـوڕی سەبەء[1]:

لە کۆندا یەکلابوون لەوەی ئەم کەسایەتیە بوونی هەبووە، تەنانەت تاقمێکیان بـەو ناوەوە ناو ناوە (سەبەئیەکان)، کە کۆمەڵێ دید و بۆچونی تایبەت بـەخۆیان هـەبووە و باسیان کردووە. جا لەو کەسانەی کـە نکـوڵی بـوونی ئـیبن سـەبەئیان کـردوە (تـەها حوسێن)ە، لە کتێبی (علی و بنوه)، بەڵام (تەها حسین) لەسەر ڕێبازە خووگرتووەکـەی خۆی هیچی زیاد نەکردووە، لە ئینکاردکردنی شـتە یـەقینی و حاشـا هەڵنـەگرەکان، هەروەك لە کتێبەکەیدا (في الشعر الجاهلي) (ل ٣٤) هاتووە، ئینکـاری ئـەوە دەکـات کە ئیبراهیم و ئیسـماعیل عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ کەعبـەیان دروسـت کردبێـت و دەڵێـت: (**قورئان بۆی هەیە باسی ئەمەمان بۆ بکات، بەڵام مەرج نییە ڕووی دابـێ**)، ئـەو هەر لەسەر ڕێبازی بە گومان بوون لە هەمو شتێك دەڕۆیشت. سەبارەت بەوانەش کـە دەڵێن: هەستاون بەکۆکردنەوەی هەرچی ڕیوایەت هەیـە لەسـەر ئـیبن سـەبەء، پاشـان بینیویانە هەمووی لە ڕێگەی سـەیفی کـوڕی عومەرەوەیـە، ئـەم سـەیفەش درۆزنـە،

---

(١) بڕوانە کتێبی: «عبد الله بن سبأ هل هو حقيقة أم خيال؟».

کەواتە عەبدوڵڵای کوڕی سەبە بوونی نییە، بەڵام ئەم بۆ چونەش هەڵە و پوچە لەچەند ڕویەکەوە:

١. لە لای ئیبن عەساکر هاتووە لە ڕێگەی عەمماری دهنیەوە لە ئەبی توفەیلەوە، هەروەها لە ڕێگەی شوعبەوە لە سەلەمەوە لە زەیدی کوڕی وەهبەوە باسی ئیبن سەبەئی کردووە کاتێك هێناویانە بۆلای عەلی، ئەمەش لە ڕێگەی سەیفی کوڕی عومەرەوە نییە[١].

٢. زۆربەی مێژوونووس و فەرمودەناس و نووسەرەکانی شیعەش، لە کتێبەکانی خۆیاندا ئیسپاتی ئەم کەسایەتیەیان کردووە.

- ئەوە نۆبەختیە (لەسەدەی سێیەمدا مردووە) لە کتێبی (فرق الشیعة)دا، دوای ئەوەی باسی قسەکانی ئیبن سەبەء دەکات، دەڵێت: ئەم تاقمە ناودەبرێن بە گروپی (سەبەئیەکان) کە بریتین لە شوێنکەوتوانی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء[٢].

- (الِکشّي) لە کتێبی (رجال الشیعة)دا لە ئەبی جەعفەرەوە ڕیوایەت دەکات، کە ووتویەتی: عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء بانگەشەی پەیامبەرایەتی ئەکرد و ئەیوت ئەمیری ئیمانداران؛ خوایە[٣]. پاشان چەندین ڕیوایەتی تر لە بارەی ئیبن سەبەئەوە لە ئەبی جەعفەری صادقەوە؛ دەگێڕێتەوە، تەنانەت زیاد لە پێنج ڕیوایەت باس دەکات.

---

(١) «تاريخ دمشق» (٦/٢٩) في ترجمة عبد الله بن سبأ.

(٢) «فرق الشيعة» (ص ٢٢).

(٣) «فرق الشيعة» (ص ٢٢).

- «الصدوق» له کتێبی «من لايحضره الفقية»[1].

- «الطوسي» كه ناسراوه به «شيخ الطائفة»[2].

- «المجلسي» زۆرزان له زانستی ئیمامەکان لای ئەوان «باقر علوم الأئمة»[3].

- «النوری الطبرسي»[4]. جگه لەوانەی که ناوم هێناون، هـی تـریش زۆن، لەبـەر کورتبڕی وازم لێهێنان.

٣. سەبارەت بە ئەهلی سوننەت: هەرکامێکیان باسـی ئـەو دەمـەی کردبێـت، ئەوە ناوی ئیبن سـەبەء و کاریگەریـەکانی لەسـەر ئـەو دەمـە ڕوونکردۆتـەوە، کـەس ئینکـاری بـوونی ئـیبن سـەبەئی نـەکردووە. جـا ئـەم عەبـدوڵڵای کـوڕی سـەبەئە، یەمەنیەکی جولەکەیە، سەرەتا خۆی کرد بە موسوڵمان، پاشان لایەنگریکردنی عـەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ هێناکایەوە، تاقمی سەبەئیەکان دەدەرێنـە پـاڵی ئەوانـەی کـە بڕوایـان بـە خوایەتی عەلی هـەبوو، هـەروەها هەرئەوانـە بـوون کـە هـاتن بـۆلای عـەلی کـوڕی ئەبوتالب و پێیان وت: تۆ ئەوی. ئەویش وتی: ئەو کێیە؟! وتیان: تـۆ خـوای. ئـەویش فەرمانی دا بە (قەنبەر)ی خزمـەتکاری چـاڵێ بکـەنێ و ئـاگری تیـا بـەردا، پاشـان فەرمووی :

لَمَّــا رَأَيْــتُ الأَمْــرَ أَمْــرًا مُنْكَــرا أَجَّجْــتُ نَــارِي وَدَعَــوْتُ قَنْبَــرًا[1]

---

(١) ڕیوایەتی ژمارە ٩٥٥. یەکێکە لە چوار کتێبە باوەڕپێکراوەکەی لای شیعەکان.

(٢) في كتابه «رجال الطواسي» (ص ١).

(٣) في كتابه «بحار الأنوار» (٢١٠/٥١) و (١٤٦/٤٢).

(٤) في كتابه «بحار الأنوار» (٢١٠/٥١) و (١٤٦/٤٢).

كاتێك كە بینیم ئـەم كـارە كـارێ گەنــە   ئاگرم كردۆو وتم قەنبەر چـاڵیان بۆبكەنــە

هەروەها وتی: هەركەسێ لـەو وتەیـەی پاشـگەز نەبێتـەوە بـەئاگر دەیسـوتێنم، ئەوەبوو زۆرێكیانی سوتاند، ئەوەشی كە ڕایكرد ڕایكرد، عەبدوڵڵای كوڕی سـەبەئیش یەكێك بوو لەوانەی ڕایكـرد، هەنـدێكیش ووتویانــە: كـوژراوە، خـوای پـەروەدگاریش زاناترە. دەشتەكیەكانیشی بەكاردەهێنا، ئەڕۆیشت درۆ و دەلەسەی بڵاودەكردەوە، كـە عوسمان واو وایكردوە. هەروەها خۆی و هاودەستەكانی نوسـراوی سـاختە (مـوزەوەر) یان بەناوی هاوەڵەكانی پەیامبەرەوە عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دەنوسی، وەكو زوبەیر و تەڵحـە و عــەلی و عائیشــە و... هتــد، هــەموویان بــە مــۆری ســاختە مــۆر دەكــرد، ئــەو نوسراوانەش بریتی بـوون لـە قسـەكردن بـە عوسمـان و بێـزاری دەربـڕین لـە خـۆی و سیاسەتەكەی. لە كۆنیشدا ئامێرەكـانی گەیانـدن نەبوونـە وەكـو ئێسـتا هــەن، ئــەو دەشتەكیانە هەر كە ئەو هەواڵانەیان پێ دەگەیشت بڕوایان دەكرد، تا ئەوەبوو چـەندین ئاژاوە گێڕ و دەغەڵ چوونە ڕیزیەوە. ئەوەبوو لە سەرجەم چین و توێژەكانـدا خـەڵكانێك وەڵامیان دایەوە، هەندێكیان دوای ئەوەی تێگەیشتن لـە مەبەسـتە چـەپەڵەكانی ئـیبن سەبە عوون بە بانگەوازكار بۆی، بەڵام هێندێكی تریان هەر بە كوێرانە دەسـتیان كـرد بە بانگەواز كردن.

جا ئەم ئـیبن سـەبەئە، شـوێنكەوتوی لـە سـەرجەم ویلایەتەكانـدا هـەبوو، بۆیـە بەردەوام نامەیان بۆ دەنارد و ئەمیش نامەی بـۆ دەنـاردن. هەنـدێكیان نامـەیان بـۆ

---

(١) ئەسڵەكەی لە «صحيحی بوخاری» (٦٩٢٢)، بەڵام درێژەكەی ئیبن حەجـەر باسـی كـردووە و دەڵـێ: سەنەدەكەی (حسن)ە.

هەندێکی تریان دەنارد و دەیاننوسی: والیەکەمان بە فەرمانی عوسمان واو وای لێ کردین، والیەکەمان بە فەرمانی عوسمان واو وای لێ کردین، ڕۆیشتین بۆ مەدینە و عوسمان واو وای بەسەرهێنایین، عوسمان واو وای هێنا بە سەر هاوەڵەکانی پەیامبەردا، نامەیەکمان لەزوبێری کوڕی عەوامەوە بۆ هاتووە، ڕاسپاردەیەکمان لە عەلی کوڕی ئەبوتالبەوە پێگەیشتووە، نوسراوێکمان لە عائیشەوە بۆ هاتووە، چی و چیمان بۆ هاتووە، ئیتر ئەو دەشتەکیانە کە هیچ دەربارەی دینەکەی خوا نازانن -شتێکی کەم نەبێ- ئەم قسانە کاری تێدەکردن و دڵیان پڕی ئەبوو لە شت لەئاست عوسمانی کوڕی عەففان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ.

سەبارەت بە ساختە کردنی نوسراوەکان، مەسروق دەڵێ: عائیشە وتی: لێی گەڕان (واتە: عوسمان) وەکو جلی پاك لە پیسیدا بەجێیان هێشت، پاشان وەك بەران سەریان بڕی. مەسروق پێی ووت: ئەمە کاری تۆ بوو! تۆ بۆ خەڵکت ئەنوسی و فەرمانت پێ دەکردن لە فەرمانی عوسمان دەرچن. عائیشە وتی: نە بەو خوایەی بڕواداران بڕوایان پێ هێناوە و بێ باوەڕان باوەڕیان پێ نەهێناوە، ڕەشم لەسەر سپی بۆ نەنووسیوون، هەتا ئەم ساتەی کە دانیشتووم. ئەعمەش ئەڵێ: جا خەڵك وای ئەزانی نوسراوەکان لەسەر قسەی عائیشە نوسراون(١). جا سەبەئیەکان، بە سەرکردایەتی عەبدوڵای کوڕی سەبەء، پاش ئەوەی بڕیاریان دا، بەرامبەر بە عوسمانی کوڕی عەففان هەنگاو هەڵنێن، لەسەر ڕێنمایی و راسپاردەی گەورەکەیان، ئەم هەنگاوانەیان نا:

---

(١) «البداية و النهاية» (٢٠٤/٧) قال ابن كثير: «إسناده صحيح».

هەنگاو و پیلانەکانی سەبەئیيەکان

- تانەدان لە والی ناوچەکان، بە چەشنێك هەوڵ بدەن وەك ستەمکار و مافخۆری خەڵك نیشانیان بدەن.

- وا خۆیان نیشان بدەن، فەرمان دەکەن بە چاکە و رێگریی دەکەن لە خراپە و ستەم.

- پتەوکردنی پەیوەندیەکانی رێکخستنی سەبەئیەکان لە سەرجەم هەرێمەکاندا و ئاڵۆگۆڕی نامە و زانیاریی ورد لەنێوانیاندا.

- هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ناو و ناوبانگی گەورە هاوەڵان و کەسایەتیەکان بۆ پشتگیریی بانگەوازەکەیان.

- هەنگاونان بۆ ساختەکردنی مۆر و بەڵگەنامەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی و کەسایەتیە ئیسلامیەکان، وەك ساختەکردنی مۆری خەلیفە و نووسراوی عائیشەی دایکی باوەڕداران.

لەو ماوەدا، سەبەئیەکان بە وردی ئیشیان دەکرد لەسەر جووڵاندنی رای گشتی و هاندانی خەڵك بەرامبەر بە والیەکانی ناوچەکان، هەتا ئەمە بکەنە کەرەستەیەکی دەستیان بۆ لێدانی خودی خەلیفە، دواجار پاش سەرکەوتنی هەنگاوی یەکەمی پیلانەکەیان، هەوڵ و هێرشەکانی خۆیان چڕکردەوە لەسەر خودی خەلیفە و چەندین دۆسیەی تۆمەتیان بۆ خەلیفە کردەوە، لەوانە:

- زەوتکردنی مافی عەلی کوڕی ئەبووتالب: ئیبن سەبەء دەیوت: عەلی وەصیی پەیامبەری خوایە و دەبوو دوای پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ عەلی بکرایە بە خەلیفە. دواجاریش وەڵامی دەدەینەوە.

- زبریی بەرامبەر بە گەورە هاوەڵان و کەسایەتیەکان، لەوانە: لێدان و سزادانی عەمماری کوڕی یاسر. لێدان و سزادانی عەبدوڵای کوڕی مەسعوود. دوورخستنەوەی ئەبووزەری غیفاری بۆ ناوچەی رەبزە. دەرکردنی ئەبوودەردا لە شام.

- هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسوکاریدا: حەکەمی گێڕایەوە پاش ئەوەی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دووری خستبوویەوە. موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانی کرد بە والی کە شیاوی کاربەدەستی نەبوو. عەبدوڵای کوڕی عامری کوڕی کورەیزی کرد بە والی کە شیاوی کاربەدەستی نەبوو. مەڕوانی کرد بە والی کە شیاوی کاربەدەستی نەبوو. پێنج یەکی ئەفریقیای دا بە مەڕوان. بەخششی هەبوو بۆ خزم و نزیکانی خۆی و موسڵمانانی لێ بێبەش دەکرد. وەلیدی کوڕی عوقبەی کرد بە والی کە کەسێکی فاسقەو شیاوی کاربەدەستی نیە. بەڵام بەگشتی، هەڵوێستی عوسمان بەرامبەر بە خزم و کەسەکانی، لە رێڕەوی گشتی شەریعەت دەرنەچووە، وەك باسی دەکەین.

- رەخنەگرتن لە ئیجتیهادەکانی: سوننەتی کورتکردنەوەی نوێژی لە سەفەردا لەکارخست. عومەر بۆ لییێدانی حەد قامچی بەکاردەهێنا، کەچی ئەم کردی بە گۆچان. چوویە سەر پلیکانەکەی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لە کاتێکدا ئەبووبەکر و عومەر لەو پلیکانە خوارتر دەوەستان بۆ وتاردان. سووتاندنی موصحەفەکانی قورئان و هێشتنەوەی یەك نوسخە. فراوانکردنی سنووری پەچەی

ئاژەڵانی بەیتولمال و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی شەخصیی خۆی. عوبەیدوڵای کوڕی عومەری لە بەرامبەر هورمزاندا نەکوشت.

- ڕەخنەگرتن لە رابردووی: ئامادەی غەزای بەدر نەبووبوو. لە ڕۆژی ئوحوددا مەیدانی جیهادی جێشهێت و رایکرد. لە بەیعەتی ریزواندا ئامادە نەبوو.

- دروستکردنی تۆمەت: لەسەر وشترەکەی لەگەڵ کۆیلەکەیدا نامەیەکی نووسی بۆ ئیبن ئەبی سەرح سەبارەت بە کوشتنی ئەو کەسانەی لە نامەکەدا باسی کردبوون.

هۆکاری دووەم: ئەو خۆشگوزەرانی و هەرزانی و نازونیعمەتەی کە ئومەتی ئیسلامی لەسەردەمی عوسماندا بەخۆوە بینی:

حەسەنی بەصرِی: دەڵێ: کەمجار نەبێ وەگەرنا ڕۆژ نەبوو خێر و خێرات بەسەر خەڵکدا دابەش نەکرێت، هەتا وای لێهات بانگدەر بانکی دەکرد: ئەی خەڵکینە وەرن هەنگوینەکەتان ببەن، ئەی خەڵکینە وەرن بەشەماڵەکەتان (پارەکەتان) ببەن[١]. ئەمەش لەبەر ئەوەی جیهاد کردن لە سەردەمی عوسماندا بەرفراوان بوو بوو، سەرەڕای ئەمەش لە عادەتی خۆشگوزەرانی و هەرزانیە، کە ئەم جۆرە شتانەی لێبکەوێتەوە وەکو گازندە و بۆڵەبۆڵ و ڕازی نەبوون، ئەمەش بە هۆی پێنەزانینی خەڵك و سوپاس نەکردنیان.

هۆکاری سێ یەم: جیاوازی نێوانی سروشتی عوسمان و سروشتی عومەر:

(١) «تحقيق مواقف الصحابة في الفتنة» (١/ ٣٦٠).

عومەر رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ توندبوو، بەڵام عوسمان زۆر نەرمونیان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لاواز نەبووە هەروەکو زۆرێك لە خەڵك گومان ئەبەن، بەڵکو نەرمونیان بووە، هەر بۆیە دەبینی کاتێك کە لە ماڵەکەی خۆیدا ئابلۆقەیان دا، وتی: دەزانن چی وای لێکردن جورئەت بکەن و هەستن بەم کارانە؟ هیچ وای لێنەکردن نەرم ونیانی خۆم نەبێ. عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەڵێ: سوێند بەخوا کۆمەڵە شتێکیان لە عوسمان ئەگرت، ئەگەر عومەر بیکردبایە کەس هیچی نەدەگوت.

کەوابوو بۆچی لە عوسمانیان گرت؟ لەبەرئەوەی عوسمان لە خەڵك خۆش دەبوو، لێی نەدەگرتن، چاوپۆشی دەکردن، لە هەڵە و کەم و کورتی خۆش دەبوو، عەفوی دەکردن.

هۆکاری چوارەم: پێقورس بوونی هەندێك لە خێڵەکان بە سەرکردایەتی کردنی قورەیش:

ئەو خێڵە عەرەبانەی کە هاتنە نێو ئیسلامەوە، بەتایبەت ئەو خێڵانەی کە هەندێکیان لە دین هەڵگەڕانەوە و پاشان بە زۆری شمشێر و دوای شەڕکردن گەڕانەوە، هەندێکیان بە قەناعەتەوە و هەندێکی تریشیان بێ قەناعەت، هەندێ شتیان هەر لە دڵ مابوو، ئا ئەوانە قورس بوو بە سەریانەوە کە سەرکردایەتی کردن هەر لە قورەیش بێ، باشە بۆ هەر قورەیش؟ بۆیە ئیبن خەلدون دەڵێ: (هەندێك لە خێڵە عەرەبەکان سەرکردایەتی کردنی قورەیش ببوە شتێك لایاندا و نەفسیان پێی ڕازی نەدەبوو، بۆیە دەستیان کرد بەتانە و تەشەردان لە والی و دەسەڵاتدارەکان[1] بۆ ئەو مەبەستە نەرم

---

(١) «تحقيق مواقف الصحابة فى الفتنة» (١/٣٦٥).

ونیانی عوسمانیان قۆستەوە. هۆکاری تریش هەن بوونەتە هۆی نانـەوەی ئـەم فیتنەیـە بەڵام لەبەر کورتبڕی باسم نەکردن.

ئەو ڕەخنانەی کە لە عوسمانیان گرت رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ:

یەکەمیان: خزمەکانی کردووە بە والی و دەسەڵاتدار

ئەو خزمانەی عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ کە کردبوونی بـە والی: یەکـەمیان: موعاویەیـە. دووەم: عەبـدوڵڵای کـوڕی سـەعدی کـوڕی ئـەبی سـەرحە. سـێیەم: وەلیـدی کـوڕی عوقبەیە. چوارەم: سەعیدی کوڕی عاصە. پێنجەم: عەبـدوڵڵای کـوڕی عـامرە. ئـەم پێنجە عوسمان کردنی بە والی، هەمووشیان خزمی عوسمانن، ئـەوان پێیـان وایـە ئـەم کارە جێگای تانە و نەنگی یە بۆ عوسمان. کەوابوو با تەماشایەکی باقی والی یـەکانی تری عوسمان بکەین رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ: ئەبو موسای ئەشعەری، قەعقاعی کوڕی عەمر، جابری موزەنی، حەبیبی کوڕی مەسلەمە، عەبدولڕەحمانی کوڕی خالدی کـوڕی وەلیـد، ئـەبو ئەعوەری سوللەمی، حەکیمی کوڕی سەلامە، ئەشعەسی کوڕی قەیس، جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلی، عوتەیبەی کـوڕی نـەهھاس، مـالکی کـوڕی حـەبیب، نەسـیری عەجەلیی، سائیبی کوڕی ئەقرەع، سەعیدی کوڕی قـەیس، سـەلمانی کـوڕی ڕەبیعـە، خونەیسی کوڕی خوبەیش.

بەخێرایییەکیش بێت تەماشایەکی والیەکان بکەین، دەبیـنین خزمـەکانی عوسمـان زۆر زۆر کەمترن لە چاو ئەوەکانی تر، بە تایبەت ئەگـەر بـزانین کـە پەیامبـەری خـوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ خێڵی ئومەییەی زیاتر لە هۆزەکانی تـر دەکـردن بـە کاربەدەسـت و والی. ئیبن تەیمیە: دەڵێت: (هیچ هۆزێك لە هۆزەکانی قورەیش ناناسـین بـە ئەنـدازەی

بەنی ئومەییە پەیامبەری خـوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بـەکاری هێنـابن وبـە کاربەدەسـتی دانابێتن، ئەمەش لەبەر ئەوەی ژمارەیان زۆربووە و لەگەڵ ئەوەشدا دەم سپی و پایـەدار بوون لە نێو خەڵکدا)[١].

دوای ئەوەش دەڵێین: ئەمانـە هـەر هـەمویان لەیـەك کاتـدا نـەکراون بـە والی، سەرەتا وەلیدی کوڕی عوقبەی دانا، بەڵام دواجار لایدا و سەعیدی کـوڕی عاصـی لـە شوێنی دانا، کەوابو لەیەك کاتدا پێنج نەبوون.

سەرباری ئەوەش، عوسمان پێش ئەوەی وەفات بکات سەعیدی کـوڕی عاصیشـی لادا[٢]، کەواتە کاتێك عوسمان وەفاتی کردوە لە هەموو بەنی ئومەیە تەنها سـێ والی مابون، کە بریتین لە: موعاویە و عەبـدوڵڵای کـوڕی سـەعدی کـوڕی ئـەبی سـەرح و عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوڕی کورەیز، هەروەها عەبـدوڵڵای کـوڕی عـامریش پـێش وەفاتکردنی عوسمان دەستی لە کار کێشایەوە[٣].

ئا لێرەدا شتێك هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەویش ئەوەیە:

وەلیدی کوڕی عوقبە و سەعیدی کوڕی عاص کـە عوسمـان لایـبردن والـی بـوون بەسەر کوفەوە! ئەو کوفەیەی کە عومەر سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی تێـدا دەرکـرد!

---

(١) «منهاج السنة» (٦/١٩٢). لەوانەش: عەتتابی کوڕی ئوسەید، ئەبو سوفیان، خالـدی کـوڕی سـەعید، عوسمانی کوڕی سەعید، ئەبانی کوڕی سەعید. پێنج کەس بە ژمارەی ئەوانەی کە عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ کردنی بە والی.

(٢) «تاريخ الطبرى» (٣/٤٤٥).

(٣) «تاريخ الطبري» (٣/٤٤٥).

هەروەها عوسمان ئەبو موسا و وەلید و هی تریشی تێدا دەرکـرد. ئـەو کوفەیـەی کـە عەلی دوعای لە خەڵکەکەی کـردووە. ئـەو کوفەیـەی کـە خەڵکەکـەی غـەدریان لـە حوسەینی کوڕی عـەلی کرد. ئەو کوفەیەی کە خەڵکەکەی پەیمانەکەیان شـکاند لەگـەڵ موسلمی کوڕی عەقیل دا.

لە کۆتاییدا و نەك کۆتاهەمین:

ئەو کوفەیەی کە خەڵکەکەی حوسەینی کوڕی عەلیان کوشت! ئـەو کوفەیـەی کـە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە هیچ والییەك ڕازی نەبووە. کـەوابوو لـە کـارلابردنی ئـەو والیانـە لەلایەن عوسمانەوە نابێتە جێگای تانە بۆ ئەو والیانە، بەڵکو جێگای تانـە و عـەیبەیـە بۆ ئەو شارەی کە تێیدا والی بوون، دوای ئەوەش: ئایـا ئـەو والیانـە شـیاویی خۆیـان ئیسپات کرد یا نا؟ -إن شـاء الله- دوایی شایەتی زانایان لەسەر ئەو والیانەی عوسمان دێنینەوە.

هەروەها دەڵێین: بە هەمان شـێوە عـەلی کـوڕی ئـەبوتالبیش خزمـەکانی خـۆی کردووە بە والی[(١)].

(عەبدوڵڵا) و (عوبەیدوڵڵا) و (قیـثم) و(تەمام)... کە هەر چواریان کوڕی عەباسن کردونی بەوالی، هەروەها زڕ کوڕەکەی خۆشی: موحەممەدی کوڕی ئەبوبـەکر. هـەروەها عەبدولڕەحمانی کوڕی هوبەیرەی کوڕی ئوم هانیئی خوشکیشی.

---

(١) انظر: «تاريخ خليفة بن الخياط» (ص٢٠٠-٢٠١).

کەسیش ڕەخنەی لێ نەگرتوە، ئێمەش ڕەخنەمان لێ نەگرتووە و لێشی ناگرین. جا ئەو کەسەی کە ئەم ڕەخنەیە دەگرێت -بە والی دانانی خزمەکانی عوسمان-، یان ئەوەتا سوننیە یا شیعیە.

ئەگەر شیعیەك بوو، بەوە وەڵامی دەدەینەوە کە:

عەلی کوڕی ئەبی تالبیش بە هەمان شێوە خزمەکانی خۆی کردوە بەوالی، کەواتە هەردووکیان لە مەسەلەکەدا یەکسانن، ئەگەر بە والی دانانی خزم بکەیتە ڕەخنە و گازندە بەسەر عوسمانەوە، ئەوا بەهەمان شێوە بە والی دانانی خزمەکانی عەلی لەلایەن خودی عەلی یەوە، ئەبێ ببێتە ڕەخنە و گازندە بەسەریەوە، خۆ ئەگەر ئەم کارە هیچی تێدا نییە بۆ عەلی، ئەوا بەهەمان شێوە بۆ عوسمانیش هیچی تێدا نییە، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە عوسمان کردنی بە والی، باشتر بوون لە وانەی کە عەلی کردنی بە والی، جگە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس نەبێت.

بەڵام ئەگەر هاتوو کابرا سوننی بوو، ئەوا **پێی دەڵێین:**

تۆ دوو ڕێگات لە پێشە: **یەکەمیان:** ئەوەتە بڵێی عوسمان بە هۆی خۆشەویستی و خزمایەتیەوە کردونی بە فەرمان ڕوا، بەڵام شایانی فەرمانڕەوایەتی نەبوون. **دووەمیان:** ئەوەتە بڵێی: عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ وای ئەزانی ئەوان شایستەی ئەو کارەن بۆیە ئەو کارەی پێ سپاردن. جا ئەسڵیش وایە گومانی چاکە ببرێ بە ئەمسالی عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ، دوای ئەمانەش با تەماشایەکی ژیان و ڕەوشتی ئەو والیانە بکەین کە عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ دایناون.

ئەمانەش شایەتی زانایانن بۆ ئەو والیانە:

یەکەم: موعاویەی کوڕی ئەبو سفیان:

هیچ موسـولْمانێك گومـانی لـەوەدا نییـە کـە موعاویـەی کـوڕی ئـەبو سـفیان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ یەکێك بووە لە باشترین والییـەکان، تەنانـەت خـەڵکی شـام زۆر زۆریشـیان خۆشویستوە، عومەری کوڕی خەتتاب کردبـووی بـە والی بـە سـەر شـامەوە، تـەنها کارێك کە عوسمان کردبێتی ئەوە بووە، موعاویەی هەر لەو شوێنەی خۆی هێشـتۆتەوە لەگەڵ زیادکردنی هەندێ ناوچەی تر بۆ سەر ویلایەتەکەی. دوای ئەوەش لە سـەردەمی پەیامبەری خوادا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ نوسەری وەحی بووە، هـەروەها یـەکێك بـووە لـە باشترینی والیەکان، لە کاتێکدا «باشترین فەرمان ڕەواکان ئەوانەن کە خۆشـیان ئـەوێن و ئەوانیش ئێوەیان خۆش ئـەوێ، وە ڕەحمـەتیان لێ دەکـەن و ئـەوانیش ڕەحمتـان لێ دەکەن»[1]. موعاویەش رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ ئاوها بووە.

دووەم: عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح:

یەکێك بوو لە هاوەڵانی پەیامبەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، پاشان لە دین هەڵگەڕایـەوە، بەڵام دوای ئەوە دووبارە تەوبـەی کـرد و گەڕایـەوە و هـات بـۆلای پەیامبـەری خـوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، بەڵکو بەیعەتی لێوەربگرێت، عوسمان وتی: ئـەی پەیامبـەری خـوا بەیعەتی لێوەرگرە، ئـەو تەوبـەی کـردووە، بـەڵام پەیامبـەری خـوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ نەیکرد، عوسمانیش هەر ڕەجای لە پەیامبەری خـوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، دەکـرد وهـەر وازی نەهێنا، تا ئەوەی پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، دەستی درێژکرد و بەیعەتی پێدا[2].

---

(١) انظر: «صحيح مسلم» كتاب الامارة، باب خيار الأئمة وشرارهم، حديث (١٨٥٥).

(٢) أخرجه أبو داود، كتاب الحدود، باب الحكم فى من ارتد (٤٣٥٩).

ئەویش لە هەموو ئەوانەی پێشووی تەوبەی کرد، هەروەها یەکێك بووە لـە والیـە باشەکان، لەسەر دەستی ئەم فەتحی ئیفریقیا کـرا. زەهـەبی لەبارەیـەوە دەڵـێ: هـیچ سنورێکی نەبەزاندوە، لە دوای موسوڵمان بوونیەوە لە ساڵی فەتحـدا هـیچ کـارێکی وا گەنی نەکردووە کە ببێتە گلەیی و گازندە بەسـەریەوە، هـەروەها پیـاوێکی زۆر ژیـرو چاك بووە(١).

ئەو هەموو فتوحاتە زۆرەی لە ئیفریقیـە کـرا، هـەمووی لەسـەر دەسـتی ئەمـدا بوو رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ.

سێیەم: سەعیدی کوڕی عاص:

یەکێك بووە لە هاوەڵە باشەکانی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، زەهبی لە بارەیـەوە دەڵێ: (ئەمیرێکی بەڕێز و زۆر چاك و نەرم و نیان و بەویقار بووە، خۆڕاگر و ژیر بـووە، شیاوی خیلافەت بووە)(٢).

چوارەم: عەبدوڵڵای کوڕی عامری کوڕی کوڕەیز:

ئەم بوو فەتحی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کیسرا و خۆراسانی کرد، لەسـەر دەسـتی ئەم لە سـەردەمی عوسمانـدا کۆتـایی بـە دەوڵـەتی فـارس هێنـرا، هـەروەها فـەتحی سەجستان و کرمان و چەند ناوچەیەکی تریشی کردووە، زەهـەبی لـە بارەیـەوە دەڵـێ: «یەکێك بووە لە گەورە فەرمانڕەوا و جوامێر و لێهاتوەکانی عەرەب»(٣).

پێنجەم: وەلیدی کوڕی عوقبە:

---

(١) «سير أعلام النبلاء» (٣/٣٤).

(٢) «سير أعلام النبلاء» (٣/٤٤٥).

(٣) «سير أعلام النبلاء» (٣/٢١).

لەلای «شەعبی» باسی حەبیبی کوڕی مەسلەمە و جیهاد و فتوحاتەکانی کرا، ئەویش وتی: ئەی ئەگەر وەلید و غەزا و ویلایەتەکەیتان ئەبینی؟[١].

وەلید پێنج ساڵی ڕەبەق ئەمیری کوفە بوو هێشتاماڵەکەی دەرگایەکی پێوەنەبوو، هەرکەس بیویستایە دەهات و قسەی لەگەڵدا دەکرد، خەڵکیش خۆشیان ئەویست، بەڵام ئیتر هەروەکو ووتراوە: خەڵکی کوفەیە ئیتر...

ئەوەی لە وەلید گیرا ئەم دوو شتە بوو:

یەکەم: دەڵێن ئەم ئایەتە لەسەر ئەو دابەزیوە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن جَآءَكُمْ فَاسِقٌۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓا۟ أَن تُصِيبُوا۟ قَوْمًۢا بِجَهَـٰلَةٍ فَتُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَـٰدِمِينَ﴾. «ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر فاسق و تاونکارێك هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان، پەلەمەکەن و سەرنج بدەن و لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە، نەوەك بە نەزانی زیان بگەیەنن بە خەڵکێك، جا دوای پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کە پێی هەستاون». ئەوەی کە مەشهورە لە کتێبەکانی تەفسیردا ئەم ئایەتە کاتێك دابەزی کە پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ وەلیدی کوڕی عوقبەی نارد بۆ لای بەنی موستەلیق (بني المصطلق) بە مەبەستی هێنانی زەکاتەکانیان، جا کاتێ گەیشتە لایان خەڵکەکە بەرەو ڕووی هاتن[٢]، ئەویش ترساو گەڕایەوە[٣] بۆلای پەیامبەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، وتی ئەی پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ویستیان بمکوژن، پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ توڕەبوو و خالدی کوڕی وەلیدی ڕەوانەیان کرد، بەڵام دوای دابەزاندنی ئایەتەکە، پەیامبەری خوا

---

(١) «تاريخ الطبري» سنة ٣٠ هـ (٢/٦١٠).

(٢) بە مەبەستی پێشوازی لە وەفدی پەیامبەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ.

(٣) وایزانی پەلاماری ئەدەن و ئەیانەوێ بیکوژن.

عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمانی کرد لێکۆڵینەوە بکرێت تا مەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە، ئەوە بوو کە لە مەسەلەکە کۆڵینەوە وتیان: ئێمە بۆ کوشتنی نەهاتبوین، بەڵکو زەکاتەکانمان هێنابوو، چونکە نێردراوەکەی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دواکەوت.

دووەم: دەڵێن بە سەرخۆشی نوێژی بەیانی کردووە، چوار ڕکاتی کردووە و پاشان سەلامی داوەتەوە و وتویەتی، زیادەتان بۆ بکەم؟ ئەوانیش گوتوویانە: تۆ لە مرۆوە زیادەی، ئەوەبوو ڕۆیشتن بۆ لای عوسمان و سکاڵایان لەلا کرد، ئەویش بە (حەددی مەی خۆر قامچی لێدا. لە صەحیحی موسلمیشدا هاتووە کە عوسمان بە حەددی مەی خۆر قامچی لە وەلید داوە[1].

سەبارەت بەیەکەمیان: مەشهوورە لەلای ڕاڤەکاران[2]، کەوا ئایەتەکە لەبارەی وەلیدەوە دابەزیوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە وەلید فاسقە، چونکە خوای پەروەردگار حوکمێکی گشتی داوە بەسەر ئەو کەسەی کە هەواڵ ئەهێنێ، با پەروەردگاریش -سبحانە- بە فاسق ناوی هێنابێ، یانی ئیتر هەتا هەتایە هەر بە فاسقی دەمێنێتەوە؟ خوای بەرز و پیرۆز دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةً وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدًاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٤ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾ [النور: ٤-٥]. «وئەوانەی کە بوختان دەکەن بە ئافرەتانی داوێن پاك، لە پاشان چوار شایەت ناهێنن، ئەوانە هەشتا شەلاق (قامچی) یان لێبدەن و ئیتر

(١) «صحيح مسلم» (كتاب الحدود، باب حد الخمر) حديث (١٧٠٧).

(٢) «مسند أحمد» (٢٧٩/٤).

هەرگیز شایەتیان لێوەرمەگرن، ئا ئەوانە لەسنور دەرچوون وفاسقن، جگە لەوانەی دوای ئەوە تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە و کردەوەیان چاك دەکەن و چاکسازی دەکەن، ئەوە بێگومان خوا لە ئاست ئەو جۆرە کەسانەدا لێخۆشبوی بە بەزەییە». گریمان ئەم ئایەتە لەسەر وەلیدی کوڕی عوقبە دابەزیووە، ئایا تەوبەکردنی بۆ نییە؟!

سەبارەت بە مەی خواردنەوەکەشی:

پێش هەموو شتێ، ئەوە خوا ئەزانێ کە خواردویەتی یان نا؟ نەك صەحیحی موسلم بەدرۆ بخەمەوە، بەڵکو لە صەحیحی موسلمدا هاتووە کە لەسەر مەیخواردنەوە قامچی لێدراوە، بەڵام ئایا سابت بووە مەی خواردبێ یان نا؟ ئەمەشتێکی ترە. کاتێك کە وەلیدی کوڕی عوقبە والی بوو بەسەر کوفەوە، دوو پیاو لە خەڵکی کوفە هاتن بۆ مەدینە بۆلای عوسمانی کوڕی عەففان و پێیان وت: وەلیدی کوڕی عوقبەمان بینی بە سەرخۆشیەوە نوێژی بەیانی بۆکردین، یەکێکیان وتی: خۆم بینیم بەسەر خۆشی، ئەوەکەی تر وتی: من بینیم مەیەکەی هەڵدەهێنایەوە. عوسمانیش وتی: حەتمەن خواردوویەتیەوە بۆیە هەڵی دێنێتەوە. عەلی کوڕی ئەبوتالب و حەسەنی کوڕی عەلی و عەبدوڵلای کوڕی جەعفەریش رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ لەوێ ئامادە بوون. ئەوەبوو عوسمان فەرمانیدا قامچی لە وەلید بدرێ و پاشان لە والێتی کوفەش لایبرد، بەڵام هەندێك لە زانایان گومانیان لە شایەتی شایەتەکان هەیە، نە لە ڕاستێتی چیرۆکەکە، بەڵێ ئەو قامچی لێدراوە هەروەکو لە صەحیحی موسلم دا هاتووە، بەڵام ئایا هەردوو شایەتەکە ڕاستگۆ بوون؟ گریمان ئەو شایەتانەش ڕاستگۆبن، خۆ هیچ نەنگی و تانەیەکی بۆ عوسمان تێدا نییە، بەڵکو هەر کە مەیخواردنەوەکەی یەکلابوویەوە،

ڕاستەوخۆ قامچی لێداوە و لـە فـەرمانڕەوایی دەریکـردوە، خـۆ عوسمـان هەڵەیـەکی نەکردووە؟ هەروەکو دیارە، بەڵکو ئەمە شانازیە بۆ عوسمان، کە ڕۆیشتووە قامچی لـە خزم و نزیکێکی خۆی داوە و لـە والیـەتی دەریکـردوە و پشـتگیری نـەکردووە، دوای ئـەوەش خـۆ وەلیـدی کـوڕی عوقبـە مەعصـوم نییـە؟ ئێمـە هـەر لـە سـەرەتای باسـەکەمانەوە وتمـان ئێمـە بانگەشـەی مەعصـومیەت بـۆ هـاوەڵانی پەیامبـەر عَلَيۡهِٱلصَّلَاةُوَٱلسَّلَامُناکەین. لەسەردەمی عومەریشدا شتێکی ئاوها ڕویدا، ئیبن مظعـون مەی خواردەوە وئەم ئایەتەی تـەئویل کـرد ﴿عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ {المائـدة: ٩٣}. بەڵام دواجار عومەر ڕاستی مەسەلەکەی بـۆ ڕوون کـردەوە و پاشـان لـە والێتـی دەریکرد، جا ئا ئەوانەن والیەکانی عوسمان، تاکە کەسێك کە ئەکرێت تانـەی لێبـدرێ وەلیدی کوڕی عوقبەیە، ئەویش هیچ تانەیەکی بـۆ عوسمـان تێـدا نییـە، جـا ئەگـەر تانەیەکیش هەبێ تەنها لەسەر خودی وەلیدی کوڕی عوقبەیە.

لێگرتنی دووەم: دوورخستنەوەی ئەبو زەڕ بۆ ڕەبزە.

ئەو ڕیوایەتەی کە لە لای تەبەری و ئەوانی تریشدا هـاتووە، لـە ڕێگـەی سـەیفی کوڕی عومەرەوە ڕیوایەت کراوە، کەوا موعاویە و ئـەبو زەڕ دەمـە قاڵێکیـان بـووە، ئەویش نوسراوێك دەنوسێ بۆ عوسمان کە ئەبو زەڕ خەڵکمان لێدەوروژێنێنێ، ئـەوەبوو عوسمان ناردیە شوێن ئەبو زەڕ، جا عوسمان ئاگاداری کردەوە و پاشان ئەبو زەڕ دەرچوو بۆ ڕەبزە[1]. ئەمە ڕیوایەتەکەی سەیفی کوڕی عومەرە، جا من پێشتر ئاماژەم بـەوەدا

---

(١) «تاريخ الطبري» (٣/٢٣٥).

کـە ئێمـە ڕیوایـەتی صـەحیحمان هەیـە قبـوڵی بکـەین، ئـا لێرەشـدا ڕیوایـەتێکی صەحیحی بوخاریمان هەیە لەسەر ئەم بابەتە: لـە زەیـدی کـوڕی وەهبـەوە دەڵـێ: بـە ڕەبزەدا تێپەڕیم، بینیم وا ئەبو زەڕی لێیە! پـێم وت: ئـەی ئـەبو زەڕ ئـەوە چـی تـۆی گەیاندە ئێرە؟ وتی: لە شـام بـووم، جیـاوازی کەوتـە نێـوان مـن و موعـاویـە لەسـەر ئەوانەی ئاڵتون و زیو هەڵدەگرن و خڕی دەکـەن، موعاویـە ئـەیووت: لەسـەر ئـەهلی کیتاب دابەزیووە؟ بەڵام من دەموت: لەسەر هەردوولامان دابەزیوە. ئەمە شتێکی لـە بەینماندا دروست کرد، ئەوەبوو نامەیەکی نارد بۆ عوسمان و سکاڵای منـی تێـداکرد، کە باسی ئەو جـۆرە مەسـەلانە ئەکـەم و خـەڵك ئـەوروژێنم، عوسمـانیش نـاردی بـە شوێنمدا، کە گەیشتمە مەدینە خەڵکم هـەموو لێ کۆبویـەوە، وەکـو ئـەوەی پێشـتر منیان نەدیتبێ، منیش باسی ئەوەم بۆ عوسمان کرد، عوسمـان وتـی: ئەگـەر ویسـتت لێیەتی، دورت بگرتایە و لەشوێنێك لەم نزیکانە بوویتایە؟ جا ئـەوەی مـنی گەیانـدە ئێرە ئا ئەمە بوو، ئەگەر بەندەیەکی حەبەشیش بکەنە کاربەدەست بەسـەرمەوە ئـەوا هەر گوێڕایەڵ دەبم و سەرپێچی ناکەم[١]. هەر بۆیە عوسمان کوڕی عـەففان ئـەبو زەڕی دەرنەکردوە بۆ ڕەبزە، موعاویەش بـەبێ ڕێـزی و بـە سـوکایەتیەوە نەیناردۆتـەوە بـۆ مەدینە، هەموو ئەمانە درۆن بەناوی ئەوانەوە دەکرێتی. ئا ئەمـە چـیرۆکەکەی ئـەبو زەڕە لە لای بوخاری، هەروەها لە لای ئیبن سەعدیش بە سەنەدێکی (جید) هاتووە کە کاتێك دەرچووە بۆ ڕەبزە وتویەتی: گـوێم لـە پەیامبـەری خـوا بـوو عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دەیفەرموو: «إذا بلغ البناء سَلْعاً فاخرج منها»[٢]، «ئەگەر خانوو گەیشتە (سَلْع) ئەوا

---

(١) «صحيح البخاري» كتاب الزكاة، باب ما أدى زكاته فليس بكنز، حديث (١٤٠٦).

(٢) «الطبقات» لابن سعد (٢٢٦/٤) سلع: جبل في المدينة.

له مەدینه دەربچۆ). جا ئەمە فەرمانی پەیامبەری خوایە عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، هەروەها ڕیوایەتکراوه له پەیامبەری خواوه عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرموویەتی: (ڕەحمەتی خـوا لـه ئەبو زەڕ بێ، به تەنیایی ڕێدەكات، به تـەنیایی دەمـرێ، لـه قیامەتیشـدا هـەر بـه تەنیایی زیندوو دەكرێتەوه)[١].

لێگرتنی سێیەم: پێنجیەكی دەسكەوتی ئەفریقای داوەته مەڕوان

سابت نەبووه عوسمـان شـتی وای كردبـێ، ئەگـەر كـارێكی واشـی كردبـێ ئـەوا مەبەست پێی پێنجیەكی پێنج یەكەكەیه، چونكه دەستكەوت دابـەش دەكرێتـه سـەر پێنج بەشەوه، پێنجیەكیان بۆ تێكۆشەرانه، پێنج یەكێكیشی دابەش دەكرێت به سـەر پێنج پێنج یەكدا، خوای گەوره له قورئاندا باسی كردووه: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا يَوْمَ ٱلْفُرْقَانِ يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ {الأنفال ٤١}. «وبـــــــزانن بێگومان هەرچیەكتان له غەنیمـەت دەسـتكەوت، ئـەو بەڕاسـتی پێـنج یـەكی ئـەو دەستكەوته بۆ خوا و بۆ پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ و بـۆ خزمـانی پیغەمبـەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ و بۆ هەتیوان و بۆ هەژاران و بـۆ ڕێبوارانـه، ئەگـەر ئێـوه باوەڕتـان هێناوه به خوا و بـەوەی ناردومانەتـه خـوارەوه بـۆ سـەر بەنـدەی خۆمـان لـه ڕۆژی جیاكردنەوەدا (واته جەنگی بەدر)، لـەو ڕۆژەی كـه دوو كۆمـەڵ دژبەیـەك جـەنگان، خـواش بەسـەر هـەموو شـتێكدا دەسـەڵات داره». جـا بەشـی خـوا و پەیامبـەر

---

(١) أخرجه الحاكم (٥٠/٣) وصححه، وقال الذهبي: «فيه إرسال، وفيه بريد بن سفيان وهو ضعيف جدًا».

عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ بۆ پێشەوای موسڵمانانە، هەر چۆنی بویٚ وای لیٚ دەکا، ئەوەشی کە باس دەکرێت ئەوەیە کە عوسمان بەڵێنی بە مەڕوان داوە کە ئەگەر فەتحی ئیفریقیە بکات ئەوا ئەو پێنج یەکەی کە تایبەتە بە خۆی پێی دەبەخشێت، بەڵام هەروەك پێشتر لە فەتحی ئیفریقیەدا باسمان لێوە کرد ئەوەی وەکو پاداشت دا بە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەرح لەبەرانبەر فەتحی ئیفریقیە.

لێگرتنی چوارەم: سوتاندنی موصحەفەکان.

حوزەیفەی کوڕی یەمان نوسراوێکی نارد بۆ عوسمان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ کەوا خەڵکی لە سەر قورئان خوێندن جیاوازیەکی زۆر کەوتۆتە نێوانیانەوە، بەو ڕادەیەی ترسی ئەوەیان لێدەکریٚ پێی بیٚ باوەڕ بن، بۆیە داوای لە عوسمان کرد هەموو خەڵکی کۆبکاتەوە لەسەر یەك شێوازی خوێندنەوە (قراءة) وجارێکی تر قورئان کۆ بکاتەوە[١].

بۆیە عوسمانیش فەرمانی کرد جارێکی تر قورئان کۆ بکرێتەوە و هەموو موصحەفەکانی تر بسوتێنرێت.

١- ئەو موصحەفانەی کە عوسمان سوتاندنی کۆمەڵیٚ شتیان تێدا بوو لە تیلاوەی سڕاوە (منسوخ)، بەڵام هەندێك لە هاوەڵان هەر لای خۆیان هێشتبویانەوە.

٢- هەندێکی تری ئەو موصحەفانە، تەرتیبی سورەتەکانیان لە شێوەی ئەو ڕیزبەندیە نەبوو کە کۆتا جار جوبرەئیل عەرزی پەیامبەری خوای کرد عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ.

---

(١) «صحيح البخاري» كتاب فضائل القران، باب جمع القران، حديث (٤٩٨٧).

٣- بەشێکی تریان، تەفسیری هەندێ لە هاوەڵان بۆ هەندێك لە ئایەتەکانی تێدا بوو، بۆیە عوسمان فەرمانی دا هەموو ئەو قورئانانە بسوتێنرێن و تەنها یەك قورئانی نووسیوە کە هەموو قیرائەتەکانی لە خۆ گرتبوو، بە هیچ شێوەیەك قیرائەتە سابتەکانی لە پەیامبەری خواوە عَلَيۡهِٱلصَّلَاةُوَٱلسَّلَامُ هەڵنەوەشاندەوە.

هەندێ لە زانایان دەڵێن: بەڵکو تەنها یەك قیرائەتی هێشتەوە، ئەویش ئەو قیرائەتە بوو کە بە زمانی قورەیش بوو. ئیبن ئەلعەرەبی لە بارەی کۆکردنەوەی قورئان و سوتاندنی باقی موصحەفەکانی ترەوە دەڵێ: (ئەمە کردەوە چاکە هەرە مەزنەکەی و خەسڵەتە گەورەکەیەتی، بەم کارەی جیاوازی بنبڕکرد و خوای گەورە لەسەر دەستی ئەم قورئانی پاراست)[1].

وَمَنْ يَكُنْ ذَا فَمٍ مُرٍ مَرِيضٍ يَجِدْ مُرًّا بِهِ المَاءَ الزُّلالا

ئەوەی دەمی تاڵ ونەخۆشە ئاوی سازگاریشی پێ تاڵ و ناخۆشە

لێگرتنی پێنجەم: داویەتی لە ئیبن مسعود تا ڕیخۆڵەکانی تەقاندوە، هەروەها داویەتی لە عەمماڕی کوڕی یاسر هەتا پەراسوەکانی شکاندوە.

ئەمە درۆیە، ئەگەر ڕیخۆڵەکانی بتەقیایە دەمرد و نەدەژیا، جا نە ڕیخۆڵەکانی ئیبن مەسعودی تەقاندووە و نە پەراسوەکانی عەمماریشی شکاندوە.

لێگرتنی شەشەم: زیادکردنی جێلەوەڕی قەدەغە

(١) «العواصم من القواصم» (ص٨٠).

جێلەوەڕی قەدەغە (حِمی) بۆ پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ هەبووە، هەر بۆیە دەفەرموێ: «إنما الحِمَى حِمَى اللهِ وَرسوله»(١)، «حِمَی تەنها بۆ خوا و بۆ پەیامبەری خوایە».

عومەر رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ پاکژێکی بۆ لەوەڕاندنی حوشتری صەدەقە تەرخانکرد و ناوچەیەکی دیاری کراویشی بۆ سازدان تەنها حوشتری صەدەقەی تێدا دەلەوەڕا، بۆ ئەوەی قەڵەو بن و خەڵك سود مەندبن لێیان، بەڵام کاتێك کە عوسمان هات و خێر و صەدەقە زۆر بوو، هەستا ئەم پاکژەی فراوانکرد، جا ئەمەیان کردۆتە تانەیەك بەسەریەوە، پێیان وت: ئەم لەوەڕگایەت وا فراوانت کردوە، خوا ئیزنی پێداوی یان درۆ بەناو خواوە ئەکەی؟ ئەویش وتی: عومەر پێش من ناوچەیەکی دیاریکراوی قەدەغەکرد و تەرخانی کرد بۆ لەوەڕاندنی حوشتری صەدەقە، بەڵام کە من هاتم حوشتری صەدەقە زیادی کرد، بۆیە منیش لەوەڕگاکەم فراوان کرد(٢).

جا توخوا ئەمە ڕەخنەیە؟!

لێگرتنی حەوتەم: نوێژی سەفەری کورت نەکردۆتەوە.

پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لە سەفەردا دوو ڕکاتی کردووە، ئەبو بەکریش لە سەفەردا دوو ڕکاتی کردوە، عومەریش بەهەمان شێوە دوو ڕکاتی کردوە، عوسمانیش لە سەرەتای خیلافەتەکەیدا دوو ڕکاتی دەکرد، بەڵام دواجار بە تەواوی دەیکرد. وەڵامیش ئەوەیە:

---

(١) «صحيح البخاري» كتاب المساقات، باب لا حمى إلا لله و رسوله، حديث (٢٣٧٠).

(٢) أخرجه أحمد في (فضائل الصحابة) (٤٧٠/١ رقم ٧٦٥) بسند صحيح.

سەرەتا: ئەمە مەسەلەیەکی فیقهی ئیجتهادی یە، عوسمان ئیجتهادی کردووە و هەڵە بووە؟ کە چی بکرێ؟ ئەمە ئەگەر فیعلەن هەڵەی کردبێ؟ بۆ ئەمە خوێنی عوسمان حەڵاڵ ئەکات؟ بۆ مەگەر غەیرە پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ کێ مەعصومە؟ دوای ئەوەش، ئەم مەسەلەیە لە نێوان زانایاندا ڕاجیاوازی لەسەرە، زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کەوا کورت کردنەوەی نوێژ سوننەتێکە و باش وایە بکری[1] جا گەر عوسمان شتێکی کردبێ، تەنها ئەوەیە کە وازی لە سوننەتێك هێناوە و موباحێکی کردوە، یان دەستبەرداری ڕوخسەت (ڕێپێدان)ێکی شەرعی بووە و عەزیمەتێکی کردوە.

بەڵام بۆچی عوسمان بە تەواوەتی کردویەتی؟ وتراوە بەهۆی یەکێك لەم دوو هۆکارەوە بووە:

١. لەبەرئەوەی خێزانی لەوێدا پێکەوەناوە - ژنێکی لەوێدا هێناوە - وای دەبینی لە شارەکەی خۆیدایە، هەر بۆیە بە تەواوی کردویەتی و کورتی نەکردۆتەوە.

٢. عوسمان لەو خەڵکە ئەعرابیانە دەترسا کە دەهاتن بۆ مەککە، ئیتر گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان لەوێندەرێش نوێژەکانیان هەر بە کورتکراوەیی بکەن، بۆیە بەتەواویی دەیکرد، بەڵکو بۆیان ڕوون بکاتەوە کە نوێژ چوار ڕکاتە، ئیتر کامیان ڕاستە یان لەبەر چی وای کردوە؟ خوا خۆی دەزانێ.

---

(١) ئەمەش ڕەئی مالك و شافعی و ئەوزاعی و ئەحمەدە. (المغني) (٢/٥٤).

جا کاتێك عائیشەی کچی ئەبوبەکریش رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا لە سەفەردا نوێژی بە تــەواویی ئەنجامدا، بە عوروەیان ووت: باشە عائیشە بۆ وای کرد؟ ئەویش وتی: تەئویلی کـردوە هەروەکو چـۆن عوسمـان تـەئویلی کـرد، جـا مەبەسـتمان ئەوەیـە عوسمـان تـەئویلی کردووە(١).

لێگرتنی هەشتەم و نۆیەم و دەیەم: لە شەڕی بەدر ئامادە نـەبوو، لـە ئوحـود ڕای کرد، لە «بیعة الرضوان» یشدا ئامادە نەبوو.

وەڵامی ئەمەش لە صەحیحی بوخاری دایە: لە عوسمانی کوڕی مەوهیبەوە دەڵێ: پیاوێکی میسری هات، وتی: ئەو خەڵکە کێن؟ وتیان: قوڕەیشین، وتی: ئەی ئەو ڕیش سپیە کێیە قسەتان بۆ دەکات؟ وتیان: عەبدوڵڵای کوڕی عومەرە، کابرا هـات بـۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و پێی وت: ئەی ئیبن عومەر پرسـیاری شـتێکت لێ ئەکـەم وەڵامم بدەرەوە. ئایا زانیوتە کەوا عوسمان لە ئوحـود ڕای کـردوە؟ وتـی: بـەڵێ. ئایـا زانیوتە ئامادەی جـەنگی بـەدر نـەبووە؟ وتـی: بـەڵێ. ئایـا زانیوتـە کـە لـە (بیعة الرضوان)دا ئامادە نەبوە؟ وتی: بەڵێ. کابرا میسریەکە وتـی: الله أكبر، -یـانی ئـەو ڕاستیە دەرکەوت، کەئەیویست. بەڵام عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەر پێـی وت: وەرە بـا بۆت ڕونکەمەوە: سەبارەت بە ڕاکردنی لە جەنگی بەدر دا، ئەوە مـن شـایەتی ئـەدەم کە خوای گـەورە عـەفوی کـردوە و لێـی خۆشـبوە، هـەروەکو خـوای بـەرز و پـیرۆز دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ إِنَّمَا ٱسۡتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِبَعۡضِ مَا كَسَبُواْۖ

---

(١) لە «الكافي»ی «کولەینی»دا هاتوە (٥٢٤/٤) لەجەعفەرەوە وتوویەتی: «لە حەڕەمـەین (مەککـە و مەدینە) تەواوکردنی نوێژ باشترە».

﴿وَلَقَدۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ {آل عمران: ١٥٥}. سەبارەت بە ئامادە نەبونی لە بەدردا، بە هۆی کچەکەی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ کە خێزانی بوو و نەخۆش کەوتبوو، ئەوەبو پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ پێی فەرمو: (ئەی عوسمان، ئەجری کەسێکت هەیە بەشداری بەدری کردبێ و دەستکەوتیشی پێدا). کەوابوو بە فەرمانی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ئامادەی جەنگ نەبوە و بۆیە لە دەستکەوتی ئەو جەنگە بەشی ئەدات. سەبارەت بە ئامادە نەبوونی لە (بیعة الرضوان)دا، ئەگەر لە نێو هەمو مەککە دا پیاوێك لە عوسمان شکۆدارتر هەبوایە پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ئەوی لە جێگەی دەنار، کە پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ناردی و دوای ئەوەی گەیشتە مەککە (بیعة الرضوان) بەسترا، پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دەستی ڕاستی لە نێو دەستی چەپی دا و فەرمووی: ئەمەش لەجیاتی عوسمان. ئینجا ئیبن عومەر پێی ووت: جا ئێستا بڕۆ و ئەمانەش لەگەڵ خۆت ببە(١).

لێگرتنی یازدەهەم: عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری لە بەرانبەر هورموزان نەکوشتەوە:

دوای ئەوەی ئەبو لوئلوئەی مەجوسی عومەری کوڕی خەتابی کوشت(٢)، کە بەیانی بوویەوە عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەر هەستا و پیاوێکی بەناوی هورموزانەوە کوشت -سەرەتا مەجوسی بوو بەڵام دواجار موسڵمان بوو بوو- کە پێیان وت بۆ وات

(١) «صحيح البخاري» كتاب: فضائل الصحابة، باب مناقب عثمان، حديث (٣٦٩٩).

(٢) «صحيح البخاري» كتاب: فضائل الصحابة، باب قصة البيعة، حديث (٣٧٠٠).

کرد؟ وتی: بە سێ ڕۆژ پێش کوشتنی عومەر لەگەڵ ئەبو لوئلوئەی مەجوسی دا بـووە و ئەو شیرەشیان پێ بووە کە عومەری پێ کوژراوە، بۆیـە وای زانـی ئـەم هورموزانـە هاوبەشـە لـە کوشـتنی عومـەردا، بۆیـە ڕۆیشـت و کوشـتی. لـە سـەعیدی کـوڕی موسەییبەوە دەڵێ: «کاتێك کە عومەر کوژرا عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر وتی: بـە لای ئەبو لوئلوئەی بکوژی عومەردا تێپەڕ بووم، بینـیم «جوفەینـە» و «هورمـوزان»ی لەگەڵدایە، چپە چپ و ورتە ورتیانە، هەرکە لـە ناکـاو چـومە سـەریان وروژان (یـانی هەستان)، کە هەستان شمشێرێکیان لە بەیندا کەوت دوو سەری هەبوو، دەسکەکەی لە قەدەکەیدا بوو، جـا بـڕۆن بـزانن ئـەو شمشـێرەی وا عومـەری پێکـوژرا چـۆن بـووە، تەماشایان کرد دەبینن هەمان ئەوەیە کە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر وەسفی کـرد، هەرکە عوبەیدوڵڵا ئەمەی بیست، شیرێکی هەڵگرت و ڕۆیشت، چووە لای هورمـوزان و پێی وت: وەرە با بڕۆین هەندێك ئەسپم هەیە پێت نیشان دەم، لـە ڕێگـەدا نـەختێ خۆی دواخست تا هورموزان پێشکەوت، ئەوەبوو شیرەکەی لێ هەڵکێشا، عوبەیـدوڵڵا ئەڵێ: هەرکە گەرمی شمشێرەکەی پێگەیشت وتی: لا إله إلا الله.

دەڵێ: هەروەها جوفەینەشم بانگکرد، بەڵام ئەم گاورێکی خـەڵکی «حـیرە» بـوو، هەر کە شمشێرەکەم لێ بەرزکردەوە، هێمای خاچـی لـە نێـو چـاوانی کێشـا و پاشـان کوشتی، دوای ئەوە عوبەیدوڵڵا ڕۆیشت کیژۆڵەیەکی ئـەبو لوئلوئـە -کـە بانگەشـەی ئیسلامی دەکرد- کوشتی، تەنانەت عوبەیدوڵڵا ئەیویست هەرچی دیلی جەنگ خەیـە هەیە لە مەدینە بکوژێـت، ئـەوەبوو موسـڵمانان لێـی بـە دەنـگ هـاتن، کۆچـبەرە پێشەنگەکان لێی خڕبونەوە و هەڕەشەیان لێکرد، کـە بـۆت نییـە ئـەم کـارە بکـەی، ئەویش وتی: دە بەخوا دەیانکوژم و غـەیری ئـەوانیش دەکـوژم، تەنانـەت ئەیویسـت

پەلاماری هەندێ لەو موهاجرانەش بدا، بەڵام عەمری کوڕی عاص وازی لێ نەهێنا و نەهێنا، هەتا شمشێرەکەی لێوەرگرت، هەر کە شمشێرەکەی پێدا، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص هات بۆی، هەردوکیان کردیانە سەریەکتریا و کێشمە کێشیان بوو تا لە یەکتر جیاکرانەوە، دوای ئەمە هەر لەو شەوەدا پێش ئەوەی عوسمان وەکو خەلیفە هەڵبژێردرێ، ئەویش لەگەڵ عوبەیدوڵلادا بووی بە دەمەقاڵ و کێشمە کێش، تا لەیەکتر جیاکرانەوە، جا بەڕاستی ئەو ڕۆژەی کە عوبەیدوڵلا جوفەینە و هورموزان و منداڵەکەی ئەبو لوئلوئەی کوشت، خەڵك بێ تاقەت بوون و دنیایان لەبەر چاو ڕەش بوو.

دوای کە عوسمان بوو بە خەلیفە، کۆچبەران و پشتیوانانی کۆکردەوە و پێی وتن: پێم بڵێن، چی دەڵێن لەبارەی کوشتنی ئەم پیاوەی کە لە دین ترازاوە؟ هەموو کۆچبەران لەسەر یەك شت ڕێککەوتن، ئەویش هاندانی عوسمان بەڵکو بیکوژێ، بەڵام زۆربەی زۆری خەڵك لەگەڵ عوبەیدوڵلادا بوون، بە جوفەینە و هورموزانیان دەگوت (خوا لە ناویان دا): وادیارە دەتانەوێ لە شوێن عومەر کوڕەکەشی بنێرن؟ بەو هۆیەوە غەڵبە غەڵب و ڕاجیاوازی پەیدابوو، ئیتر عەمری کوڕی عاص بە عوسمانی وت: ئەی ئەمیری ئیمانداران، ئەم مەسەلە پێش ئەوەی تۆ ببیتە خەلیفە ڕویداوە، جاپێم باشە وازی لێبێنی، ئیتر خەڵك دوای قسەکانی عەمر بڵاوەیان لێکرد، عوسمانیش لە ئەوەندە وەستا، پاشان خوێن بایی دوو پیاو و کەنیزەکەش درا»[1].

---

(١) «الطبقات» لابن سعد (٣/٢٥٥) بسند صحيح.

ئا لێرەدا سێ بۆچون هەیە لە بۆ نەکوشتنی عوبەیدوڵڵا لــە بەرانبــەر هورمــوزان: **یەکەم:** ئەوەیە کە هورموزان لەگــەڵ ئــەبو لوئلوئــەدا دەســتی هــەبوبێ لــە کوشــتنی عومەر، هەروەك عەبدولڕەحمانی کــوڕی ئەبوبــەکر بــینی، ئــا بەمــەش موســتەحەقی کوشتنە، هەروەکو عومەر خۆی دەڵێ: ئەگــەر هــەمو خــەڵکی (صــەنعاء) دەســتیان هەبێ لە کوشتنی کەسێکدا، ئەوا هەمویان لە بــاتی ئــەو کەســە دەکــوژم[١]. لێــرەدا خوێنی هورموزان حەڵاڵ ئەبێ چونکە دەستی هــەبووە لــە کوشــتنی عومــەر. **دووەم:** پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ئوسامەی کوڕی زەیــدی نەکوشــت کــاتێ تــەئویلی کرد، کاتێك ڕۆژێ لە یەکێك لە جەنگەکاندا موشریکێکی بینی موســڵمانانێکی زۆری کوشت، ئەمیش پەلاماریدا، کابرای موشریك هەرکە ئــەمی بینــی لەترســا خــۆی لــە پشت دارێکا شاردەوە، ئوسامەش شمشــێرەکەی بــەرزکردەوە بیکوژێــت، کــابرا وتــی: أشهد أن لا إله إلا الله، بەڵام ئوسامە وازی نەهێنا و هەر کوشتی، جا کە ئەم هەواڵــە گەیشت بە پەیامبــەری خــوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، بــانگی ئوســامەی کــرد و پێــی وت: کوشتت دوای ئەوەی وتی لا إله إلا الله؟! وتی: ئەی ڕەسولی خوا لە ترسی شمشــێرەکە وای وت، فەرمووی: دڵێت شەق کرد (تابزانیت لە ترسا وتــی؟)، ئــیتر بــەردەوام هــەر دەیگوتەوە: کوشتت دوای ئەوەی وتی: لا إله إلا الله، تاوام لێهات خۆزگەم دەخواســت کە ئەو ڕۆژە موسوڵمان ببوایەم[٢].

---

(١) «صحيح البخاری» كتاب: الديات، باب: اذا أصاب قوم من رجل، حديث (٦٨٩٦).

(٢) متفق عليه: «صحيح البخاری» المغازی، بعث النبی أسامة إلی الحرقات، (٤٢٦٩)، و«صحيح مسلم» (١٥٨) (٩٦).

جا پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ئوسامەی نەکوشت لـە بـری ئـەو کابرایـە، لەبەرئەوەی ئوسـامە وای لێکـدابووەوە، جـا ئەمـەش هـەمان حاڵەتـە بـۆ عوسمـان، عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری نەکوشت چونکە حاڵەتەکـەی وا لێکـدا بـووەوە و تأویـل کردبوو. **سێیەم**: دەڵێن: هورمزان وەلی ئـەمری نـەبووە (خـاوەنی نـەبووە)، جـا هـەر کوژراوێکیش وەلی نەبێ، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ خەلیفـە دەبێتـە وەلی ئـەمری، بۆیـە لـە خوێنی ئەو پیـاوە خـۆش بـوو، هەنـدێکی تـر دەڵـێن: کـوڕێکی هـەبووە بـە نـاوی «القامذبان»، ئەو لە خوێنی عوبەیدوڵڵا خۆش بووە[1].

لێگرتنی دوازدەهەم: زیاد کردنی بانگی دووەمی ڕۆژی جومعە.

پەیامبەری خـوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دەفـەرموێت: «عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين من بعدي» «دەسـتبگرن بـە سـوننەتی مـن و سـوننەتی جێنشـینە سەرڕاستەکانی دوای منەوە»[2].

ئەم زیادەیەش لـە سـوننەتی خەلیفـە ڕاشـدەکانەوەیە، بـە دڵنیاییـەوە عوسمـان یەکێکە لەو خەلیفە ڕاشدیانە، جا دوای فـراوان بـوونی شـاری مەدینـە، بەرژەوەنـدی لەوەدا بینی ئەم بانگە زیاد بکات بۆ ئاگادار کردنەوەی خـەڵکی کـەوا کـاتی نوێـژی هەینی نزیك بوەتەوە، ئەم ئیجتهادەی کرد و سەرجەم هاوەڵانیش ڕازی بوون لەسـەری،

---

(١) چیرۆکی دەستهەڵگرتنی قامذبان لە خوێنی عوبەیدوڵڵا لـە تـاریخی تەبەریدایـە ٣٠٥/٣، بـەڵام لـە ڕێگەی سەیفی کوڕی عومەری کەزابەوەیە.

(٢) «سنن أبي داوود» (كتاب السنة، باب في لزوم في السنة) (٤٦٠٧)، و«سنن الترمذي» كتاب العلم، باب ماجاء في الأخذ بالسنة، (٢٦٧٦).

بەردەوامیش کاری پێکراوە و کەس پێچەوانەی نەکردووە، نە لەسەردەمی عەلی و نە لەسەردەمی موعاویە و نە لەسەردەمی بەنی ئومەییە و نە لە سەردەمی بەنی عەبباسیش، تەنانەت تا ئەمڕۆش کەس لە موسوڵمانان پێچەوانەی ئەمەی نەکردوە، هەر بۆیە بە ئیجماعی هەموو موسوڵمانان ئەم کارە سوننەتە. دوای ئەوەش، ئەم کارە بنچینەیەکی لە شەرعدا هەیە، کە بانگی یەکەم. لە نوێژی بەیانیدا، پێ ئەچێ عوسمان قیاسی لەسەر ئەو بانگە کردبێ.

لێگرتنی سیازدەهەم: گێڕانەوەی حەکەم، لە کاتێکدا پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ نەفی کردبوو.

ئەم بوختانەش لە سێ ڕوانگەوە وەڵام ئەدەینەوە:

یەکەم: ئەمە ئیسپات نەبووە و سەنەدێکی صحیحی نی یە. **دووەم:** حەکەم یەکێکە لەوانەی کە لەساڵی فەتح دا موسوڵمانان بوو، یەکێك بووە لە ئازاد کراوەکان (الطُّلَقَاء)[١] و طُلَقَاکانیش شوێنیان مەککە بووە، هەرگیز لە مەدینە نەژیاون، باشە چۆن پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لە مەدینە نەفی دەکا و دوری دەخاتەوە، لە کاتێکدا ئەم بەهیچ شێوەیەك خەڵکی مەدینە نییە..؟! **سێیەم:** ئەو نەفیەی لە شەریعەتی ئیسلامدا دانراوە لای ئەولایینی ساڵێکە، هەرگیز لە شەرعی خوادا نەبووە کە کەسێك بۆ هەتا هەتایە نەفی بکرێت، ئەمە چ تاوانێکە مرۆڤ پێی شایستەی ئەوە بکات، بۆ هەتا هەتایە نەفی بکرێ و لە زێدی خۆی دوور بخرێتەوە؟!

---

(١) خۆشەویستی خوا کە ساڵی فەتح هاتە مەککەوە، پێی ووتن: اذهبوا فأنتم الطلقاء، بڕۆن ئێوە ئازادکراون، بۆیە ناوی طلقایان بەسەردا بڕا.

جا نەفی کردن سزایەکی تەمبێییە لە لایەن حاکمەوە دەسەپێنرێ، گریمان پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ نەفیکردووە و هەر بەنەفی کراویی بەدرێژایی ژیانی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ماوەتەوە، لە خیلافەتی ئەبوبکریش بە هەمان شێوە ماوەتەوە، لە خیلافەتی عومەریشدا هەر بەنەفی کراویی ماوەتەوە، ئینجا دوای ئەم هەمووە عوسمان گێڕاویەتیەوە، دوای چەند ساڵ؟ دوای زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ. باشە خراپی ئەم کارە لە کوێیەتی؟ ئەمە گریمان ئەگەر ڕاست بێ، کە ڕاست نییە، دوای ئەوەش پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ تکای عوسمانی بۆ عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سرح قبوڵکرد، دوای ئەوەی هەڵگەڕایەوە، بێگومان حەکەم کارێکی لەمە گەورەتری نەکردوە، ئیدی چۆن پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لەو خۆش دەبێ بەڵام لەم خۆش نابێ؟!!

شتی تریش هەن باسم نەکردون، وەکو ئەوەی دەڵێن: سەرکەوتۆتە سەر پلەکانەکەی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ، چونکە پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لەسەر مینبەر لە پلەی یەکەمدا وتاری ئەدایەوە، کە ئەبوبەکر هات دابەزیە سەر پلەی دووەم، کە عومەریش هات دابەزیە سەر سێیەمیان، بەڵام عوسمان هات سەرکەوتە سەر یەکەم پلەیان، ئەمەش هەروا مایەوە هەتا ئەمڕۆ. هەروەها دەڵێن: عومەر بە (دوڕڕە) لە خەڵکی ئەدا، کەچی ئەم بە عەسا و گاڵۆك، هەروەها دەڵێن: ئازاری ئەبو دەردائی داوە کە یەکێکە لە هاوەڵەکانی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، لەگەڵ هەندێ شتی تریش کە زۆربەیان درۆ و دەلەسەن و ئەسڵیان نییە.

ئەمە ئەو لێگرتن و ڕەخنە و تانانەیە لەسەر عوسمان. وە دەتوانین بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دابەشی بکەین:

شتانێکی بێ بنەما	٢، ٣، ٥، ١٣
چاکە	٤، ٨، ١٠
ئیجتهاد	١، ٦، ٧، ١١، ١٢
هەڵانێکی نوقم بوو وچاوپۆشی لێکراو	٩

كوشتنی عوسمانی كوڕی عەففان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

دوای وروژاندنی ئەم شتانە لەسەر عوسمان، لە ساڵی سی و پێنجی کۆچیدا، کۆمەڵە خەڵکێك لە بەصرەوە و کۆمەڵە خەڵکێك لە کوفەوە و کۆمەڵە خەڵکێك لە میسرەوە بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێ، وایان پیشاندا کە نیازی حەجیان هەیە، بەڵام لە ژێرەوە نیازی دەرچونیان هەبوو لە عوسمان، جیاوازی هەیە لە بارەی ژمارەیانەوە، دەڵێن: دوو هەزار لە میسر و دوو هەزار لە کوفە و دوو هەزار لە بەسرە بوون، هەندێکی تر دەڵێن: بەڵکو هەر هەموویان دوو هەزار بوون، ڕەئی تریش هەنە، لە ڕاستیدا سەر ژمێریەکی ورد نییە تا ژمارەیان کوتومت دیاری بکا، بەڵام بە هەر حاڵ نە لە دووهەزار کەمتر و نە لە شەش هەزار زیاتر بوون. ڕۆیشتنە مەدینەوە، جا ئەم خەڵکانەی کە هاتبوون هەموویان دەم سپی عەشرەتی خۆیان بوون، هاتبوون بۆ لەکارلابردنی عوسمان، ئیتر بە هەڕەشەکردن بێ یان بە هێزی بازو. دەڵێن: قەناعەتیان پێکراوە، بگەڕێنەوە، ئاژاوەگێڕانیش دەگەڕێنەوە لەمەدینەوە بەرەو میسر، جا هەر لەو تەزویرکردنانەی دی، نامەیەکیان بەناوی خەلیفەوە ساختەکرد، گوایە لەو نامەدا

فەرمانی کردووە بە والی میصر، لەگەڵ گەیشتنەوەی ئەم خەڵکە، هەموویان بکوژێن، بۆیە پیلانەکەیان سەری گرت و ئاژاوەگێڕان گەڕانەوەو گەمارۆی مـاڵی خەلیفـەیان دا، ئەمەش لە کۆتایی مانگی (ذی القعدە) دا بـوو، پـاش گـەمارۆدانی مـاڵی خەلیفـە، فـەرمانیان پێکـرد خـۆی واز لـە خیلافـەت بهـێنێ، یـان دەیکـوژن، یـان خـۆی ڕادەستبکات، بەڵام خەلیفە هەمووی ڕەتکردەوە.

ئەم ئابلۆقەیە هەتا هەژدەی ذي الحجة بەردەوام بوو، کـە ئەکاتـە ڕۆژی کوشـتنی عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ. دەڵێن: ئابلۆقەکە چل ڕۆژ بەردەوام بووە، بەڵام هەندێکی تـر شـتی تر دەڵێن، هەرچۆنێك بێ لە چل و یەك ڕۆژ زیـاتر نـەبووە. عائیشـە دەڵێـت: جارێـك پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دای بەسەر شانی عوسماندا و پێی فەرمووە: «يا عثمان، إن الله عز وجل عسي أن يلبسك قميصا، فإن أرادك المنافقون علي خلعه، فلا تخلعه حتي تلقاني» «ئەی عوسمان، لەوانەیە خوای گەورە جلێکت بەبەردا بکات، جا ئەگـەر دووڕووەکان ویستیان لایبەرن، لایمەبە تا دەگەیتەوە پێم»، سێ جار ئەوەی پێ فـەرموو، مەبەست بەو جلـە خیلافـەتێك بـوو کـە خـوا پێـی بەخشـی و دووڕووەکـانیش ئـەو ئاشووبگێڕانە بوون کە ویستیان لە خیلافەتەکەی لایبەرن، دواجاریش شـەهیدیان کـرد لەڕۆژی جومعەدا لە ڕۆژی هەژدەی زیلحیججەدا بوو، دەشڵێن: لە ڕۆژانی پاش جەژنی قورباندا بووە، وتراویشـە: لـە سـێی زیلحیججـەدا بـوو، بـەڵام یەکـەمیان نـزیکترە، تەمەنیشی هەشتاو دوو ساڵ تێپەڕی کردبـوو، دەشـڵێن: هەشـتاو دوو سـاڵ و شـەش مانگ، یان دەڵێن: هەشتاو چوار ساڵ یان هەشتاو شـەش یـان هەشـتاو هەشـت یـان نەوەد ساڵ بوو، هەریەك لە تەمەنی شەسـت و سـێ سـاڵی و حـەفتاو پێـنج سـاڵیش

هاتووه، ئیبن حەجەر دەڵێت: ڕاستترینیان ئەوەیە لە تەمەنی هەشتاو دوو ساڵ و شەش مانگیدا شەهید کرا.

کە لە ماڵەکەی خۆیدا ئابلۆقەی درا، لە نوێژی جەماعەت قەدەغە کرا، تەنانەت لە ئاویش، ئەوەبوو پیاوێك لە سەرانی فیتنەکە بەرنوێژی بۆ خەڵك دەکرد، تەنانەت ئەوەبوو عوبەیدوڵڵای کوڕی عەدی کوڕی خیار هات بۆلای عوسمان و پێی ووت: سەری فتنەکە نوێژ بە خەڵکی دەکات، ئەمر بەچی ئەفەرموون؟ ئەویش وتی: (نوێژ باشترین شتێکە خەڵك ئەنجامی ئەدات، جا ئەگەر خەڵك چاك بوون تۆش چاك بە، ئەگەریش خراپ بوون ئەوا خۆت لەخراپەیان بە دووربگرە)[(١)].

هەندێك لە هاوەڵانی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ڕۆیشتنە ماڵەکەی عوسمان بە مەبەستی بەرگری لێکردنی، لە بەناوبانگترینی ئەوانەی ڕۆیشتنە ماڵەکەی و لەگەڵیدا دانیشتن حەسەنی کوڕی عەلی و حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و ئەبوهوڕەیرە و موحەممەدی کوڕی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا (السجاد) و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوون، ئەمانە هەر هەموویان شمشێریان دەرهێنا و ڕووبەڕوی ئەو ستەمکار و زۆردارانە وەستانەوە کە بۆ کوشتنی عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ هاتبوون[(٢)].

* هەروەها صەفیەی دایکی ئیمانداران بەسەر وڵاخێکەوە بوو کە کینانەی خزمەتکاری ڕایدەکێشا، ئەوەبوو ئەشتەر لە ڕێگادا پێی گەیشت و کێشای بە ناو چاو

---

(١) «البداية والنهاية» (١٨٤/٧).

(٢) «البداية والنهاية» (١٨٤/٧).

ولاخەکەیدا. دایکی ئیمانداران وتی: بمگەڕێننەوە، با ئەم سەگە ئابڕوم نەبات[١].بەلام عوسمان فەرمانی کرد بە هاوەڵان نەجەنگن، تەنانەت لە هەندێك ڕیوایەتدا هاتووە: کەوا زیاتر لە حەوت سەد کەس لە کوڕی صەحابە هاتوون بۆ بەرگریکردن لە عوسمان، بەلام تەنانەت ئەم حەوت سەد کەسەش هەر ناگەنە ژمارەی ئەو ستەمکارانە کە بەلانی کەمەوە وەك گوتویانە دوو هەزار کەس بوون.

* لە عەبدوڵلای کوڕی عامری کوڕی ڕەبیعەوە دەڵێ: لەگەڵ عوسماندا بووم لە ماڵەکەیدا، ئاگام لێ بوو وتی: جەخت دەکەمەوە لەسەر هەر کەسێك کە گوێڕایەڵیم بە واجب دەزانێ، با دەست هەڵگرێ و چەکەکەی دابنێ[٢].

* لە ئیبن سیرینەوە دەڵێ: زەیدی کوڕی سابت هاتە لای عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ و پێی ووت: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەوە پشتیوانەکان لە بەر دەرگان، دەڵێن: ئەگەر ئەتەوێ جارێکی تر و دووبارە ئەبینەوە بە ئەنصاری خوا و ئەکەوین لەگەڵت هەروەکو چۆن لەگەڵ پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بووین. بەلام عوسمان وتی: بە شەڕکردن نەخێر[٣].

* هەروەها ئیبن عومەریش ڕۆیشتە ژوورەوە بۆلای، بە ئیبن عومەری ووت : ئەی کوڕی عومەر دەبینی ئەوانە چی دەڵێن؟ ! دەڵێن واز بێنە و خۆت مەدە کوشت. ئیبن عومەر پێی ووت: ئەگەر وازی لێ بهێنی هەتا هەتایە دەژیت؟ وتی: نەخێر. ئیبن

---

(١) «الطبقات» ابن سعد (١٢٨٠/٨)، وإسناده حسن.

(٢) «المصنف» لابن أبى شيبة (٢٤/١٥ رقم ١٩٥٠٨) بسند صحيح.

(٣) «المصنف» لابن أبى شيبة (٢٠٥/١٥ رقم ١٩٥٠٩) بسند صحيح.

عومەر وتی: ئەگەر وازی لێ نەهێنی لەوە زیاتر هەیە کە بتکوژن؟ وتی: نەخێر. ئیبن عومەر وتی: ئەی بەهەشت و ئاگریان بەدەستە؟ وتی: نەخێر. ئیبن عومەر وتی: کەواتە من وا ئەبینم جلێك کە خوا لەبەرتی کردوە لەبەری نەکەنی، ئیتر دوای تۆ ببێتە عادەت (سُنّة)، هەرکە خەڵکێك خەلیفەکەیان یان فەرمانڕەواکەیان بەدڵ نەبوو لایبدەن[١]

* هەروەها عوسمان بە بەندەکانی خۆی ووت: هەرکەس چەکەکەی دابنێ و شەڕنەکات، لەبەر خوا ئازادی دەکەم. کەواتە عوسمان خۆی نەیهێشتووە خەڵك شەڕبکات. لەگەڵ ئەمەشدا چوار گەنجی قوڕەیشی کە خەڵتانە خوێن کرابوون خرانە سەر شان و بران بەهۆی بەرگریکردنیان لە عوسمان، ئەوانیش بریتی بوون لە: حەسەنی کوڕی عەلی ـ عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ـ مەڕوانی کوڕی حەکەم ـ موحەممەدی کوڕی حاتەب[٢]

کێ عوسمانی شەهید کرد؟

دوای گەمارۆدانی عوسمان و دەوردانی ماڵەکەی، لە کاتێکدا قورئانەکەی لەبەردەستدا بوو و قورئانی ئەخوێند کوشتیان. پرسیان لە حەسەنی بەسڕی -کە لەوسەردەمەدا ژیاوە ولەگەورە تابعیەکانە- لەبارەی ئەوانەی عوسمانیان کوشت: کەس لە موهاجرین وئەنصاری تیابوو؟ ئەویش وتی: ئەوانە کۆمەڵێ یاخی و گومڕا بوون لە

---

(١) أخرجه أحمد فی کتاب «فضائل الصحابة» (٤٧٣/١ رقم ٧٦٧) بإسناد صحیح.

(٢) «الاستیعاب» لابن عبدالبر بحاشیة «الإصابة» (٧٨/٣).

خەڵکی میسر[1]. بەڵام سەرکردەکانیان ناسراون، بریتین لە: کینانەی کوڕی بیشر، ڕۆمانی یەمانی، پیاوێك بە ناوی جەبەلە، سودانی کوڕی حەمڕان، لەگەڵ پیاوێکی تر لە خێڵی سەدوس کە بە (الموت الاسود) ناسراوە. هەندێك دەڵێن: مالیکی کوڕی ئەشتەری نەخعیش. ئا ئەمانە سەرکردایەتی ئەو ئاژاوەیانە کرد دژ بە عوسمان.

بەڵام کێ ڕاستەوخۆ کوشتی؟ ئەوە بەناوبانگە کە پیاوێکی میسری بووە بە ناوی جەبەلە. وەك لە عەمرەی کچی ئەرتەئەوە هاتووە دەڵێ: لەو ساڵەی وا عوسمان کوژرا، لەگەڵ عائیشەدا بووم بۆ مەککە ئەڕۆیشتین، دوای کە هاتینەوە بە مەدینەدا تێ پەڕین، ئەو قورئانەمان بینی کە کاتێك عوسمان کوژرابوو لە باوەشیدا بوو، دەبینین یەکەمین دڵۆپی خوێنەکەی کەوتۆتە سەر ئەم ئایەتە: ﴿فَإِنْ ءَامَنُوا۟ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ ۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ {البقرة١٣٧}. «ئینجا ئەگەر بڕوایان هێنا بەو وێنەیەی کە ئێوە بڕواتان پێ هێناوە، ئەوە بێگومان ڕێی ڕاستیان دۆزیەوە وە ئەگەر پشتیان هەڵکرد و نەیانویست ئەوا ئەوان لە دوبەرەکیدان، خودا ئاگاداری تۆ ئەکات لەوان (لە ناویان دەبات بۆت) وە هەر خوایە بیسەری زانا». عەمرەی کچی ئەرتەئە ئەڵێ: هەربۆیە دەبینی یەکێکیان بەڕێکی نەمرد[2]. هەروەها لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە دەڵێ: بە دەوری کەعبەدا دەسوڕامەوە بینیم پیاوێك دەپاڕایەوە و ئەیوت: پەروەردگارا ! لێم خۆش ببە، ئەگەرچی وا نازانم لێم خۆش ببی! دەڵێ: منیش پێم سەیر بوو، وتم: ئەی بەندەی خوا من گوێم لە کەس نەبووە بەم

---

(١) «تاريخ خليفة» (ص ١٧٦) بإسناد صحيح.

(٢) أخرجه أحمد في كتاب «فضائل الصحابة» (١/٥٠١ رقم ٨١٧) واسناده صحيح. وانظر كذلك: (٧٦٦/٧٦٥).

شێوازەی تۆ بپاڕێتەوە ؟! ئەویش وتی: ئاخر ئەمن پەیمانم بەخوا دابوو بەس دەستم بگاتە عوسمان زللەیەکی پیاکێشم، ئەوەبوو کاتێك کە کوشتیان لە نێو جێگە لە ماڵەکەی خۆی دانرابوو، خەڵك دەهاتن نوێژیان لە سەر دەکرد، منیش خۆم کردە ژورەوە و وام پیشاندا کە بۆ نوێژکردن هاتووم، کە بینیم دەورم چۆڵە و ماڵەکە کەسی تێدا نییە، بان چاویم لادا و زللەیەکم پیاکێشا، بۆ خۆی دەستم وشك بوو ! ئیبن سیرین دەڵێ: دەستیم بینی وشك بوو بوو وەکو دار[١].

چۆن عوسمان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ کوژرا بێئەوەی کەس لە هاوەڵان بەرگری لێبکات؟

هۆکاری یەکەم: عوسمان خۆی لەسەر ئەمە جەختی دەکرد و داوای لێکردن شمشێرەکانیان دابنێن و واز لە شەڕ کردن بێنن، خۆی تەسلیمی قەزا و قەدەری خوای باڵا کردبوو. ئەمەش ئاماژەیە بۆ دوو شت: **یەکەمیان:** لێهاتویی و زیرەکی عوسمان. **دووەمیان:** ڕەحمەت و بەزەیی عوسمان بە ئومەتی موحەممەددا عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ، چونکە ئەیزانی ئەم ئەعرابیانە گەمژەن و لە هیچ تێناگەن، نیەتی خراپیان هەیە، بۆیە وای دەبینی ئەگەر هاوەڵان ڕوبەڕویان ببنەوە خراپە (مەفسەدە)ی زۆرتر ئەبێ وەك لە کوشتنی تاکە کەسێك، لەوە ئەچو هاوەڵێکی زۆر بکوژرایەن، دەستدرێژیش بکرایەتە سەر ناموس و ماڵیشیان، بۆیە ئەمەی بە باش زانی کە تەنها خۆی بکوژرێت و ئەو

---

(١) «البداية و النهاية» (٧/٢٠٠)، ڕاویەکانی هەموو سیقەن، جگە لە «عیسای کوڕی مینهال»، ئەمیش ئیبن حیببان لە (الثقات) دا هێناویەتی، وە هەریەك لە بوخاری لە «تاریخ الکبیر» (٦/٣٩٩) و ئیبن ئەبی حاتیم لە «الجرح و التعدیل» دا (٦/٢٨٨) باسیان کردووە و لێی بێدەنگ بوون.

هەموو هاوەڵـەی پەیامبــەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بــە کوشــت نــەدا و ئــابڕوی مەدینــەی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بپارێزێت.

هۆکاری دووەم: هاوەڵان ژمارەیان زۆر زۆر کەمتر بــوو لــەو خەوارجانــە، چــونکە ئەوکاتە هاوەڵانی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بەسەر چوار ناوچەدا دابەش بــوو بــوون: شوێنی یەکەم: مەککە؛ لەبەرئەوەی مەوسمەکــە مــەوسمی حــەج بــوو، هــاوەڵێکی زۆر ڕۆیشــتبوون بــۆ حــەج و ئامــادە نــەبوون. شــوێنی دووەم: هەنــدێك لــە هــاوەڵان لــە ناوچەکانی تردا دەژیان، وەکو کوفە و بەسڕەو میسر وشام و... هتد. شــوێنی ســێیەم: لە جیهاددا بوون. شوێنی چوارەم: ئەوانە بوون کە لە مەدینە بوون و هاو ژمارەی ئــەو خەوارجانە نەبوون.

هۆکاری سێیەم: لە ڕاستیدا هاوەڵان منداڵەکانی خۆیان نارد بۆ بــەرگریکردن لــە عوسمان، بــەڵام تەســەوریان نــەدەکرد مەســەلەکە بگاتــە کوشــتن، تــەنها دەیــانگوت گەمارۆدان، کەللەڕەقیەکە و کۆتــایی دێ و ئــیتر تــەواو و دەگەڕێنــەوە، بــەڵام ئــەوان جورئەت بکەن و عوسمان بکوژن، ئەمە لەلای گەلێك لە هاوەڵان قابیلی قبــوڵ نــەبوو، وایاندەزانی کارەکە سەر بۆ کوشتن ناکێشێت. جا نزیکترینی ئەم بۆچونانە، بۆچــوونی یەکەمیانە کە دەڵێ عوسمان خۆی نەیهێشتوە بــەرگری لێ بکــرێ و شــەڕ لەگــەڵ ئــەو خەوارجانە بکرێ.

عەلی کوڕی ئەبوتالب رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ لە چەند دێڕێکدا

ناوی عــەلی کــوڕی ئــەبو تــالبی کــوڕی عەبدولموتەللیبــە، ئــامۆزای پەیامبــەرە عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ و مێـــردی گـــەورەی ئافرەتـــانی دونیـــا: فاتیمـــەی کچـــی

پەیامبەرە عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، باوکی هەردوو کچەزاکەیەتی عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ: حەسەن و حوسەین. دایکیشی ناوی: فاتیمەی کچی ئەسەدی کچی هاشمی کچی عەبدمەنافە[1]. کونیەکەی: ئەبولحەسەنە، پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ کونیەی (ئەبو توراب)ی لێناوە. هەر بە منداڵی موسوڵمان بووە و لەسەر ڕای بەناوبانگ ٨ ساڵان بووە[2].

خاوەن چەندین فەزڵ و چاکەیە، هەندێکی تایبەتە بەخۆیەوە، هەندێکیشی لەگەڵ ئالوبەیتدا و هەندێکی لەگەڵ گرۆی یاران.

لەوانە: لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُ دەڵێ: پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لە ڕۆژی خەیبەردا فەرمووی: (ئاڵاکە دەدەمە دەستی پیاوێکەوە، خوا و پەیامبەرەکەی خۆشیان دەوێت و ئەویش خوا و پەیامبەرەکەی خۆشدەوێت)[3].

هەروەها پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ پێی فەرموو: کەس خۆشتی ناوێ مەگەر موسڵمان، کەسیش ڕقی لێت نابێ مەگەر مونافیق[4].

هەروەها پێی فەرموو: (تۆ بۆ من وەکو هاروونی بۆ موسا؟ بەڵام ئەوندە هەیە پەیامبەر دوای من نییە)[1]. هەروەها پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمووی:

---

(١) (معرفة الصحابة) (١/٢٧٨).

(٢) (معرفة الصحابة) (١/٢٧٨).

(٣) أخرجه البخاري: كتاب فضائل، باب مناقب علي (٣٧٠٢). و مسلم: كتاب فضائل الصحابة، باب من فضائل علي (٢٤٠٥).

(٤) أخرجه مسلم في كتاب الايمان، باب الدليل على أن حب الانصار و علي من الايمان (٧٨).

(هەرکەس من دۆستیم ئەوا عەلیش دۆستێتی)[٢]. **سەبارەت بەدووەمیش:** بریتییە لەفەرمودەی: (ئەی خەڵکینە ئە من دوو شتی سەنگینم لە نێوانتاندا بە جێ هێشتووە، یەکێکیان لەوەکەی تریان گەورە ترە، ئەوەبوو باسی قورئانی کرد و جەختی لەسەر کردەوە و پاشان فەرمووی هەروەها خانەوادەکەم، خواتان بەیاد دێنمەوە لە ئاست ئەهلو بەیتەکەم، خواتان بەیاد دێنمەوە لە ئاست ئەهلو بەیتەکەم، خواتان بەیاد دێنمەوە لە ئاست ئەهلو بەیتەکەم)[٣].

هەروەها لە عائیشەوە دەڵێ: پەیامبەری خوا عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەینی ی خستە ژێر بوردەیەکی سوفەوە (عابایەك) و فەرمووی: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴾ [الأحزاب: ٣٣]. واتە: (بەڕاستی ئەی ئەهل و بەیتی پەیامبەر عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ، خوا دەیەوێ ئێوە لەهەر جۆرە پیسی و گوناهێك دووربخاتەوەو پاکوخاوێنتان بکاتەوە بە تەواوەتی)[٤].

سێیەمیشیان: وەك فەرموودەی: ڕاوەستە ئەی حیڕا تۆ تەنها پەیامبەر، یا صدیق، یا شەهیدت لەسەرە[٥]. هەروەها لە دە مژدەپێدراوەکەیە[٦]...

---

(١) أخرجه البخاري: كتاب فضائل الصحابة، باب مناقب علي (٣٧٠٦). و مسلم في كتاب فضائل الصحابة، باب فضائل علي (٢٤٠٤).

(٢) أخرجه أحمد (٣٥٠/٥) واسناده صحيح.

(٣) أخرجه مسلم: كتاب فضائل الصحابة، باب ماجاء في فضل علي (٢٤٠٨).

(٤) أخرجه مسلم: كتاب فضائل الصحابة، باب فضائل أهل بيت النبي (٢٤٢٤).

(٥) أخرجه مسلم: كتاب فضائل الصحابة باب فضائل طلحة والزبير (٢٤١٧) عن أبي هريرة.

(٦) أخرجه الترمذي في كتاب المناقب، باب مناقب عبدالرحمن بن عوف (٣٧٤٨) واسناده صحيح.

بەیعەتپێدانی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ:

لە موحەممەدی کوڕی حەنەفیەوە، کە کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالبە رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ، دەڵێ: عەلی هات بۆ ماڵەکەی عوسمان دوای ئەوەی کوشتیان، ڕۆیشتە ماڵەوە و دەرگاکەی پشکۆڵدا، خەڵك هاتن و دایان لەدەرگا، وتیان: ئەوەتا ئەو پیاوە کوژراوە، خۆ نابێ خەڵك بێ خەلیفە بن، جا کەس لە تۆ شایستەتر شك نابەین بۆ ئەم کارە. عەلی پێیگوتن: واز لە من بێنن! من وەزیرتان بم باشترە لەوەی ئەمیرتان بم. ئەوانیش گوتیان: نەخێر، بەخوا کەس لە تۆ شایستەتر نییە بۆ ئەم کارە، ئەویش وتی: باشە کە هەر واز ناهێنن و هەر ئەبێت من بم، ئەبێ بەیعەت پێدانەکەم نهێنی نەبێ، ئەڕۆم بۆ مزگەوت، هەرکەس ئەیەوێ بەیعەتم پێ بدا با بەیعەت بدا، پاشان دەرچوو بۆ مزگەوت و خەڵکی بەیعەتیان پێدا(١)، پاشان هەرچی موهاجیر و ئەنساری لە مەدینە بوو بەیعەتیان پێدا.

دەڵێن: هەندێك لە هاوەڵان ئامادەی بەیعەت پێدانەکەی نەبوون وەکو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و موحەممەدی کوڕی مەسلەمە و... هتر.

هەندێکی تر دەڵێن: بەڵکو لە لایەن هەمووانەوە بەیعەتی پێدراوە، ئەم بۆچوونەش مەشهورترە، چونکە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و موحەممەدی کوڕی مەسلەمە تەنها لە جەنگ کردن لەگەڵیدا ئامادە نەبوون

---

(١) أخرجه أحمد في «فضائل الصحابة» (٥٧٣/٢ رقم ٦٩٦)، واسناده صحيح.

وەگەرنا هەموویان بەعەتیان پێداوە. هەروەها لە عەوفی کوڕی ئەبی جەمیلەوە هاتووە دەڵێ: لە خزمەتی حەسەنی بەسریدا دانیشبووم جا ئەم لە کاتی کوشتنی عوسماندا لە مەدینەدا بووە، باسی هاوەڵانی پەیامبەر کرا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، ئیبن جەوشەنی غەتەفانی گوتی: ئەی ئەبو سەعید خۆ سوکایەتی بە ئەبو موسا کرا کاتێك شوێنی عەلی کەوت[١]، حەسەن توڕەبوو هەتا لە دەم و چاوی دەرکەوت، وتی: ئەی ئەو خەڵکە شوێنی کێ بکەوتایەن؟ ! ئەمیری ئیماندارانیان بە مەزلومی کوشت خەڵکیش ڕوویان کردە باشەکەیان و بەیعەتیان پێدا، ئەی ئەو خەڵکە شوێنی کێ بکەوتایەن؟! چەند جارێك هەر ئەمەی دووبارە کردەوە[٢].

جا ئەهلی سوننەت کۆڕا ویەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە باشترین هاوەڵی پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دوای عوسمانی کوڕی عەففان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ عەلی کوڕی ئەبوتالبە رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ. ئیبن تەیمیە: دەڵێ: لە ئەحمەدەوە ڕیوایەت کراوە ووتویەتی: هەر کەسێ لە خیلافەتی عەلی بێ دەنگ بێ و هیچی لەبارەوە نەڵێ، موبتەدیعە و گومڕاترە لە گوێدرێژەکەی ماڵی خۆیان. هەروەها فەرمانی کردووە بە سەلام لێنەکردن و دوور کەوتنەوە لێی و هجرکردنی[٣].

---

(١) مەبەستی ئەوەیە خەڵك کە تانەیان لە ئەبی موسا دەدا بە هۆی ئەوەیەوە شوێنی عەلی کەوتبوو، لە کاتێکدا ئەبوایە شوێنی نەکەوتایە.

(٢) أخرجه أحمد في «فضائل الصحابة» (٥٧٦/٢ رقم ٩٧٦) باسناد صحيح.

(٣) «مجموع الفتاوى» (٤٣٨/٤).

بەڵام لە دوای عومەر جیاوازیان هەیە -هەروەك باسمان کرد-، کـە ئایـا عوسمانـە یان عەلی، بەڵام جمهوری زانایان پێیان وایە عوسمان باشترە لە عەلی، لەسـەر ئـەوەش کۆکن کە عەلی کوڕی ئەبوتالب چوارەم خەلیفەی ڕاشیدە.

پشکی هاوەڵان لە شەهیدبوونی عوسماندا:

بە گشتی لە سێ خاڵدا ئەم پرسە دەخەینەڕوو:

یەکەم: شـێواندنی ڕای هـاوەڵان: ئاشـووبگێڕان ناوبـانگ و کەسـێتی هاوەڵانیـان دەقۆسـتەوە، یـان ئیجتیهادەکانیـان بـۆ خۆیـان دەقۆسـتنەوە وەك ئیجتیهادەکـەی ئـەبووزەڕ، یـان نامـەی سـاختەیان بـە دەم گـەورەهاوەڵانی وەك عائیشـەی دایکـی باوەڕداران و عەلی و زوبەیر و تەڵحەوە دەنووسی.

دووەم: هاوەڵان بە گشتی، هەوڵی بـەرگریکردن لـە خەلیفـەیان دا، بـەڵام خـودی خەلیفە ڕێگریکرد لەو هەوڵەیان، بۆ نموونە: زەیدی کوڕی پابـت بـە خەلیفـەی وت: وا پشتیوانان لەبەردەرگان و دەڵێن ئەگەر دەتەوێت ئێمـە دووبـارە پشـتیوانانی خـواین، عوسمان وتی: پێویستم بەوە نییە، دەستبگرنەوە و مەجەنگن، ئەمە پشتیوانان.

کۆچەریەکانیش: عەلی کوڕی ئەبووتاڵب و تەڵحەی کـوڕی عوبەیـدوڵا و زوبـەیری کوڕی عەووام. سەبارەت بە گەنجە کۆچـەرییەکان، وەك حەسـەن و حوسـەینی کـوڕانی عەلی، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر، عەبدوڵای کوڕی عومەر. هەروەها صـەفییەی دایکـی باوەڕداران کە لە کاتی گەمارۆکەدا خواردنی دەگەیاند بە خەلیفە.

سـێیەم: لـە پێشـبینی هاوەڵانـدا نـەبوو دۆخەکـە بگاتـە کوشـتن، تـا دواجـار هەستیانکرد باروودۆخەکە هەستیارترە لـەوەی چـاوەڕوانکراوە، بۆیـە لۆمـەی خۆیـان دەکرد، یان لۆمەی ئەوانی تریان دەکرد، هەندێکیش بڕیاری تۆڵەسەندنەوەیان دا.

راجیایی و فیتنەی نێوان هاوەڵان لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووتالبدا

کاتێك بەیعەتی خیلافەت درا بە عەلی کوڕی ئەبووتالب، بـارودۆخی موسـڵمانان بەم چەشنە بوو:

- بەشـێکی زۆری هـاوەڵان لـە مەدینـە بـوون و هـەموویان بـە کۆچـەران و پشتیوانانیشەوە، بەیعەتیان دا بە عەلی.

- دایکانی باوەڕداران هاودەم بە بەشێك لە هاوەڵان و موسڵمانانێکی دی، پێشـتر چووبوون بۆ مەککە بۆ بەجێگەیاندنی حەج، لەنێویشیاندا عائیشەی کچی ئەبووبەکر.

- موعاویەی کوڕی ئەبووسـوفیان و بەشـێك لـە هـاوەڵانی نـاو شـام و خـەڵکی شامیش، ئامادە نەبوون بەیعەت بـدەن بـە عـەلی، مەگـەر دوای تۆڵەسـەندنەوە لـە بکوژانی عوسمان.

- موسڵمانان و هاوەڵانی هەرێمەکانی دەرەوەی حیجـاز سـەرجەمیان -جگـە لـە شام- بەیعەتیان دا بە عەلی کوڕی ئەبووتالب.

ئیجتیهادی هاوەڵان بۆ بارودۆخەکە بەم چەشنە بوو:

عەلی کوڕی کوڕی ئەبووتالب کە خەلیفەی شەرعی بوو، پێی وابـوو پەلـە نەکـەن لە تۆڵەسەندنەوە هەتا بارودۆخەکە هێور دەبێتەوەو ئاشووبخوازان پەرت دەبـن، چـونکە

ئـەوان لەوپـەڕی بەهێزیـدان و لـە باشـترین حاڵەتـدا، ئەگـەر جەنگیشـیان لـە دژ ڕابگەیەنرێت، خوێنێکی زۆر دەڕژێت.

عائیشەی دایکی باوەڕداران و هەریەك لە تەلحە و زوبەیریش کە بەیعەتیان دابـوو بە خەلیفـەو بـەهۆی سـووربوونیان لەسـەر تۆڵەسـەندنەوەی عوسمـان ڕوویانکردبوویـە مەککە، پێیان وابـوو دەبێـت تۆڵـەی خـوێنی عوسمـان دوانـەخرێت و ڕێگـە نـەدرێت ئاشووبگێڕان بڵاوەی لێ بکەن، ئەگەر خەلیفە ڕازی ببێـت، ئـەوە دەچـنە ژێـر ئاڵـای سوپاکەی، ئەگەریش بەوە ڕازی نەبێت، ئەوە دەبێت لە هەرێمەکانی تـرەوە کاربکرێـت لەسەر نیشاندانی مەترسی سەبەئی و ئاشووبخوازەکان و فشارێکی وا دروسـت بکرێـت کە خەلیفە قەناعەت پێ بکات بەبێ دواخستن تۆڵەی خوێنی عوسمـان بکرێتـەوە، بـەم نیازەوە بڕیاریان دا ڕووبکەنە بەصرە و دواتر جەنگی جەمەلی لێکەوتەوە.

موعاویە و هەوادارانیشی لە شـام، پێیـان وابـوو هـەتا تۆڵـەی خـوێنی عوسمـان نەکرێتەوە، هیچ بەیعەتێك نەدەن بە عەلی و ملکەچی دەسـەڵاتەکەی نـەبن، چـاوەڕێ بوون ئەو مەرجە لەلایەن خەلیفەوە وەڵام بدرێتەوە.

عـەلی کـوڕی ئـەبووتالب بـەو چەشـنەی کـە پێشـتر مـەرجی دانـابوو، دەبێـت موسڵمانان ڕازی بـن بـە چەشـنی بـەڕێوەبردنی خیلافەتەکـەی، دەیویسـت سـەرجەم موسڵمانان پابەندی بڕیارەکەی بن. عائیشە و تەلحـە و زوبـەیریش بـۆ بەجێگەیانـدنی ئیجتیهادەکەیان، ڕوویانکردە بەصرە و موسڵمانانێکی زۆر چوونە ڕیزی سوپاکەیانەوە. موعاویەش لە شام مایەوەو چاوەڕێی وەڵـامی مەرجەکـەی بـوو، خەلیفـەش بڕیـاری

لابردنی موعاویەی دەرکردبوو، موعاویەش لەبەرئەوەی تا ئەو کاتە بەیعەتی نەدابوو، ئامادە نەبوو ئەو فەرمانە قبووڵ بکات.

جەنگی جەمەل ساڵی ٣٦ ك:

دوای بەیعەتپێدانەکە، تەڵحە و زوبەیر ڕووخسەتیان لە عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ خواست کە بڕۆن بۆ مەککە ئەویش ڕوخسەتی دان، لەوێدا گەیشتن بە دایکە عائیشە، جا هەواڵی ئەوەی پێگەیشتبوو کە عوسمان کوژراوە، هەر لەوێدا لە مەککە کۆبونەوە و جەختیان لەسەر تۆڵەسەندنەوەی عوسمان کردەوە. پاشان یەعلای کوڕی مونیە لە بەسرەوە و، عەبدوڵڵای کوڕی عامر لە کوفەوە هاتن و لە مەککەدا کۆبوونەوە لەسەر تۆڵە سەندنەوەی عوسمان، کە ئەبێ بسەندرێ.

ئەوەبوو بەخۆیان و ئەوانەشی دوایان کەوتبوون لە مەککەوە بەرەو بەسرە بەرێکەوتن و بەمەبەستی کوشتنی بکوژەکانی عوسمان، وایان دەبینی کەمتەرخەمیەکیان کردووە لە ئاست بەرگریکردن لە عوسمان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ. عەلیش رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ لە مەدینەدا بوو، عوسمانی کوڕی حونەیفی کردبوو بە والی بەسرە.

هەرکە گەیشتن عوسمانی کوڕی حونەیف نێردراوی نارد تا بزانێ: بۆچی هاتوون و چیان دەوێ؟ وتیان: بکوژەکانی عوسمانمان دەوێ. پێی ووتن: بوەستن تا عەلی دێ، و نەیهێشت بڕۆنە نێو بەسرەوە. دوای ئەوە جەبەلە، کە یەکێکە لە بکوژەکانی عوسمان، بە حەوت سەد کەسەوە هات بۆ شەڕکردن لەگەڵیاندا، ئەوەبوو توانیان سەربکەون بە سەریدا و زۆرێکیان لێ بکوژن، بەو هۆیەوە زۆرێك لە خەڵکی بەسرە هاتنە نێو ڕیزەکانی سوپای تەڵحە و زوبەیر و عائیشەوە خوا لە هەمویان ڕازی بێ. لەم کاتەدا

عەلی هەواڵی ئەم شەڕ و کوشتارەی نێوان عوسمانی کوڕی حونەیف، کە والـی عەلیـە بەسەر بەسرەوە لەگەڵ تەڵحە و زوبەیر و عائیشە پێگەیشت، بە دە هـەزار سـەربازەوە لە مەدینەوە بەرە و کوفە کەوتە ڕێ.

خەلیفەش کە ئاگادار بوو بە هەڵوێستی هەریـەك لـە خـەڵکی شـام و بـارودۆخی بەصرە، سەرەتا هەوڵیدا بـەبێ دەرچـوون لـە مەدینـە، لـە رێـی نـاردنی نێردراوانـی خۆیـەوە، لـە ناوچـەکاندا کێشـەکان چارەسـەر بکـات، بـەڵام بـەهۆی سـەرنەگرتنی پلانەکەیەوە، دواجـار بڕیاریـدا خـۆی بچـێت بـەدەم مەسـەلەکەوەو رێگەنـەدات لـە سەردەمەکەی ئەودا بۆ یەکەمجار پەرتبوون و بەشبەشبوون لەنێو دەوڵـەتی ئیسـلامیدا رووبدات، بۆیە سوپایەکی رێکخست و سەرەتا بەرەو بەصرە بەرێکەوت.

بەڵام نە عەلی نیازی کوشتنی ئەوانی هەبووە و نە ئەوانیش مەبەسـتیان جـەنگ کردن بووە لەگەڵ خودی عەلیدا هەروەك هەندێك لایـەن و ئەوانـەی پێیـان کاریگـەرن تەسەوری دەکەن، خۆ ئەگەر مەبەستیشیان کوشتاری عەلی بوایە ڕاستەوخۆ دەڕۆیشـتن بۆ مەدینە، نەك بۆ بەسرە.

جا تەڵحە و زوبەیر و عائیشە و ئەوانەشـی لەگەڵیانـدا بـوون، هـەرگیز نـە خیلافەتی عەلیان پوچەڵ کردۆتەوە، نە تانە و تەشـەریان لێیـداوە، نـە بـەخراپ باسیان کردووە، نە بەیعـەتیان بـە جگـە لـە عـەلی داوە، نـە بـۆ کوشـتاری وی دەرچوون بۆ بەسرە، ئەسڵەن ئەو لەو کاتەدا لە بەسرە نەبووە. جا هەر وەك ئەحنـەفی کوڕی قەیس دەڵێ: دوای گەمارۆدانی عوسمان گەیشتم بە تەڵحە و زوبـەیر، وتم: ئـەمر بە چی دەفەرموون، من بزانم دەکوژرێت؟ وتیان: خۆت بگەیەنە بە عەلی.

هەروەها دەڵێ: دوای کوشتنی عوسمان لـە مەککـەدا گەیشـتم بـە عائیشـە، وتم ئەمر بەچی ئەفەرمووی؟ وتی: خۆت بگەیەنە بە عەلی[١].

وتوویژ و دانوستانەکانی پـێش شـەڕەکە: عـەلی، میقـدادی کـوڕی ئەسـوەد و قەعقاعی کوڕی عەمری نارد لە بۆ گفتۆگۆکردن لەگـەڵ تەڵحـە و زوبـەیردا، ئـەوەبوو هەردولا لەسەر شـەڕنەکردن ڕیککـەوتن و هـەر لایـە و دیدوبۆچـوونی خـۆی لەمـەڕ مەسەلەکە ڕوونکردەوە.

تەڵحە و زوبەیر وایان دەبینی کە نابێت دەست بەرداری بکوژەکانی عوسمـان بـن، بەڵام عەلی وای دەبینی کە بەرژەوندی لەوەدا نییە ئێسـتا دوای بکوژەکـانی عوسمـان بکەوێت، بەڵکو هەتا بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە ئینجـا، جـا کوشـتنی بکوژەکـانی عوسمـان هـەمووی کـۆك بـوو، جیاوازیەکـە لـەوەبوو کـەی ئەمانـە بکـوژرێن؟ دوای ڕێککەوتنەکە هەردوو سوپاکە لە خۆشترین شـەودا بەخۆشـی سـەریان نایـەوە، بـەڵام سەبەئیەکان (کە بکوژەکانی عوسمانن) لە ناخۆشترین شەودا بەیانیان کـردەوە، چـونکە هەردوولا لەسەر ئەمان ڕێککەوتبوون، ئەو مێژوونوسانەشی کە باسـی ئـەم شـەڕەیان کردووە ئاماژەیان بۆ ئەمە کردووە، وەکو تەبەری[٢] و ئیبن کەسیر[٣] و ئیبن ئەسـیر[٤] و ئـیبن حـەزم[٥] و.. هتـد. ئـیتر سـەبەئیەکانیش کۆڕابـوون لەسـەر تێکـدانی ئـەم

---

(١) «فتح الباري» (٣٨/١٣). وقال: «أخرجه الطبري باسناد صحيح».

(٢) «تاريخ الطبري» (٥١٧/٣).

(٣) «البداية والنهاية» (٢٥٠٩/٧).

(٤) «الكامل في التاريخ» (١٢٠/٣).

(٥) «الفصل في الملل و الأهواء والنحل» (٢٩٣/٤).

ڕێکەوتننامایە، ئەوەبوو بەیانی پێش مەلابانگدان، هەمووی خەوتبوو، کۆمەڵێك لەسەبەئیەکان هێرشیان کردە سەر سوپاکەی تەڵحە و زوبەیر و چەند سەربازێکیان لێ کوشتن و ڕایان کرد. سوپاکەی تەڵحە وا تێگەیشتن کە سوپاکەی عەلی خیانەتیان کردووە، بۆیە چەند سەربازێکی ئەمانیش بەو بەرە بەیانە هەڵیان کوتایە سەر سوپاکەی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ، ئیتر سوپاکەی عەلیش وا تێکەیشتن سوپاکەی تەڵحە و زوبەیر خیانەتیان کردووە، ئا بەو شێوەیە وردە شەڕ هەر بەردەوام بوو تا بە تەواوەتی لە نیوەڕۆدا شەڕ هەڵگیرسا.

هەوڵەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە: سەرکردەی سوپای هەردوولا هەوڵی ڕاگرتنی شەڕیاندا، بەڵام بێ سود بوو، تەڵحە هاواری دەکرد: ئەی خەڵکینە واز بێنن ! بەڵام کەس گوێی بۆ نەدەگرت، تا وای لێهات وتی: ئاخ ئاخ، پەپولەی ئاگر و مێشولەی تەماع[1]. هەروەها عەلیش بەهەمان شێوە ڕێگری لێدەکردن، بەڵام کەس وەڵامی نەئەدایەوە، هەروەها عائیشە لە ڕێگەی کەعبی کوڕی سەورەوە قورئانێکی نارد بەڵکو شەڕەکە ڕابگرێت، بەڵام سەبەئیەکان تیربارانیان کردو هەر لەوێ کوشتیان. شەڕ هەر وایە -پەنا بەخوا- هەرکە هەڵگیرسا، ئیتر کەس ناتوانێ بیکوژێنێتەوە. ئیبن تەیمیە دەڵێ: فیتنە و ئاشوب و بەڵا هەر کە هەڵگیرسا خەڵکانی ژێر گیردێن بەدەست گەمژە و نەزانەکانەوە، هەر بۆیە ئەو پیاوە بەڕێزانە رضي الله عنهم نەیانتوانی ئەو فیتنەیە خامۆش بکەنەوە، عادەتی فیتنەش هەر وابوە، وەك خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةً لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾ {الانفال: ٢٥}. (خۆتان

(١) «تاريخ خليفة بن خياط» (١٨٢).

بپارێزن لە فیتنە (ئاشوب و بەڵا)یەك كە بە تەنها تووشی ستەمكارانتان نابێت، هەمووتان دەگرێتەوە، بشزانن كە بە ڕاستی تۆڵەو سزای خوا زۆر سەختە)[1]. ئیمامی بوخاری چەند دێڕە شیعرێكی ئیمڕوئو قەیس دەهێنێتەوە كە دەڵێ:

الحَرْبُ أَوَّلُ مَا تَكُونُ فَتِيَّةً   تَسْعَى بِزِينَتِهَا لِكُلِّ جَهُولِ
حَتَّى إِذَا اشْتَعَلَتْ وَشَبَّ ضِرَامُهَا   وَلَّتْ عَجُوزًا غَيْرَ ذَاتِ حَلِيلِ
شَمْطَاءَ يُنْكَرُ لَوْنُهَا وَتَغَيَّرَتْ   مَكْرُوهَةً لِلشَّمِّ وَالتَّقْبِيلِ

جەنگ سەرەتاكەی وەك كیژۆڵەی جوان   دوای خۆی دەخا چی گەمژە و نەزان
هەر كە گڕی سەند و هاتە بڵێسەدان   دەبتە پیرەژنێكی بێفەڕ و گران
سەرسپی و ناشرین و قیزەون   ناشیٚ؛ نەبۆ بۆنكردن ونەبۆ ماچكردن[2]

ڕووداوی «جەمەل» لە ساڵی سی و شەشی كۆچی ڕویدا، كە دەكاتە: سەرەتای خیلافەتی عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە دوای نیوەڕۆ دەستی پێكرد و پێش خۆرئاوابوونی هەمان ڕۆژ كۆتایی پێهات.

كۆمەڵەكەی عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دە هەزار كەس بوون، بەڵام ئەهلی جەمەل پێنج شەش هەزارێك دەبوون، ئاڵاكەی سوپاكەی عەلی لەگەڵ موحەممەدی كوڕی عەلی كوڕی ئەبوتالبدا بوو، ئاڵاكەی ئەهلی جەمەل لەگەڵ عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیردا بوو. سەبارەت بە ژمارەی كوژراوانی ئەو جەنگە، زیادەڕەویەكی بێشومار كراوەو بەپێی ماوەو كاتی جەنگەكە و سوورنەبوونی جەنگاوەرانی هەردوولا لەسەر كوشتاری

---

(١) «مختصر منهاج السنة» (٢٨١).

(٢) «صحيح البخاري» (كتاب الفتنة، باب الفتنة التي تموج كموج البحر) قبيل الحديث (٧٠٩٦).

بەرامبەر و بەراوردی کوژراوانی ئەو جەنگە لەگەڵ کوژراوانی جەنگە گەورەکانی ئەو کات و سەردەمەدا، دەردەکەوێت ژمارەی کوژراوانی هەردوولا لە چەند سەد کەسێك تێپەڕی نەکردووە. فیتنەیەکبوو خوای گەورە شمشێرەکانمانی لێی بێوەی کرد، بۆ ئەوانیش داوای ڕەزامەندی و لێخۆشبون لە خوا ئەکەین.

کوشتنی تەڵحە و زوبەیر:

تەڵحە و زوبەیر و موحەممەدی کوڕی تەڵحە کوژران، زوبەیر لەم جەنگە بەشداری نەکرد و تەڵحەش هەروەها، لەبەر ئەوەی ئەگێڕنەوە کەوا زوبەیر دەگات بە عەلی، عەلی پێی دەڵێ: لە بیرت دێ پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمووی: شەڕی لەگەڵدا دەکەیت و تۆ ستەمیی لێدەکەی، بۆیە زوبەیر پاشگەز بوویەوە و شەڕی نەکرد و هەر لەو ڕۆژەشدا گەڕایەوە(١). بۆیە ڕاستیەکەی ئەوەیە شەڕی نەکردبێت، بەڵام ئایا ئەم گفتوگۆیە لە نێوان خۆیی و عەلی دا رویداوە؟ الله أعلم تا چەند ڕاستە، بەڵام ڕیوایەتەکە سەنەدێکی بەهێزی نییە، گەرچی لە کتێبە مێژوییەکاندا بەناوبانگە. لەمەش مەشهورتر ئەوەیە کە زوبەیر بەشداری ئەم شەڕەی نەکردووە، بە غەدر کوژراوە، بەدەست پیاوێکەوە پێی دەگوترا ئیبن جرموز. بەڵام تەڵحە، لەو کاتەی کە سەرقاڵی سارد کردنەوەی خەڵکی بوو لە شەڕکردن، بە تیرێکی وێڵ (بێ مەبەست) کوژرا، بەڵام ئەوەی مەشهورە تیرێکی مەڕوانی کوڕی حەکەم بەری کەوتووە و داویەتی لە زامێکی کۆن لە قاچی و بووەتە هۆی مردنی. شەڕ کۆتایی هات و

---

(١) «المصنف» لابن أبي شيبة (١٥/٢٨٣ رقم ١٩٦٧٤). وفيه رجل مجهول، وذكره الحافظ ابن حجر في «المطالب العالية» (٤٤١٢).

خەڵکێکی زۆر کوژران، بە تایبەت لە بەرگریکردن لە وشترەکەی عائیشە، چونکە ئەو وەکو ڕەمزێك بوو بۆ ئەوان، بەو هۆیەوە لە پێناویدا خۆیان دەدا کوشت. بۆیە هەرکە وشترەکەی دای بە زەویدا ڕاستەخۆ جەنگەکە وەستایەوە و بەسەرکەوتنی عەلی کوڕی ئەبوتالب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ کۆتایی پێهات. ئەگەر چی ڕاستتر وایە بڵێی کەس سەرنەکەوت، بەڵکو ئیسلام و موسڵمانان لەم شەڕەدا خەسارۆمەند بوون.

دوای شەڕەکە:

کە شەڕەکە کۆتایی پێهات عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ بەنێو کوژراوەکاندا دەڕۆیشت، تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵلای بینی، هەڵیسانەوە و داینا و ئەو خۆڵەی بە دەم و چاویەوە بوو سڕی و پاشان وتی: پێم گرانە، لەژێر ئەم ئاسمانە ئا بەم شێوە بە ڕاکشاوی دەت بینم ئەی ئەبو موحەممەد. پاشان دەستی کرد بەگریان ووتی: خۆزگە بیست ساڵ پێش ئێستا بمردایەم(١).

* هەروەها کاتێك عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ موحەممەدی کوری تەڵحەی بینی دیسانەوە دەستی کرد بە گریان، جا ئەم موحەممەدی کوڕی تەڵحەیە ناوی لێنرابوو (سجاد) (زۆر سوژدە بەر)، بەهۆی زۆری عیبادەت کردنیەوە. هەر هەموو ئەو هاوەڵانەی لەم شەڕەدا بەشداریان کرد، بە بێ هەڵاوێر، لەوەی کە ڕویدا پەشیمان بوونەوە. ئەو جرموزەش هاتە لای عەلی و شمشێرەکەی زوبەیری پێبوو وتی: زوبەیرم کوشت، زوبەیرم کوشت، هەرکە عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ گوێی لەمە بوو وتی: بەڕاستی ئەم شمشێرە

---

(١) «مختصر تاريخ دمشق» (٢٠٧/١١)، و«أسد الغابة» (٨٨/٣)، وقال البوصيري: «رجاله ثقات»، نقله عنه الحافظ في «المطالب العالية» (٢٠٢/٤) باختلاف.

تەنگی و ناخۆشی زۆری لەسەر پەیامبەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لابردوە، پاشان وتی: مژدەی ئاگر بدە بە بکوژەکەی ئیبن صەفییە[١]، ڕێگەشی نەدا بێتە ژورە بۆلای[٢]، کە شەڕەکەش کۆتایی پێهات، عەلی رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ هەستا و بەو پەڕی ڕێز و شکۆوە عائیشەی دایکی ئیماندارانی رَضِيَٱللَّهُعَنْهَا ناردەوە بۆ مەدینەی پەیامبەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، بەو شێوەیەی پەیامبەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمانی پێکردبوو. لە عەلیەوە رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ دەڵێ: پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرموی: (لە نێوان تۆ و عائیشەدا شتێ ڕوئەدات) عەلی وتی: ئەی پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بۆ ئەمن سەر شۆڕیان دەکەم؟ ئەویش فەرمووی: (نەخێر، بەڵام گەر هاتوو شتێکی وا ڕوویدا ئەوا بیگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەی خۆی[٣]، ئەویش هەستا بەوەی کە پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمانی پێکردبوو.

بۆچی عەلی بکوژەکانی عوسمانی نەکوشت؟

عەلی بە چاوی (مەسڵەحە و مەفسەدەوە) دەیڕوانیە مەسەلەکە، ئەو دەیگوت بەرژەوەندی لەوەدایە تۆڵەسەندنەوەکە دوابخرێت، نەك وازی لێهێنرێت، لەبەر ئەمە تۆڵەسەندنەوەکەی دواخست، هەروکو چۆن پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لە ڕوداوی (إفك)دا ئەمەی کرد، کاتێك کە هەندێك خەڵك قسەیان لەسەر عائیشە کرد و بوهتانیان بۆکرد.

---

(١) صەفیە دایکی زوبەیری کوڕی عەوامە وکچی عەبدولموتەلبە وپوری پەیامبەری خوایە عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ.

(٢) «طبقات ابن سعد» (١٠٥/٣) بسند حسن.

(٣) أخرجه أحمد في «المسند» (٢٩٢/٦)، قال الحافظ في «الفتح» سنده حسن (٦٠/١٣).

له ناودارترینی ئەوانەی قسەیان لەسەر عائیشە کرد: حەسسانی کوڕی سابت، حەمنەی کچی جەحش، میستەحی کوڕی ئوپاپە، سەرئاشۆینەکەشی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول بوو[تا ئەوەبوو ئایەت لەبارەی مەسەلەکەوە دابەزی و بەڕائەتی دایکی ئیماندارانی ڕاگەیان]، پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ڕۆیشتە سەر مینبەر و فەرمووی کێ عوزرم بۆ دێنێتەوە ئەگەر هەستم بە کوشتنی کەسێك لەسەر ئەو خراپیەی لێی وەشاوەتەوە کە تینی خراپە و ئازاری گەیشتۆتە خێزانەکەم - مەبەستی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولە-، سەعدی کوڕی موعاز[1] هەستا و وتی: من ئەی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ سەرت دەخەم و عوزرت بۆ دێنمەوە. خۆ ئەگەر لە ئێمەی (ئەوسە) ئەوا دەیکوژین، ئەگەریش لەبرا خەزرەخیەکانمانە و فەرمان دەفەرموی هەر دەیکوژین ! کەچی سەعدی کوڕی عوبادە هەستاو وەڵامی سەعدی کوڕی موعازی دایەوە، ئوسەیدی کوڕی حودەیریش هەستا و وەڵامی سەعدی کوڕی عوبادەی دایەوە، پەیامبەری خواش عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ هەر بێ دەنگی دەکردن[2]. ئیتر کە زانی مەسەلەکە لەوە گەورە ترە -چونکە پێش هاتنی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بۆ مەدینە، ئەوس و خەزرەج ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەم

---

(١) ڕاستتر یان نزیکتتر لە ڕاست ئەوەیە بڵێین: ئەم دەمەقاڵێیە لە نێوان سەعدی کوڕی عوبادە و ئوسەیدی کوڕی حودەیردا بووە، چونکە سەعدی کوڕی موعاز لە شەڕی بەنی قورەیزە وەفاتی کردوە، چیرۆکی ئیفکیس لە غەزای «مورەیسیع - بەنی موستەلیق» دا بووە، کە دەکەوێتە دوای بەنی قورەیزەوە.. بۆیەش وتم: نزیکتتر لە ڕاست؟ لەبەر بوونی جیاوازی ڕا لەسەر مێژووی ڕووداوەکانی ئەحزاب و قورەیزە و بەنی موستەلیق.. بڕوانە: الفتح.

(٢) متفق علیە: «صحیح البخاري» (٤١٤١)، و«صحیح مسلم» (٢٧٧٠).

عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولە گەورە و دەم سپیان بێ، بۆیە پایەیەکی بەرزی هەبوو لە لایان، خۆ هەر ئەم بوو سێ یەکی سوپاکەی لە جەنگی بەدردا گەڕانەوە، دەبینی پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لێرەدا- دەست بەرداری قامچی لێدانەکەی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەلول دەبێت، لەبەرچی؟! لە بۆ بەرژەوەندی، چونکە قامچی لێدانەکەی مەفسەدە و خراپەی زۆرتری لێدەکەوتەوە وەك لە وازلێهێنانەکەی.

بەهەمان شێوە عەلیش رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ وای دەبینی کە دواخستنی تۆڵەسەندنەوەی عوسمان، مەفسەدەی کەمترە وەك لە پەلەلێکردنی، ئاخر ئەسڵەن عەلی نەیدەتوانی بکوژەکانی عوسمان بکوژێت ! چونکە ئەوان دانە دانە ناسراو نەبوون، ئەگەریش سەرکردەکانیان دیارن ئەوانیش هۆز و عەشیرەتیان هەیە، بەرگری لێ دەکردن، سەرباری ئەوەش جاریٚ فیتنە و ئاشوب هەر بەردەوامە و هێشتا ئەمن و ئاسایش بەرقەرار نەبووە، کێ دەڵێ عەلیش رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ ناکوژن ؟! هەرواش بوو دوای ئەوە کوشتیشیان.

* بۆیە کاتێك خیلافەت گەیشت بە موعاویە، بەهەمان شێوە بکوژەکانی عوسمانی نەکوشت ؟! بۆ ؟ چونکە ڕەئی وەکو ڕەئی عەلی لێهات، عەلی ئەمەی بە واقع دەبینی، موعاویە بە نەزەری، بەڵام کە خیلافەتی گرتە دەست بە واقیعی و عەمەلی بینی. ڕاستە موعاویە هەندێکیانی کوشت، بەڵام باقیەکەیان هەر مانەوە هەتا سەردەمی حەجاج لە خیلافەتی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا، ئەو هەموویانی کوشت و کەسیانی نەهێشتەوە. ئەوەی گرنگە، عەلی نەیدەتوانی بیان کوژێ، نەك دەسەڵاتی نەبووبێ، بەڵکو لەبەر خاتری ئوممەت ئەمەی نەکرد.

جەنگی صیففین[1] ساڵی ٣٧ ك:

موعاویە بەیعەتی بە عەلی نەدەدا هەتا تۆڵەی عوسمان نەکرێتەوە، جا کاتێك عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ لە جەنگی جەمەل بوویەوە، وتی: ئێستا پێویستە موعاویە بەیعەتبدات، سوپای لەبۆ شەڕ ئامادەکرد، یان ئەوەتا بەیعەت بدات، ئەوەبوو عەلی بە سەد هەزار سەربازەوە بەرەو صفین لە شام کەوتەڕێ. ئەوەبوو عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ لە مانگی سەفەری ساڵی سی و حەوتی کۆچی گەیشتە صیففین.

جێ ئاماژەیە ئەم جەنگانەی ئیمامی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ هەم جەمەل و هەم ئەوەی صیففینیش بە ڕەئی و ئیجتهادی خۆی کردونی. ئەوەتا ئەبو داود لە سونەنەکەی خۆیدا لە قەیسی کوڕی عوبادەوە ڕیوایەت دەکا، دەڵێ بە عەلیم رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ ووت: باسی ئەو بەسەر هاتانەی خۆتمان بۆ بکە ئایا پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ ڕایسپاردبووی یان ڕا و بۆچوونی خۆت بوون؟ وتی: پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ هیچی پێ ڕانەسپاردوم، هەمووی ڕا و بۆچوونی خۆم بوون[2].

ئایا موعاویە شەڕی کورسی بوو؟

ئەبو موسلیمی خوەلانی باسێکمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەم تۆمەتە ڕیشەکێشدەکات. ئەبو موسلیمی خوەلانی ڕۆیشتۆتە لای موعاویە و پێی ووتوە: تۆ ڕکەبەرایەتی لەگەڵ عەلی دا دەکەی، تۆ خۆت ئەکەیتە هاوشانی عەلی؟ موعاویە وتی: نە بەخوا، ئەمن باش دەزانم کە عەلی باشترە و شایستەترە بۆ ئەو کارە، بەڵام ئێوە نازانن عوسمان بە

---

(١) صفين نزیکی «الرقة» یە، تەنیشت ڕوباری فورات، ئێستا دەکەوێتە سوریاوە.

(٢) «سنن أبي داود» (كتاب السنة، باب ما يدلّ على ترك الكلام في الفتنة)، ح ٤٦٦٦. وصححه الألباني.

مەزلۆمی کوژرا ؟! منیش کوڕی مامیم، داوای خوێنەکەی ئەکەم، بڕۆن بۆلای عەلی و پێی بڵێن: با بکوژەکانی عوسمانم تەسلیم بکات، ئەوە منیش هەموو شتێکی تەسلیم ئەکەم، ئەوەبو ڕۆیشتنە خزمەت عەلی و قسەیان لەگەڵدا کرد، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو بکوژەکان تەسلیم بکات(١).

جا موعاویە هەرگیز نەیگوتووە من خەلیفەم، مشت و مڕیشی لەگەڵ عەلی دا هەرگیز لەسەر خیلافەت نەبووە، بۆیەش کاتێك ناکۆك کەوتن -وەك دواجار باسی لێوە ئەکەین- و مەسەلەی تحکیم هاتە پێشەوە، نووسی: ئەمە ئەو نوسراوەیە کە عەلی ئەمیری ئیمانداران پەیمانی لە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان وەرگرتووە لەسەری، موعاویە وتی: مەنوسە ئەمیری ئیمانداران، ئەگەر بەیعەتم پێتبدایە لەسەر ئەوەی کە ئەمیری ئیماندارانی لەگەڵت نەدەجەنگام، بە تەنها ناوی خۆم و خۆت بنوسە، پاشان بەری کرد بەلای نووسەرەکە و پێی ووت: ناوی ئەو لە پێشدا بنوسە، بەهۆی فەزڵی و پێشەنگیی لە ئیسلامدا(٢).

جا هەرگیز شەڕی نێوان عەلی و موعاویە شەڕی نێوان خەلیفەیەك و خەلیفەیەکی تر نەبووە، بەڵکو هۆکاری شەڕەکە ئەوەبووە؛ عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەیویست موعاویە لابدات، موعاویەش ئەوەی قبوڵ نەدەکرد تا بکوژەکانی کوڕەکەی مامی نەکوژرێن، یان تەسلیمی خودی موعاویە بکرێن، مەسەلەکە خیلافەت نەبووە هەروەك بڵاوە.

---

(١) «تاريخ الاسلام» (ص ٥٤٠) (عهد الخلفاء الراشدين)، وسنده صحيح.

(٢) «البداية والنهاية» (٢٨٨/٧).

ژمارەی سوپاکەی عەلی سەد هەزار و ژمارەی سوپاکەی موعاویە حەفتا هەزار دەبوو، لەم شەڕەدا لە نێو سوپاکەی عەلی عەممای کوڕی یاسر کوژرا، پەیامبەری خواش عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بە عەممای فەرمووە: «يا عمار ستقتلك الفئة الباغية»، «ئەی عەممار کۆمەڵە ستەمکارەکە دەتکوژن»[١].

کەواتە موعاویە و سوپاکەی دەستە باغیەکەبوون.

بەڵام لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیان پرسی: فەرمودەی: «ستقتلك الفئة الباغية» چی دەڵێی لە بارەیەوە؟ وتی: هیچی لەبارەوە ناڵێم هیچ نەوتن بێوەیترە، ئەوە دەڵێم کە پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرموویەتی: کۆمەڵە یاخیبووەکە کوشتویانە، ئیتر بێدەنگ بوو[٢].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە دەقی صەحیح هەردوو کۆمەڵەکەی عەلی و موعاویە موسڵمانن[٣].

عەلی و سوپاکەشی لەحەقەوە نزیکترن، عەلیش بۆ جێبەجێکردنی دەقی قورئان، بڕیاریدا جەنگی موعاویە و سوپاکەی بکات. خوای گەورە دەفەرموێت: {وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَي الْأُخْرَي فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّي تَفِيءَ إِلَي أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ

(١) متفق عليه: «صحيح البخاري» (الصلاة، التعاون في بناء المسجد) (٤٤٧)، و«صحيح مسلم» (الفتنة، لا تقوم الساعة حتى يمر الرجل بقبر الرجل) (٢٩١٥).

(٢) «السنة» للخلال ص ٤٦٣ رقم ٧٢٢.

(٣) «صحيح البخاري» (٢٥٧٧).

وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٩) إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ}، واته: «ئەگەر دوو دەستە لە باوەڕداران پێکەوە بە جەنگ هاتن، هەرچی تواناتان هەیە بەکاری بێنن و ئاشتیان بکەنەوە، ئەگەر دەستەیەکیان دەست درێژیی کردە سەر دەستەکەی تر و ملی رانەکێشا بۆ ئاشتیی، ئەوا ئێوەش لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیاندا بجەنگێن کە دەستدرێژی دەکات، تا ناچار ئەبێ و ئەگەڕێتەوە بۆ بڕیارو حوکمی خوا، ئینجا ئەگەر ئەوکۆمەڵەش گەڕایەوە بۆ حوکمی خوا، ئێوەیش بەئینصاف ناوبژییان بکەن ودادپەروەر بن، بێگومان خوا دادپەروەرانی خۆش ئەوێ، بەڕاستی هەر بڕواداران برای یەکن، ئێوەش نێوانیان چاك بکەن و ئاشتیان بکەنەوە، هەمیشە لە خوا بترسنن بەشکو خوا رەحمتان پێبکات».

عەلی کوڕی ئەبووتالب جەنگی سوپای شامی کرد هەتا ئەو کاتەی گەڕانەوە بۆ فەرمانی خوا، ئەوکات دەستی هەڵگرت لە لێدانیان و بڕیاری دادوەریی دا، دوای خۆیشی حەسەنی کوڕی بەشی دووەمی جێبەجێ کرد کە صولحی نێوان برایانی موسڵمان بوو.

هەر چۆنێك بێت، پاش ئاڵوگۆڕی نامە و نێردراو لەنێوان عەلی و موعاویە و نەگەیشتنە ئەنجام، عەلی کوڕی ئەبووتالب بڕیاریدا هێرش بباتە سەر شام هەتا ئەو کاتەی موعاویە و سوپاکەی دێنە ژێر بار، موعاویەش پاش راوێژ بە خەڵك و دەوروبەرەکەی، بڕیاریدا بەرنگاری سوپاکە ببێتەوە، عەلی لە عێراقەوە سوپایەکی چەند هەزار کەسی ئامادە کرد و موعاویەش بە سوپایەکی چەند هەزار کەسیەوە رووەو ناوچەی صفین هات، لەوێ هەردوو سوپا ماوە ماوە هێرشیان دەبردە سەر

یەکدی، دواجار لە جەنگێکی سەختی چەند ڕۆژەدا بەریەککەوتن، لە هەردوو لاوە ویستی صولح و ڕێککەوتن ڕوو لە هەڵکشان بوو، سوپای موعاویە بڕیاریان دا واز لە جەنگ بهێنن و داوای صولحیان کرد، نوسخەیەکی قورئانیان برد بۆ عەلی کوڕی ئەبوتالیب هەتا لەسەر قورئان ڕێکبکەون، ئەویش ڕازی بوو، هەر لایەك نوێنەری خۆی دەستنیشان کرد بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە، بەم چەشنە جەنگەکە کۆتایی پێ هات.

هەق لەگەڵ کێدا بوو؟

ئیبن حەجەر دەڵێ: جمهوری زانایانی ئەهلی سوننەت، دەڵێن ئەوانەی لەگەڵ عەلی دا جەنگاون هەق و صەواب بوون و لە فەرمودەی صەحیحدا چەسپاوە ئەوانەی لە دژی عەلی جەنگاون یاخی بوون، لەگەڵ ئەم هەق پێدانەشدا بەڵام لەسەر ئەوەش یەکدەنگن کەوا ئیجتهادیانکردووە و نەیان پێکاوە[١]. هەروەها دەڵێ: (ئەهلی سوننە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە نابێت تانە لە یەك هاوەڵ بدرێت، لەسەر ئەوەی کە لێیان وەشاوەتەوە، ئەگەرچی و با لایەنە هەقەکەشیان بناسرێتەوە، چونکە ئەوان شەڕیان نەکردووە مەگەر بە ئیجتهاد نەبێ[٢]. واتە بۆ خۆشی و لەبەر هەوا و ئارەزوو شەڕیان نەکردووە هەروەك زۆرێك لە چەواشەکارەکان تەسەوری دەکەن.

ئەگەریش کەسێك بڵێت: «ئەگەر لەکاتی ڕودانی هەر جیاوازی و ناکۆکیەك لە نێوان موسوڵماناندا، واجب وابوایە کە لێی ڕابکرێت و هەرکەسە و بتەپێتە ماڵی

(١) «فتح الباري» (١٣/٧٢).

(٢) «فتح الباري» (١٣/٢٧).

خۆیەوە، ئەوا نە سنورەکانی خوا جێبەجێ دەکرا و نەخراپە بە خراپە دادەنرا، هەروەها خراپەکارەکان ڕێگەیان بۆ والآ دەبوو بەوەی هەر حەرامێك دەیانەوێ ئەنجامی بدەن»[١]. ئەوا دەڵێم: بەڵێ ئەم قسەیە ڕاستە ئەگەر مەسەلەکە ڕوون بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو مەسەلەکان ئاڵۆز و ناڕوون بوون، ئەوا دوور کەوتنەوە پێویستە، هەربۆیە دەبینی زۆرێك بەشداری لەم شەڕەدا ناکەن. کەواتە شتێك کە دەبێت قەناعەتمان پێی هەبێ، ئەوەیە: تەڵحەو زوبەیرو عائیشە و شوێنکەوتوانیان، هەروەها عەلی و شوێنکەوتوانی، بە ئیجتهاد شەڕیان کردووە، مەسەلەکە ئاشوب و بەلاّ بووە، بەتایبەت جەنگی جەمەل، خۆبۆ ئامادەکراو نەبوو و مەبەستیشیان شەڕ نەبوو، ئیبن تەیمیە و ئیبن حەزمیش دەڵێن: جمهوری زانایان بێ دەنگی زمان گرتن لەم مەسەلەیەدا بەباش دەزانن. ئەحمەد بن عبد الحليم بن عبد السلام: دەڵێ: ئەگەر کەسێکیش بڵێ: ئەی باشە خۆ عەلی یەکەم جار دەستی بە شەڕ کرد؟ ئەوا پێی دەڵێین: خۆ یەکەمجاریش ئەوان بوون لەگوێڕایەڵی ئەو دەرچوون و بەیعەتەکیان شکاند و کردیان بە ستەمکار و بەشدار لە خوێنی عوسمان و شایەتی درۆشیان لەسەر قبوڵ کرد)[٢]. هەروەها دەڵێم: چونکە لای خەڵکی شام دەنگوباس وابوو کە عەلی بە کوشتنی عوسمان ڕازی بووە.

ئەمەش لەبەر چوارشت لە لای خەڵکی شام ڕەواجی پەیدا کرد:

١. نەکوشتنی بکوژەکانی عوسمان.

---

(١) انظر: «فتح الباري» (١٣/٢٧).

(٢) «منهاج السنة» (٤/٤١٠).

٢. جەنگی جەمەل.

٣. بەجێهێشتنی مەدینە و نیشتەجێبوونی لە کوفە، کە سەنگەر و حەشارگەی بکوژەکانی عوسمان بوو.

٤. لە ناو سوپاکەی عەلی دا خەڵکانێك هەبوون تۆمەتباربوون بەوەی دەستیان لە خوێنی عوسماندا هەیە. لەبەر ئەم چوار شتە خەڵکی شام کەوتنە گومانەوە (لەلای نەزانەکانیان)، کە عەلی دەستی هەیە لە کوشتنی عوسماندا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ خۆی لە ڕاستیدا هەرگیز دەستی عەلی تێدا نەبووە، تەنانەت عەلی نەفرەتی لە بکوژەکانی عوسمان دەکرد، جا ئەگەر یەکێك وتی: خۆ ئەمەش بە تەنها ئەو کوشتارەی ئەو لەگەڵیاندا کردی حەڵاڵ ناکات؟ ئەوا پێی دەڵێین: بەڵکو بۆ ئەوان حەڵاڵ نەبوو لەگەڵ عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ بجەنگن، چونکە ئەو توانای کوشتنی بکوژەکانی عوسمانی نەبوو، بەڵکو ئەگەر توانای ئەوەشی هەبووبا و نەیکردبێ" بە تەئویل یان بە تاوانباری بێ، هەر نەدەبووە پاساو بۆ پەرتەوازە کردنی کۆمەڵی موسوڵمانان و بەیعەت پێ نەدانی، بەڵکو هەرچۆنێك بوایە بەیعەت پێدانی عەلی بۆ ئیسلام و موسوڵمانان چاکتر بوو بە سودتریش بوو[1].

ئەو هاوەڵانەی بەشداری ئەم شەڕانەیان کرد؟

ئەو هاوەڵانەی بەشداری شەڕی (جەمەل) و (صیففین) یان کرد ئەمانەن: عەلی، زوبەیر، تەڵحە، عائیشە، کوڕی زوبەیر، حەسەن، حوسەین، عەممار، ئیبن عەبباس،

---

(١) «منهاج السنة» (٤١١/٤).

موعاویە، عەمری کوڕی عاص، قەیسی کوڕی سەعد، قەعقاعی کوڕی عەمر، جەریری کوڕی عەبدوڵڵا، خوزەیمەی کوڕی سابت، ئەبو قەتادە، ئەبو هەیسەمی کوڕی تەییهان، سەهلی کوڕی سەعد، جابری کوڕی عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر، عەدی کوڕی حاتەم، ئەشعەسی کوڕی قەیس، جاریەی کوڕی قودامە، فوزالەی کوڕی عوبەید، نوعمانی کوڕی بەشیر. ئەوانەشی خۆیان گرتەوە و بەشداریان نەکرد ئەمانەن: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، سەعیدی کوڕی زەید، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، موحەممەدی کوڕی مەسلەمە، ئوسامەی کوڕی زەید، ئەبو هورەیرە، زەیدی کوڕی سابت، عومرانی کوڕی حوصەین، ئەنەسی کوڕی مالك، ئەبی بەکرەی سەقەفی، ئەحنەفی کوڕی قەیس، ئەبو ئەیوبی ئەنساری، ئەبو موسای ئەشعەری، ئەبو مەسعودی ئەنساری، وەلیدی کوڕی عوقبە، سەعیدی کوڕی عاص، عەبدوڵڵای کوڕی عامر، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، ئەبو بەرزەی ئەسلەمی، ئەهبانی کوڕی صەیفی، سەلەمەی کوڕی ئەکوەع، بەڵکو زۆربەی هاوەڵان رضي الله عنهم .

چیرۆکی داوەریکردن (تحکیم)

وتمان جەنگی صفین بە دادوەری (تحکیم) کۆتایی پێهات، عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ گەڕایەوە بۆ کوفە، موعاویەش بۆ شام، لەسەر ئەوەی کە داوەریکردنەکە لە ڕەمەزاندا ئەنجام بدرێ، عەلی ئەبو موسای ئەشعەری نارد و موعاویەش عەمری کوڕی عاص تا ڕێککەوتن ئەنجام بدەن.

بەڵام چیرۆکێکی بەناوبانگی تەحکیم هەیە کە: عەمری کوڕی عاص لەگەڵ ئەبو موسای ئەشعەری ڕێککەوت لەسەر لابردنی هەریەك لە عەلی و موعاویە، ئەبو

موسای ئەشعەری سەرکەوتە سەر مینبەر و وتی: مـن عـەلی لـە خیلافـەت لائەبـەم هەروەك چۆن ئەم ئەنگوسـتیلەیە لـە پەنجـەم دائەکـەنم، پاشـان ئەنگوسـتیلەکەی لـە پەنجەی داکەند، ئینجا عەمری کوڕی عاص هەستا و وتی: هەروەها منیش عەلی لـە خیلافەت لائەبەم هەروەکو چۆن ئەبو موسا لایبرد وەکو داکەندنی ئەم ئەنگوستیلەیەی دەستم، هەروەها موعاویە دەهێڵمەوە و جێگیری دەکەم هەروەك چۆن ئەنگوسـتیلەکەم لە جێی گیر دەکەم. ئەوەبوو بوو بە قاڵە قاڵ و هەرا و هوریا، ئەبو موسا بە توڕەییەوە ڕۆیشتەوە دەرەوەو گەڕایەوە بۆ مەککە و ئیتر نەڕۆیشت بۆ کوفە بۆ لای عەلی، بـەڵام عەمری کوڕی عاص گەڕایەوە شام(١).

ئەم چیرۆکە ساختەیە و درۆیە، هۆکەشی ئەو ئەبو میخنەفەیـە کـە چـەندین جارە باسی دەکەین.

جا ئەم ڕیوایەتە گومانی تێدا نییە ساختەیە لەبەر سێ هۆ:

یەکەم: سەنەدەکەی زەعیفە، ئەبو میخنـەفی درۆزنـی تێدایـە. **دووەم:** خەلیفـەی موسوڵمانان، نە ئەبو موسای ئەشعەری و نە غەیرە ئەویش ناتوانن لایببـەن، چـونکە لابردنی خەلیفە لە لای ئەهلی سوننە هەروا بەم ساناییە نییە. ئاخر چـۆن دەکـرێ دوو پیاو ڕێککەون لەسەر لابردنی ئەمیری ئیمانداران؟ ئەمە قسەیەکی ڕاست نییە، بەڵکو

---

(١) « تَاريخ الطَّبَرِيّ » (٥١/٤)، وَ« الكامل فِي التَّارِيخ » (١٦٨/٣). وعَمْرو بْن العَاصِ: صحابي جليل هَاجَر طوعا لَا كرهَا فَلَمْ يَكُنْ فِي المُهَاجِرِينَ نفاق لعدم الحَاجَة إِلَيْهِ، وَإِنَّمَا كَانَ النِّفَاق فِي أَهْل المَدِينَةِ وَذَلِكَ أَن أشراف مَكَّة وَكُبَرَاءهَا كَانُوا كفارا وَكَانَ المؤمن يؤذى فأنى يتأتى النِّفَاق؟! وَقَدْ قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «ابْنا العَاصِ مؤمنان عَمْرٌو وَهِشَام» رَوَاه أَحْمَد (٣٠٤/٢).

ئەوەی لە (تەحکیم)دا ڕویدا ئەوەیە: هەردولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە عەلی لە کوفەدا بمێنێتەوە و خەلیفەی موسوڵمانانە و موعاویەش بمێنێتەوە وەکو ئەمیرێك بەسەر شامەوە، بەڵام شەڕ و کوشتار بوەستێت. سێیەم: ئەو ڕیوایەتە صەحیحەمان هەیە کە باسمان کرد.

چیرۆکە ڕاستەقینەکە بەو شێوەیەیە کە لە ئەهلی هەق و ڕاستیەوە ڕیوایەتیان کردووە:

کەوا عەمری کوڕی عاص لەگەڵ ئەبو موسا بەیەك گەیەشتن و پێی ووت: لەمەڕ ئەم مەسەلەیە چی دەڵێی؟ ئەبو موساش وتی: من دەڵێم ئەو لەو کەسانەیە کە پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ وەفاتی کرد و لێیان ڕازی بووە[(١)]، عەمری کوڕی عاص وتی: ئەی من و موعاویە دەخەیتە کوێ؟ ئەبو موسای ئەشعەری وتی: ئەگەر کۆمەکی لێخواستن، ئەوە ئێوە کۆمەکڕەسیتان تێدایە، ئەگەریش بەکارتان نەهێنێ و پێویستی پێتان نەبێ، ئەوە کاری خوا هەر بێپێویست بووە بە ئێو[(٢)]. ئیتر مەسەلەکە بەمە کۆتایی پێهات، بەم هەواڵەوە عەمری کوڕی عاص گەڕایەوە بۆ لای موعاویە و ئەبو موساش بۆ لای عەلی.

مەترسیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان

(١) مەبەستی عەلی کوڕی ئەبو تالبە رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ.

(٢) انظر تفصيل قصة التحكيم في كتاب «مرويات أبي مخنف» وقد عزاه إلى «التاريخ الكبير» (٥/ ٣٩٨). وانظر (تاريخ دمشق) (٤٦/ ١٧٥).

لە سەروبەندی ململانێکانی نێوان عـەلی و موعـاویـە و پـاش روودانـی جـەنگی صفین و مەسەلەی دادوەریی نێوانیان، دوو مەترسیی نوێ دەرکەوتن کـە بـە خێرایـی هەوڵ درا بەریان پێ بگیرێـت، مەترسـیەکی دەرەکـی لـە بـەرەی موعاویـەی کـوڕی ئەبووسوفیانەوە کە هێرشی رۆمەکان بوو، مەترسیەکی نـاوخۆییش لـە بـەرەی عـەلی کوڕی ئەبووتالیبەوە کە خەواریجەکان بوون.

هێرشی رۆمەکان:

لە سەروبەندی ناکۆکی و جەنگی نێوان هەردوولادا، پادشای رۆمەکان بە فرسـەتی زانی و سوپاکەی رێکخستەوەو هەوڵیدا هەنـدێ لـەو ناوچـانە بگێڕێتـەوە کـە پێشـتر سوپای ئیسلامی فەتحی کردبوون، خێرا موعاویە هەسـتی بـە مەترسـی بارودۆخەکـە کرد و نامەیەکی هەڕەشەئامێزی بۆ نووسی: (ئـەی نـەفرەت لێکـراو، سـوێند بـەخوا ئەگەر دەست هەڵنەگریت و نەگەڕێیتەوە بۆ نێو وڵاتی خۆت، لەگەڵ ئامۆزاکەمـدا لـە دژت رێکدەکەوم و لە هەموو ناوچـەکانی وڵاتەکـەت دەرت دەکـەم و سـەرزەویت لـێ بەرتەسك دەکەمەوە)، پادشای رۆم کە ئەمـەی پێگەیشـت، تـرس و بـیم دایگـرت و دەستی هەڵگرت و خێرا داوای ئاگربەستی کرد.

* جەنگی خەوارجەکان (جەنگی نەهرەوان) ساڵی ٣٨ ك:

عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ گەڕایەوە بۆ کوفە، ئەوەبوو خەوارج دەرچوون و (تـەحکیم) یـان پێ ڕەفز بوو و دەیانگووت: «لا حُکم إلا لله دادوەری تەنها بۆ خودایە»، ئیتر دەستیان کـرد بـە ئـاژاوەگێڕان و ئاشـووبنانەوە بەسـەر عەلییـەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، تەنانـەت لـەناو مزگەوتیشدا هەڵدەستان و دادەنیشتن دەیانگووت: لا حُکم إلا لله .. لا حکـم إلا لله،

بەڵام عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ وتی: ووتەیەکی ڕەوایە، بەڵام مەبەست پێی ناڕەوایە. دوای ئەوە هاوەڵی پایەبەرز عەبدوڵڵای کوڕی خەباب و خێزانەکەیان کوشت و سکیان هەڵدڕی - منداڵێکیش لە سکیدا بوو- لە مانگی خۆیدا بوو -لە مانگی نۆیەمیدا بوو-، کە هەواڵ گەیشتە عەلی نێردراوی نارد بۆلایان: کە بزانێ کێ کوشتنی؟ ئەوانیش وەڵامیان دایەوە و وتیان: هەموومان کوشتمان ! عەلیش رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ بە سوپایەکی دە هەزار نەفەریەوە بۆ کوشتاری خەوارج بەرەو نەهرەوان کەوتە ڕێ.

لەمەوە ڕوون بوویەوە بۆ بەرگرتن بەم مەترسییە نوێیە، عەلی کوڕی ئەبووتالب هەنگاوەکانی سێ قۆناغ بووە:

یەکەم: نەرمی نواندن: کە مزگەوتی لێ قەدەغە نەدەکردن و پشکی خۆیان پێدەدا و لەگەڵیان نەدەجەنگا مەگەر ئەوان دەستبکەن بە جەنگ.

دووەم: دانووستان و وتوێژ: بۆ ئەمەش کەسانی وەك عەبدوڵای کوڕی عەبباسی نارد هەتا قسەیان لەگەڵدا بکات، ئەویش پاش ئەوەی سەردانی کردن و وتوێژی لەگەڵ کردن، توانی قەناعەت بە زۆرینەیان بکات. وەك ئێستا باسی دێت.

سێیەم: جەنگی یەکلاکەرەوە:

لە عوبەیدوڵای کوڕی عیازی کوڕی عەمری قاریەوە دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی شەدداد هات بۆلای عائیشە و ئێمەش دانیشتبووین، لە عێڕاقەوە هاتبووەوە لەو شەوانەی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ تێدا شەهیدکرابوو، عائیشە وتی: ئەی عەبدوڵڵای کوڕی شەدداد، گەر پرسیارێکت لێبکەم بە ڕاستی وەڵامم ئەدەیتەوە؟ باسی ئەوانەم بۆبکەی کە عەلی کوشتنی؟ ئەویش وتی: جا بۆ درۆت لەگەڵ بکەم؟ وتی: دەی کەواتە باسی

بەسەرهاتی ئەوانەم بۆبکە. وتی: کاتێك عەلی لەگەڵ موعاویەدا نوسراوەکەیان نووسی و دوو داوەرەکەیان لە نێو خۆیاندا کرد بە دادوەر، هەشت هەزار لە قورئان خوێنەکانی نێو خەڵك خروجیان لێکردو ڕۆیشتنە ناوچەیەکی نزیك کوفە، پێی دەوترا (حروراء)، سەرزەنشتی عەلیان دەکرد و ئەیانووت: خۆت لە جلوبەرگ و ناوێك داماڵی کە خوا لەبەری کردبووی و لێی نابووی، پاشانیش ڕۆیشتووی پیاوت کردۆتە دادوەر لە دینی خوادا، لە کاتێکدا داوەری تەنها بۆ خوایە. ئەمە گەیشتە عەلی کەوا لەسەر چی سەرزەشتیان کردەووە و لێی جیا بوونەتەوە، فەرمانی کرد بە بانگکەرێك بانگ بکات: هەر کەس دێتە لای ئەمیری ئیمانداران با قورئانێکی پێ بێت، دوای ئەوەی ماڵەکەی پڕ بوو لە خەڵکی قورئان خوێن، داوای قورئانێکی کرد، بۆیان هێنا، لە بەردەستی خۆی دانینا و دەستی لە قورئانەکە دەدا و دەیووت: ئەی قورئانەکە ! قسە بکە بۆ خەڵکی! خەڵکی بانگیان کرد و وتیان: ئەی ئەمیری ئیمانداران داوای چی لێ دەکەی؟ ئەوە تەنها حوبرێکە لەسەر کاغەز ! ئێمە قسە دەکەین بەوەی لێوەی بۆمان گێڕدراوەتەوە ! چیت ئەوێ بڵێ؟

وتی: ئەوانەتان کە خروجیان لێکردم، با قورئانی خوا حەکەمی نێوان من و ئەوان بێ، خوای پایە بەرز لە قورئاندا لە بارەی ژن و پیاوێکەوە ئەفەرموێ: ﴿ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ بَيۡنِهِمَا فَٱبۡعَثُواْ حَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصۡلَٰحٗا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيۡنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرٗا ﴾ {النساء: ٣٥}. «خۆ ئەگەر ترسان لەوەی نێوان ژن و مێرد بشێوێت، ئەوا داوەرێك لە کەس و کاری پیاوەکە و داوەرێك لە کەس و کاری ژنەکە بنێرن بۆ ڕێکخستنیان، ئەگەر ڕێکخستنیان دەوێ ئەوا خوا ڕێکخستن دەخاتە نێوان ژن و

مێردەکەوە، بێ گومان خوا هەمیشە زانای ئاگادارە». ئـەی خـۆ ئومـەتی موحەمـەد عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ خوێنی مەزنتر و بە حورمەتترە لـە ژن و پیاوێـك، ڕەخنـەی ئـەوەم لێدەگرن لە نوسراوەکەی نێوان خۆم و موعاویەدا نوسیومە: (عـەلی کـوڕی ئـەبوتالب نووسی)، لە حودەیبییەدا خزمەتی پەیامبەری خوا بووین عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ، سـوهەیلی کوڕی عەمر هات بۆلامان، کاتێك صولحی لەگـەڵ قورەیشـدا کـرد، پەیامبـەری خـوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ نووسی: (بسم الله الرحمن الرحيم) سوهەیل وتی: مەنووسە (بسم الله الرحمن الرحيم)، ئەویش فەرمووی: ئەی چی بنوسین؟ وتی: بنووسـە: (باسمـك اللـهم)، پاشان پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمووی: بنووسە (محمـد رسـول الله). وتـی: ئەگەر بمزانیایە تۆ پەیامبەری خوای دوژمنایەتیم نە دەکردی. بۆیە نووسـی: «هـذا مـا صالح محمد بن عبدالله قريشا»، و«ئەمە ئەو نوسراوەیە کە موحەمەدی کوڕی عەبـدوڵلا لەگـەڵ قەڕەیشـدا صـولحی لەسـەر کـردووە»، خـودای پـەروەردگاریش لـە قورئانـدا دەفـەرموێ: ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴾ {الأحزاب: ٢١} «سـوێند بـەخوا لـە پێغەمـەری خـوادا چـاکترین نموونـەی سەرمەشـقی و چاولێکەری هەیە، بە تایبەت بۆ کەسێك هیوای ڕەزامەنـدی خـوا و سـەرفرازی ڕۆژی دوایی بێ و زۆر یادی خوا بکات».

دوایی عەلی هەستا عەبدوڵلای کـوڕی عەباسـی نـاردە لایـان، منـیش لەگـەڵی چووم، تاگەیشتینە ناوەڕاستی سـەربازگەکەیان: ئیبنولکـەواء هەسـتا ووتـارێکی داو وتی: ئەی قورئان خوێنەکان، ئەمە عەبدوڵلای کوڕی عەباسە، جا هەرکـەس نایناسـێ ئەوە من لەڕێگەی قورئانەوە پێی دەناسێنم بـا بیناسـێ، ئەمـە ئـەو کەسـەیە خـودا

لەبارەی خۆی و قەومەکەیەوە ئەم ئایەتەی دابەزاندۆتە خوارەوە: ﴿ وَقَالُوٓاْ ءَأَٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَۢاۚ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ ﴾ {الزخرف: ٥٨}. «و گوتیان ئایا پەرستراوەکانی ئێمە باشترن یان عیسا ، ئەوانە نمونەی عیسایان تەنها بۆ دەمبازی بۆ دەهێنایتەوە ئەوە نەبێ بە شوێن هەق و ڕاستیدا بگەڕێن، بەڵکو ئەوانە گەلێکی زۆر دەمەقاڵێ کەرن». بیگێڕنەوە دواوە، لەسەر حوکمی قورئان لەگەڵی مەکەن. بەڵام وتار بێژەکانیان هەستان و گوتیان: سوێند بەخوا لەسەر حوکمی قورئان لەگەڵی دادەبەزین، ئەگەر حەقێکی هێنابوو و بڕوامان پێ کرد، ئەوە شوێنی دەکەوین، خۆ ئەگەر ناحەقیەکی هێنابوو ئەوە ئەیدەینەوە نێو چاوانی.

تا سێ ڕۆژ عەبدوڵڵا قسەی لەگەڵ کردن، ئەوەبوو چوار هەزاریان پاشگەز بوونەوە وتەوبەیان کرد، لەگەڵ ئەم ئیبنولکەوائەش. دوایی هەموویانی بردەوە بۆ لای عەلی لە کوفە(١)، پاشان عەلی ناردیە دوای باقیەکەیان و وتی: خۆتان دەزانن لە نێوان ئێمە و خەڵکدا چی ڕوویدا، بۆیە لە هەر کوێیەك پێتان خۆشە لەوێ بن، هەتا ئومەتی موحەممەد عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ یەك دەگرێتەوە، بەڵام بە مەرجێك نابێت هیچ کەسێك بە ناهەق بکوژن و ڕێگە بە کەس بگرن و زوڵم لە هیچ زیمی (ذمي) یەك بکەن، ئەگەر ئەمانەتان جێ بەجێ کرد، ئەوا لەبەرانبەردا شەڕتان لەگەڵ ناکرێ، خودا خۆشی لەخیانەتکاران نایە.

عائیشە رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ وتی: ئەی کوڕی شەدداد: ئەی خۆ دوایش شەڕی لەگەڵ کردن، ئەویش وتی: دە بەخوا لەگەڵیان بە شەڕ نەهات هەتا ڕێگەیان بە خەڵك گرت و

---

(١) «مستدرك الحاكم» (١٥٠/٢).

خوێنی ناهەقیان ڕشت و خوێنی ئەهلی زیمەشیان حەڵاڵ کـرد، عائیشـە وتـی: توخـوا ئاوها بوو؟ وتی: بەڵێ بەو خوایەی کە تاك و تەنهایە ئاو هـابوو، عائیشـە وتـی: دەی من هیچم لە بارەی ئەهلی زیمەوە پێنەگەیشتووە، بەڵکو هەر دەیـانگوت: ذو الثـدی ذو الثدی؟ ئەویش وتی: ئەمن ئەوم بینی و لە نێو کوژراوەکانـدا بـوو لەگـەڵ عەلیـدا ڕۆشتمە سەری، عەلیش بانگی خەڵکی کـرد و وتـی: ئەمـە دەناسـن؟ زۆرێـك هـات دەیووت: لە مزگەوتی فلان خێڵ بینیم نوێژی دەکرد و لە مزگەوتی فـلان خێـڵ بینـیم نوێژی دەکرد.

کەسیان بەڵگەیەکی دی نەهێنا بۆ ناسینەوەی، تەنها وە نـەبێت. عائیشـە وتـی: باشە عەلی چی ووت کاتێك ڕۆیشتە سەری، وەك خەڵکی عیراق وا دەڵێن؟ وتی: گوێم لێ بوو دەیووت: خوا و پەیامبەرەکەی ڕاستیان فەرموو، عائیشـە وتـی: جگـە لـەوە هیچی دیکەت لێ نەبیست؟ وتی: خوا ئەزانێ نەء. عائیشـەش وتـی: بـەڵێ، خـوا و پەیامبەرەکەی ڕاستیان فەرموو، ڕەحمەتی خوا لـە عـەلی بـێ، هەرشـتێکی سـەیری ببینیایە دەیووت: خوا و پەیامبەرەکەی ڕاستیان فەرموو، ئەوەتا خەڵکی عیراق ئەڕۆن درۆ و دەلەسەی بەدەمەوە هەڵدەواسن و زیاد ئەخەنە سەر ئەوەی لێوەی دەبیسن[١].

ژمارەی خەوارجەکان هەزار کەس دەبوون، ئەوەبوو هەر هەموویانی کوشت، بـەڵام سوپاکەی عەلی تەنها چوار کەس، یان وەك لە هەندێ ڕیوایەتدا هاتووە حـەوتیان لـێ کوژراوە[٢]. لە نێوانیاندا (مُخَدَّج، ذا الثُدیـّة)ی تێدا بوو، وا عەلی بینی، پەیامبـەری

---

(١) أخرجه أحمد في(المسند) (رقم ٦٥٦) بتحقيق أحمد شاكر، و قال(اسناده صحيح).

(٢) «البداية و النهاية» (٢٩٨/٧).

خواش عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ هەواڵی دابوو، لە کاتێکدا کە موسڵمانان جیاوازیەك لە نێوانیاندایە، گروپێك دەردەچن، نزیکترین ئەو دوو کۆمەڵەیە لە هەقەوە کوشتاریان لەگەڵ دەکەن، لە فەرموودەیەکی تردا ئەفەرموێ: «ذو الثُديّة» یان تێدایە[1]، هەر بۆیە عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ لە نێو کوژراوەکاندا بەدوایدا گەڕا هەتا دۆزیەوە، کە دۆزیەوە سوجدەی شوکری بۆخوا برد[2]، چونکە زانی لەسەر هەقە. تەماشای عەلی بکەن رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ کاتێك کوشتاری عائیشە وتەڵحە و زوبەیر وئەوان دەکا پێی ناخۆشە ودەگری -وەك بینیت-، بەڵام کە کوشتاری خەوارج دەکا سوجدەی شوکر دەبا.

کوشتنی ئەمیری ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبوتالب رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ ساڵی ٤٠ ك

لە دوای جەنگی نەهرەوان کاتێك بارودۆخەکە هەندێك سەقامگیر بوو و کەش و هەواکە بۆ ماوەی دوو ساڵێك ئارامیەکی بەخۆیەوە بینی، سیان لە خەوارجەکان لە مەککە کۆبوونەوە و پەیمانیان دا کە ئەبێت عەلی کوڕی ئەبوتالب و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان و عەمری کوڕی عاص بکوژن. وتیان: خۆمان لە خودا نزیك ئەکەینەوە بە کوشتنی ئەم سیانە (ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵك قوتاریان بێ لە دەستیان ـ بە گومانی خۆیان-).

---

(١) «صحيح مسلم» (كتاب الزكاة، باب ذكر الخوارج) (١٤٨/١٠٦٤) وما بعده، وانظر: «صحيح البخاري» (كتاب المناقب، باب علامات النبوة) (٣٦١٠).

(٢) أخرجه أحمد في «المسند» (١٥٤/٢ رقم ٨٤٨) بتحقيق أحمد شاكر، وقال: «إسناده صحيح».

عەبدولڕەحمانی کوڕی مولجیمی ئەلمورادی وتی: مـن بـۆ علـی کـوڕی ئـەبوتالب، بەڕکی تەمیم وتی: من بۆ موعاویە، عەمری کوڕی بەکری تەمیمیش وتی: منیش بـۆ عەمری کوڕی عاص، لەسەر ئەوەش ڕێککـەوتن کـە لـە دوای حەڤـدەی ڕەمەزانـەوە دەستدەکەن بە جێ بەجێ کردنی. عەمر لە میسر بـوو، موعاویـەش لـە شـام بـوو و عەلی لە کوفە، ئیبن مولجیم دەستی خۆی وەشاند، کاتێك کە عەلی کـوڕی ئـەبوتالب دەرچوو بۆ نوێژی بەیانی، بە شمشێرێ کە هەفتەیەك ژەهری پێوەکردبوو لێیدا.

کاتێك کە لێیدرا وتی: ئەگـەر بـاش بوومـەوە، ئـەوە خـۆم ڕوبـەڕووی دەبمـەوە، ئەگەریش مردم بـە بەرانبـەر کوشـتنی مـن بیکوژنـەوە -قسـەی لەگـەڵ حەسـەن و حوسویندا دەکرد-. بۆیە ئیبن مولجیم وتی: نە بەخوا شتی وانابێ، ئەمن یـەك هەفتـە ژەهرم پێوەکردوە.

کە وەفاتی کرد، هاتن بۆ ئیبن مولجیم و هەردوو دەستیان بڕی و هـەردوو چـاویان دەرهێنا، بەڵام هەر خۆڕاگر بوو نارەحەتیی نەدەکرد، کاتێك کە ویستیان زمانی بـبڕن، ترسا، وتیان: ئێستا ئەتەوێ تەوبە بکەی!؟ ئەویش وتی: نا، دەترسم ماوەیـەك بـژیم و زیکری خوای تێدا نەکەم! بەڵام لەڕاستیدا ئەم بەسەرهاتە سەنەدەکەی صەحیح نییە.

لەوێشەوە (بەڕك) لە نوێژی بەیانیدا چـوو بـۆ موعاویـە و لێیـدا، پێکـای بـەڵام نەیکوشت، چارەسەریان کرد و باسی ئەوەش دەکرێ کە دواجار ئەمە بۆیێتـە هۆکـاری نەزۆکی موعاویە.

ئەوەشیان کە نیازی عەمری کوڕی عاصی هەبوو، دەرچوو بۆ نوێـژ، بـەڵام عـەمر توشی نەخۆشی سکچوون هاتبوو نەهات بۆ مزگەوت، ئـەمیش ڕۆیشـت ئیمامەکـەی

کوشت، وایزانی عەمری کوڕی عاصە، ئیمامەکەش خاریجەی کوڕی ئەبی حەبیب بوو، هات لەناو نوێژەکەدا پیایکێشا و کوشتی، خەڵکەکە گرتیان، وتیان: ئەوە چیت کـرد؟ وتی: ڕزگارتانم کرد لـە دەسـت عـەمری کـوڕی عـاص! وتیـان: عـەمرت نەکوشـت، خاریجەت کوشت. ئەویش گوتی: من عەمرم ویست و خواش خاریج، ئیتر ئەم و بـەرك و عەبدولڕەحمانی کوڕی مولجیمیش کوژران(١).

لەو ڕووداوانەی نێوان هاوەڵان هەق لەگەڵ کێدا بووە؟

پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لەربارەی «عـەممار»ەوە دەفـەرمووی: «کۆمەڵـە یاخی بووەکە دەیکوژن». لە بارەی «خەوارجەوە» دەفـەرمووی: «لـەکاتی جیاوازیـەکی نێوان موسڵمانانـدا، تاقمێـك دەردەچـن، نـزیکترین ئـەو دوو کۆمەڵەیـە لـە هەقـەوە کوشتاریان لەگەڵ دەکەن». جا ئەم دوو فەرموودەیە زۆر ڕاشکاون لەوەی کەوا هەق لـە عەلی یەوە نزیکترە. لە ڕیوایەتێکی تردا: «نزیکترینی ئەو دوو کۆمەڵەیە لـە هەقـەوە کوشتاریان دەکەن». هەردوو فەرموودەکە ئەوە دەستنیشان دەکەن کە عەلی نزیـك تـر بووە لە هەقەوە وەك لە بەرانبەرەکانی لە «جەمەل» و هەروەها لە «صفین»یشدا.

بەڵام ئایا هەموو هەقەکەی پێکا؟ وا دەردەکەوێت بەڵێ.

بەڵام هەندێك دەڵـێن: هـەموو هەقەکـەی نـەپێکاوە، چـونکە پەیامبـەری خـوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ دەفەرموێ: «نزیکتر لە هەق»، «لە پێشتر بۆ هەق)، نەك ئـەوەی بـە تەواوەتی لەسەر هـەق بـێ. ئەمـەش ڕەخنـە نییـە لـە عـەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُ، تـەنها بـۆ

---

(١) «الطبقات الكبرى» (٣/٣٥)، و«البداية والنهاية» (٧/٣٣٨).

ڕونکردنەوەی ئەوەیە کە ئەوانەی خۆگریان کرد لە فیتنەکەدا، ئەوانە بە تەواوی لەسەر هەق بوون، جا خۆگرتنەوە لە کوشتار بێوەی تر بوو بۆ عەلی، بۆیە عەلی کە تەڵحەی بینی بە کوژراوی پەشیمان بوویەوە و وتی: «خۆزگە بیستساڵ پێش ئێستە بمردایەم».

هەروەها کاتێك حەسەنی کوڕی عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ پاش جەنگی صفین هات و باسی ئەوەی بۆ عەلی کرد کە ڕویداوە، عەلی وتی: (سوێند بەخوا هەرگیز گومانم نەدەبرد کار بگاتە ئەوە)(١).

هەر هەموویان پەشیمان بوونەوە لە بەشداری کردن لەو جەنگانەدا.

پەیامبەری خوا عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ مەدح و سەنای حەسەن دەکات و ئەفەرموێ: (ئەم کوڕەم گەورەو بەڕێزە، بەڵکو خوا بەهۆی ئەمەوە ئاشتەوایی بخاتە نێوان دوو کۆمەڵی موسڵمانان)(٢).

دەبینین مەدح و سەنای دەکات لە بۆ ئاشتەوایی، بەڵام مەدح و سەنای عەلی ناکات لەبەر ئەوەی لەگەڵیان دەجەنگێت. مەدح و سەناکەی عەلیش بەهۆی کوشتاری ئەهلی (نەهرەوان)ـەوەیە، بێگومان بە تەواوی هەقی پێکا لە کوشتاری خەواریجدا، هەر بۆیە کەس بە کوشتنیان دڵتەنگ نەبوو، بەڵکو موسڵمانان دڵخۆش بوون بە کوشتنی ئەهلی نەهرەوان. تەنانەت (عەلی)کاتێك کوشتاری خەڵکی نەهرەوانی کرد سوجدەی شوکری بۆ خودا برد، بەڵام کاتێك کوشتاری ئەهلی (جەمەل)ی کرد گریا، وە کاتێك کوشتاری ئەهلی (صفین)ی کرد دڵتەنگ بوو.

---

(١) وانظر «مصنف ابن أبي شيبة» (باب ماجاء في صفّين).

(٢) «صحيح البخاري» (كتاب فضائل الصحابة، باب مناقب الحسن والحسين) حديث (٣٧٤٦).

بەیعەتدان بە حەسەنی کوڕی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ

دوای کوشتنی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ خەڵکی کوفە بەیعەتیان دا بە حەسەنی کوڕی عەلی. خەڵکیش لەسەر راوبۆچوونی خۆیان بەیعەتیان پێدا، نەوەك هیچ دەقێکی نەقڵیی لەبارەی خیلافەتیەوە هاتبێت، عەلی باوکیشی لە سەرەمەرگیدا دەیوت: من بەو بارەوە جێتان دێڵم کە پەیامبەری خوا عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ جێی هێشتن -واتە کەستان بۆ دیاری ناکەم-، جا ئەگەر خوا خێری بوێت بۆتان، لەسەر چاکترین کەستان کۆتان دەکاتەوە، وەك چۆن دوای پەیامبەر عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ لەسەر چاکترین کەستان کۆیکردنەوە. نزیکەی چل هەزار کەس بەیعەتیان دا بە حەسەن، ئەوانە پێشتر بەیعەتی مەرگیان دابوو بە عەلی باوکی، حەسەنیش مەرجی لەسەر خەڵکی دانا «بەو مەرجە بەیعەتتان پێ داوم کە لەگەڵ هەر کەسێ ئاشتی بکەن کە من ئاشتی لەگەڵ دەکەم و لەگەڵ هەر کەسێ بجەنگن کە من لەگەڵی دەجەنگم»، ئینجا رازی بوو بەیعەتی پێ بدرێت.

حەسەنی کوڕی عەلی صولح لەگەڵ موعاویەدا دەکات و موسوڵمانان کۆدەکاتەوە

پاش تەواو بوونی بەیعەتەکە لەژێر فشاری خەڵکی عێراق و سەربازانیدا، حەسەن سوپایەکی دوانزە هەزار کەسی بە سەرکردایەتی قەیسی کوڕی سەعد ڕەوانە کرد بۆ جەنگ دژ بە سوپای شام، چونکە تا ئەوکاتە شام نەهاتوونەتە ژێر گوێڕایەڵی عەلی کوڕی ئەبو تالبەوە. حەسەن حەزی لە جەنگ نەبوو، تەنانەت حەسەن بە دەرچونی

باوكیشـی بـۆ كوشـتاری خـەڵكی شـام ڕازی نـەبوو[١]. لـە نیشـانەكانی ئـارەزوی صوڵحكردنی ئەوەبوو، هەستا بە لابردنی قەیسی كوڕی سـەعدی كـوڕی عوبـادە لـە سـەركردایەتی و دانـانی عەبـدوڵڵای كـوڕی عـەبباس رضي الله عنهما وەكـو سـەركردە[٢]. موعاویەش لەولاوە بـە سـوپایەكەوە بـەرەو عێـراق پێشـڕەوی كـرد، بـەڵام دەنگـۆی كوژرانی سەعد، سوپای حەسەنی خستە شڵەژان و دووبەرەكیەوە[٣]، دەستكرا بە تـاڵان و بڕی، تەنانەت دەڵێن: خودی حەسەنیش لەلایەن كەسـێكی نـاو سـوپاكەی خۆیـەوە بریندار كراوە[٤]، بەڵام زۆریی سوپا و بـەهێزیی كەسـایەتی خـودی حەسـەن، وایكـرد سوپای شام هەست بە كەلێن و لاوازیەكانی نەكەن، بـەڵكو موعاویـەش حـەزی خـۆی نیشاندا بۆ ڕێككەوتن[٥]، بە چەشنێك لە زوهریەوە هاتووە دەڵێ[٦]: موعاویە نووسراو (سجل)ێكی نـارد بـۆ حەسـەن و كۆتاییەكەشـی مۆركردبـوو، چ مـەرجێكت دەوێـت بینووسە، ئەوە بۆ تۆیە.

عەمری كوڕی عاص وتی: نا لەگەڵێدا دەجەنگین، موعاویـە وتـی: «جـا زوهـری دەڵێ موعـاویە لە عەمر باشتر بـووە»: لەسـەر خۆبـە ئـەی ئـەبو عەبـدوڵڵا، تـۆ لـە كوشتاری ئەمانە نابیتەوە هەتا بە ژمارەی ئەمانە لە خەڵكی شـام نـەكوژرێت، ئـیتر

(١) «مصنف عبدالرزاق» (٥/٤٦٢).
(٢) «فتح الباري» (١٣/٦٧).
(٣) «البداية والنهاية» (٨/ ١٤).
(٤) «تاريخ الإسلام» (٤/ ٦).
(٥) «صحيح البخاري» الرقم ٢٥٧٧.
(٦) «المنتظم» (٥/ ١٨٣).

دوای ئەو هەموو کوشتارە خێر وخۆشی دونیا کوا؟ دە بە خوا ئە من هەرگیز ناچەنگم مەگەر ڕێگە چارەیەکم نەمێنێ و مەجبوربم.

لەحەسەنی بەسریەوە هاتووە دەڵێ: «کاتێك کە حەسەنی کوڕی عەلی بە سوپاکەوە چوو بۆ لای موعاویە، عەمری کوڕی عاص بە موعاویەی ووت: من سوپایەك دەبینم پشت هەڵناکات تا دوا دنکی نەبڕێتەوە». حەسەنی بەسری دەڵێ: «وە گوێم لە ئەبو بەکرە بوو دەیووت: لەو کاتەی کە پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ وتاری دەدا، حەسەن هات، پەیامبەر عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ فەرمووی: ئەم کوڕەم گەورە و بەڕێزە، بەڵکو خوا بیکاتە هۆی ئاشتەوای نێوان دوو کۆمەڵی موسڵمانان»[(١)].

پێشتریش نیەتی حەسەن بۆ صولح لەبەیعەتپێدانەکەی ڕەنگی دابووەوە، بەڵام لەگەڵ سەرەتاکانی ئەم ویستەی حەسەن و دەرکەوتنی ئاماژەکانیدا، ئاشووبگێڕانێك دەیانویست بەری پێبگرن، وەك چۆن لە سەردەمی باوکی و لە جەنگی جەمەلدا بەریان گرت بە ڕێککەوتنی نێوان عەلی و عائیشە، بەڵام ویستی خوای لەسەربوو نزاکەی پەیامبەری خوا عَلَيۡهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ بێتەدی کە حەسەن ببێتە هۆی ئاشتیی و ڕێککەوتنی نێوان دوو دەستەی گەورەی موسڵمانان.

جا چەند کەسایەتیەك کەوتە نێوان هەردوو سوپاوەو هەوڵی ڕێککەوتنەکەیان دەستپێکرد و ڕەزامەندیی هەردوو سوپایان بەدەستهێنا بۆ ڕێککەوتن[(٢)]، ئەم ساڵەش ناونرا بەساڵی کۆمەڵ (الجماعة). دواجار هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر چەند خاڵێك کە

---

(١) أخرجه البخاری، (کتاب فضائل الصحابة، باب مناقب الحسن و الحسین) حدیث (٢٧٤٦).

(٢) أخرجه البخاری (٢٥٧٧).

ڕاجیایی هەیە لەسەر وردەکاریی ڕێککەوتنەکە. دوای ئەم ڕێککەوتنە، خەڵکێك ڕازی نەبوون بەیعەت بدەن بە موعاویە، بۆیە حەسەن کەسە دیارەکانی خەڵکی عێراقی لە کۆشکی مەدائیندا کۆکردەوە و پێی وتن: ئێوە بەو بڕیارە بەیعەتتان پێ داوم کە لەگەڵ هەر کەسێك ئاشتی بکەن کە من ئاشتی لەگەڵ دەکەم و لەگەڵ هەرکەسیش بجەنگن کە من لەگەڵی دەجەنگم، وا منیش بەیعەتم داوە بە موعاویەو ئێوەش گوێڕایەڵی بن(١).

(١) «الإصابة في تمييز الصحابة» (٢/ ٧٣).

پێڕست

فیتنەی نێوان هاوەڵان.. ١
دەستپێك.. ٣
ڕێخۆشکارێك لەبەردەم فیتنەی نێوان هاوەڵاندا ٥
درۆکردن لەڕیوایەتەکان بەگشتی چەند هۆکارێکی هەیە:................ ٧
هەر ڕیوایەتێك تانەی تێدا بوو چی دەکەیت؟............................ ٨
دەستەواژەی ڕاویە درۆزنەکان لەشێواندنی مێژوودا ١٤
عوسمانی کوڕی عەففان لە چەند دێڕێکدا ١٦
ناو و نازناو و ڕەچەڵەکی:.. ١٦
فەزڵەکانی:... ١٧
عوسمان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ چۆن خیلافەتی گرتە دەست؟......................... ١٨
عوسمان شایستەترە بۆ خیلافەت.. ٢١
سەردەمی پێشەوا عوسمان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ...................................... ٢٢
دەستپێکردنی فیتنە و هۆکارەکانی ٢٣
هۆکاری یەکەم: عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء.................................. ٢٤
هۆکاری دووەم: خۆشگوزەرانی و هەرزانییەکەی سەردەمی عوسمان ٣١
هۆکاری سێ یەم: جیاوازی نێوانی سروشتی عوسمان و عومەر........... ٣١
چوارەم: پێقورسبوونی هەندێك خێڵ بە سەرکردایەتیکردنی قوڕەیش... ٣٢
ئەو ڕەخنانەی کە لە عوسمان گیرا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ:............................ ٣٣

یەکەمیان: خزمەکانی کردووە بە والی و دەسەڵاتدار.................. ٣٣
لێگرتنی دووەم: دوورخستنەوەی ئەبو زەڕ بۆ ڕەبزە................... ٤٢
لێگرتنی سێیەم: پێنجیەکی دەسکەوتی ئەفریقای داوەتە مەڕوان ٤٤
لێگرتنی چوارەم: سوتاندنی موصحەفەکان............................ ٤٥
لێگرتنی پێنجەم: داویەتی لە ئیبن مسعود و عەمماڕی کوڕی یاسر ٤٦
لێگرتنی شەشەم: زیادکردنی جێلەوەڕی قەدەغە ٤٦
لێگرتنی حەوتەم: نوێژی سەفەری کورت نەکردۆتەوە. ٤٧
لێگرتنی ٨ و ٩ و ١٠: نەڕۆیشت بۆ بەدر، لەئوحود ڕایکرد. ٤٩
لێگرتنی یازدەهەم: عبید الله بن عمری، بەرانبەر هورموزان نەکوشت ٥٠
لێگرتنی دوازدەهەم: زیاد کردنی بانگی دووەمی ڕۆژی جومعە. ٥٤
لێگرتنی سیازدەهەم: گێڕانەوەی حەکەم دوای نەفیکردنی لەلایەن. ٥٥
کوشتنی عوسمانی کوڕی عەففان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ.................................... ٥٧
کێ عوسمانی شەهید کرد؟.. ٦١
چۆن عوسمان رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ شەهید کرا بێ ئەوەی هاوەڵان بەرگری لێبکەن؟..... ٦٣
عەلی کوڕی ئەبوتالب رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ لە چەند دێڕێکدا........................ ٦٤
بەیعەتپێدانی عەلی رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ:.. ٦٧
پشکی هاوەڵان لە شەهیدبوونی عوسماندا:.............................. ٦٩
راجیایی و فیتنەی نێوان هاوەڵان لەخیلافەتی عەلیدا ٧٠
جەنگی جەمەل ساڵی ٣٦ ك:.. ٧٢
کوشتنی تەڵحە و زوبەیر:.. ٧٧

دوای شەڕەکە:.. ٧٨
بۆچی عەلی بکوژەکانی عوسمانی نەکوشت؟............................. ٧٩
جەنگی صیففین ساڵی ٣٧ ك:.. ٨٢
ئایا موعاویە شەڕی کورسی بوو؟...................................... ٨٢
هەق لەگەڵ کێدا بوو؟.. ٨٦
چیرۆکی داوەریکردن (تحکیم)... ٨٩
مەترسیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان....................................... ٩١
هێرشی رۆمەکان:.. ٩٢
کوشتنی ئەمیری ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبوتالب رضي الله عنه لە ٤٠ ك..... ٩٨
لەو ڕووداوانەی نێوان هاوەڵان هەق لەگەڵ کێدا بووە؟.................. ١٠٠
بەیعەتدان بە حەسەنی کوڕی عەلی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ..................... ١٠٢
حەسەن، صوڵح لەگەڵ موعاویەدا دەکا و موسوڵمانان کۆدەکاتەوە ...١٠٢
پێڕست... ١٠٦